# ئایدیای گەورە بۆ منداڵان

# ئایدیای گەورە بۆ منداڵان

## فێرکردنی فەلسەفە لەڕێی ئەدەبی منداڵانەوە

تۆماس وارتنبێرگ

وەرگێڕانی
کۆسار عەبدوڵڵا

## ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند

(زنجیرەی فەلسەفە بۆ نەوجەوانان: ژمارە ١)

نـــاوی کتـێـب: ئایدیای گەورە بۆ منداڵان
نـــاوی نووسەر: تۆماس وارتنبێرگ
نـــاوی وەرگێڕ: کۆسار عەبدوڵڵا
بـــابـــــەت: فەلسەفە
دیزاینی بــەرگ: ئیبراهیم ساڵح
دیزاینی تێکست: کۆسار عەبدوڵڵا
نـــۆرەی چـاپ: یەکەم ٢٠١٩ سلێمانی
چـــاپخـــانــە: ناوەندی ڕەهەند
تـــیـــــراژ: (٥٠٠) دانە
نــــــــرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (1833)ی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - نزیک بەریدەکە - بەرامبەرگەراجی ئارا
07709309121
**Ktebxanai Rahand**

# پێرستەکان


1. پێشەکیی وەرگێڕ 9
2. پێشەکیی نووسەر 11
3. **بەشی یەکەم: گوتنەوەی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان** 17
4. فەیلەسوفە خۆڕسکەکان 19
5. چۆن ببمە مامۆستای وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان؟ 27
6. وانەگوتنەوەی فێربوون-سەنتەر 36
7. گەمەی فەلسەفە 48
8. **بەشی دووەم: ئامادەکاریی بۆ وانەگوتنەوە** 61
9. پێشەکییەک لە وانەی فەلسەفە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان 63
10. ئامادەکردنی پلانی وانە 75
11. بەڕێوەبردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان 85

**12.بەشی سێیەم: چیرۆکەکان** 92
13. "ئەژدیها و زەبەلاحەکان": فێرکردنی فەلسەفەی ئەخلاق 93
14. "فیدریک": فێرکردنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی و سیاسی 105
15. "کتێبە گرنگەکە": فێرکردنی مێتافیزیک 115
16. "جادووە سەرنجڕاکێشەکەی ئۆز": فێرکردنی فەلسەفەی عەقڵ 127
17. "درەختە بەخشندەکە": فێرکردنی فەلسەفەی ژینگە 135
18. "مۆریسی ئاسکەکێوی": فێرکردنی ئیپیستمۆلۆژیا 147
19. "نەفلی کەروێشک": فێرکردنی فەلسەفەی زمان 165
20. "تابلۆکەی ئیمیلی": فێرکردنی جوانناسی 177
**21.بەشی چوارەم: جێبەجێکردنەکان** 189
22. چالاکییەکانی دوای گفتوگۆ فەلسەفییەکان 191
23. ئەنجام 197
24. پاشکۆ 201
25. سەرچاوەکان 207

**سەرچاوەی چاپی ئینگلیزی:**

Big ideas for little kids, Thomas E. Wartenberg, 2009, Rowman & Littlefield Education.

بۆ **جەیک**

ئەو منداڵەی بۆ یەکەمجار نیشانی دام کە منداڵان دەتوانن فەلسەفە فێربن،

هەروەها بۆ **گرەی ماسیۆ**، کە فێری کردم چی بکەم لەو فێربوونە

**نووسەر**

بۆ **هەڵۆ**

کوڕێک پڕ لە جوانیی و خەمخۆریی بۆ پەروەردە

**وەرگێڕ**

# پێشەکیی وەرگێڕ

## پەروەردە بەهێزترین چەکە کە دەتوانیت جیهانی پێ بگۆڕیت

-نیلسۆن ماندێلا-

پەروەردە لە کوردستان گرنگترین پرسە کە تا ئێستا پشتگوێ خراوە، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بەئامانج بێت یان بەبێ ئامانج ڕۆڵی هەبووە لە ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی پەروەردە، یاخود هیچ هەوڵێکی بەرنامەڕێژکراوی نەداوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کایە گرنگەی بنیاتنانی وڵات، بەداخەوە هەوڵێکی کەمیش دەبینین لەلایەن کەسانی ترەوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو بوارە، تەنانەت کەمترین کتێبمان هەیە کە کاری جدی بێت بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی پەروەردە.

لێرەدا ئێمە دەمانەوێت وەک ئەرکێکی سەرشانمان خزمەتێکی بچووکی ئەم بوارە بکەین، بە کارکردن لەسەر وەرگێڕانی کتێبێکی گرنگ کە ئەویش ناساندنی فەلسەفەیە بە منداڵان لەڕێی ئەدەبەوە، فەلسەفە کایەیەکی گرنگە بەڵکو بنەمایەکە بۆ هەموو بوارەکانی دیکە، کاتێک فەلسەفە لە مەعریفە دەکۆڵێتەوە و پرسیار دەخاتە سەر هەموو بنەماکان، دەتوانین بڵێین هەر مرۆڤێک ویستی لێکۆڵینەوە و تێڕامانی هەبێت لە هەر بوارێکدا، بێگومان دەبێت لەگەڵ فەلسەفەشدا پەیوەندی دروست بکات و ئاوڕ لە ٢٥٠٠ ساڵی مێژووی فەلسەفە بداتەوە و ڕابمێنێت لەو هەوڵە گرنگانەی کە لە پێشتردا لەسەر هەموو پرسەکان ئەنجام دراوە و ئاگای لە کاری ئەو فەیلەسوفانە هەبێت کە بەدرێژایی ژیانیان سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون.

بەداخەوە هەتا ئێستا فەلسەفە لە پەروەردەی ئێمەدا ئامادەیی نییە، کۆلێژی فەلسەفەی لێ دەربچێت لەگەڵ چەند کۆلێژێکی وەک زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، هیچ خوێندکارێکی وڵاتی ئێمە بەر فەلسەفە ناکەوێت نە لە قۆناغی سەرەتایی و نە لە زانکۆدا مەگەر خۆی هەوڵی بۆ دابێت.

لێرەوە با چیتر گلەیی لە کەس نەکەین و خۆمان هەوڵ بدەین کار لەو بوارەدا بکەین. من لێرەوە سوپاسی هەوڵەکانی مامۆستا **فایەق سەعید** دەکەم کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هەمیشە کار لەسەر پەروەردە دەکات و نووسین و توێژینەوە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی دەکات. سوپاسگوزاری ئەو هەوڵە بەنرخانەین کە ڕۆحیەتێکی بەخشیوە بە ئێمەش بۆ کارکردن و وەهای کردووە زیاتر هەست بە گرنگی ئەو بوارە بکەین. هەروەها بۆ مامۆستا **شێرزاد حەسەنیش** کە بەردەوام لە قسە و کارەکانیدا جەخت لە گرنگی پەروەردە دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئەم دۆستانە دەکەم کە یارمەتیان دام لە پێداچوونەوەی ئەم کارە (کاک ئاوات کەریم و مامۆستا هاوکار عبدالله و ڕامیار و محمد عوسمان و ژیار) هەروەها سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە خەمی مەعریفە و پەروەردە ڕۆحمانی پێکەوە بەستووەتەوە و هەمیشە هاندەر و نموونەی باشی من بوون و بەبێ ئەوان منیش خەمی ئەم کارانەم نەدەبوو.

17.3.2019

سلێمانی

# پێشەکیی نووسەر

ئەم کتێبە هەموو ئەو بابەتانەی تێدایە کە پێویستن بۆ گوتنەوەی پێشەکییەک بۆ فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان. بەرهەمی ئەزموونی خۆمە لە گفتوگۆکردنی پرسە فەلسەفییەکان لەگەڵ منداڵان لە پۆلی یەکەمەوە هەتا پۆلی پێنجەم. لە کاتێکدا ئەو بیرۆکەیەی کە منداڵان دەتوانن بەشداری گفتوگۆی فەلسەفە ببن لەوانەیە سەری زۆربەتان بسوڕمێنێ، بەڵام ئەم کتێبە تەواو عەقڵانیبوونی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەکرێت گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵ منداڵاندا بکەین و جەخت لە گرنگی ئەو گفتوگۆیەش دەکاتەوە.

ئامانجی من لە ناساندنی فەلسەفە بە منداڵان ئەوە بوو پاڵپشتی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان بکەم لە بردنی فەلسەفە بۆ پۆلەکانیان. لەبەرئەوە هیوام وایە ئەم کتێبە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، من دڵنیات دەکەمەوە لەوەی تۆ زانیارییەکی زۆرت لە فەلسەفەدا پێویست نییە بۆ ئەوەی ببیتە مامۆستای فەلسەفە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا. هەموو ئەوەی پێویستتە حەزێکە بۆ گەشەپێدانی سەربەخۆیی، داهێنان و توانای پرسیارکردن لە منداڵاندا، هەروەها ئارامگرتن و چێژوەرگرتن لێی! ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانەت هەبێت و حەزێکیش بۆ ئەوەی فەلسەفە بناسێنی بە قوتابییانی سەرەتایی، ئەوا شتێک دەدۆزیتەوە لەم کتێبەدا بۆ ئاسانکردنی ئەو کارە.

هەرچەندە لە ڕابردوودا بە کارکردن لەگەڵ مامۆستایان دەستم پێ کرد، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەم فەلسەفە بناسێنن بە پۆلەکانیان، بۆ ئەو کاتەش یەکەم کارم ئەوە بوو وانەیەکم لە زانکۆی ماونت

هۆلیـۆک[1] دەگـوتەوە بەو خوێنـدکارانەی فەلســەفەیان دەگـوتەوە بە قوتابخـانە سـەرەتاییەکان. سـەرکەوتوویی ئەو کـارەش پـێش هەمـوو کەسێک خۆمی سەرسام کرد. بۆ ئەوەی هانی پرۆفیسۆرەکانی تری فەلسەفە بدەم ئەم وانەیە بڵێنەوە، ئەم کتێبەم نووسی تا هەموو ئەو بابەتانە دابین بکەم کە پێویستیانە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بەهۆی ئەوەی بابەتەکەم زۆر نائاسایی بوو -من گومانم لەوە هەبوو کە هەر خوێنـدکارێکی دکتـۆرا کاتێـک تەواو دەبێـت هـیچ کۆرسـێکی بەم شـێوەیەی وەرگرتبێـت- لێـرەدا ویسـتم یـارمەتی ئەوانە بـدەم کە دەیانەوێ ئەو وانەیە بڵێنەوە.

دەخوازم ئەم کتێبە لە مامۆستاکانی قوتابخانە و خوێندکارانی زانکۆ خوێنەری زیاتر بێت و ئەو دایک و باوک و گەورانەش سوودی لێ ببینن کە هەستیان بەوە نەکردووە منداڵان فەیلەسوفێکی خۆڕسک و دانسقەن، ڕەنگە ئەوانیش ئەو جۆرە پەیوەندییە ببینن کە ئێمە لەم کتێـبەدا لەگەڵ منداڵانـدا باسـمان کـردووە و ئەمەش وەهـا بکـات پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ منـداڵەکانیان یـان منـداڵانی دیـکەدا قـوڵتر بـکەنەوە. هەرچەنـدە کتێـبەکە زیـاتر وەک کتێبێـک بـۆ پرۆگرامـی قوتابخـانە نوسـراوە بەڵام شـیاوە بـۆ هەرکەس بیەوێـت گفتوگـۆی فەلسەفی لەگەڵ منداڵاندا بکات.

پێشنیازی گوتنەوەی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بابەتێکی قســەهەڵگر و قــوڵی وروژانــد. لێــرەدا ئــێمە هەمــوو بابەتەکــانی فەلســەفەمان بـاس نەکـردووە جگە لەو بابەتـانەی دەمانەوێـت وەک هانـدانێک بـۆ گفتوگـۆ فەلســەفییەکان بەکاریــان بهێنــین. هەنــدێک گفتوگۆش بۆ ئەوەی خـوێنەر قایـل بکەیـن بە گونجـاویی گـوتنەوەی فەلســەفە لە قوتابخـانە سـەرەتاییەکاندا، دەخـوازم هەر کەسـێک ئەم

[1] - Mount Holyoke

کتێبە دەخوێنێتەوە سوودی گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵ منداڵان و ئەو نموونە کردەییانەی لە کتێبەکەدا هەیە ببینێت.

مەبەست لەم کتێبە ڕێنوێنی کردنە بۆ گوتنەوەی وانەی ناساندنی فەلسەفە بە منداڵانی سەرەتایی. لە چوار بەشی یەکەمدا، ڕوونم کردووەتەوە کە مەبەستم لە گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵ منداڵانی سەرەتاییدا چییە. هەروەها چۆن بەبێ ئەنجامدانی ڕاهێنانێک دەربارەی فەلسەفە مامۆستایان دەتوانن هاندەری گفتوگۆ فەلسەفییەکان بن لەگەڵ منداڵان.

لە تەواوی کتێبەکەدا، ئەو پێویستییانەم ڕوون کردووەتەوە کە بۆ گوتنەوەی ناساندنێک بۆ فەلسەفە پێویستن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان. من و قوتابییەکانم پەرەمان بەو ڕێگەیە داوە لە کاتی گوتنەوەی وانەکە لە قوتابخانەی جاکسۆن لە نۆرسهامپتن و قوتابخانەی ماساچوسێت لە هادلیِ و قوتابخانەی مارتن لوسەر کینگ لە سپرینگفیلد. بیرۆکەی ڕێنماییەکەمان ئەوە بوو لە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا فەلسەفە بناسێنین بە منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی بەو ڕێکارەی کە لە زانکۆدا بەکاردێت. ئەو بابەتانەی لێرە دەیبینیتەوە کە کراون بە کۆوانەیەک بۆ قوتابخانەی سەرەتایی هەمان ئەو بابەتانەیە کە لە کۆلێژ بەشێوازێکی تر دەخوێندرێت. ئامانجی ئێمە ئەوەیە پەرە بە تواناکانی خوێندکاران بدەین کە نەک تەنها ئەو لێهاتووییانە بناسن کە پێویستە بۆ فەلسەفە، بەڵکو ئاگایان لە فەلسەفە هەبێت وەک بابەتێکی پڕ لە پرسیار.

ڕێگەکەی ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەکارهێنانی کتێبی وێنەدار بوو بۆ هاندانی گفتوگۆکان لەگەڵ منداڵان. ئەم ناساندنەمان بۆ فەلسەفە پێکهاتووە لە هەشت کتێبی منداڵانەی جیاواز بۆ هەشت بەشی گرنگی فەلسەفە، لە فەلسەفەی ئەخلاقەوە بۆ جوانناسی، لە میتافیزیکەوە بۆ ئیبستمۆلۆژیا.

ئەم کتێبە هەوڵی داوە ببێتە خاڵی بازدان بۆ ئەو کەسانەی حەزیان بە ئاشناکردنی منداڵانە بە فەلسەفە -دانانی خاڵێک کە هاویەک بێت لەگەڵ بیرۆکەکانی ئێرە- و ئەو پرسیارە فەلسەفییانەی منداڵان بووەتە مەتەڵ لایان. ئەگەر تووشی دەردی باسکردنی فەلسەفە بوویت لەگەڵ منداڵان دەتوانیت ماددەی زیاتریش بدۆزیتەوە لە پێگەکەمان teachingchildrenphilosophy.org هەروەها وردەکاری زیاتریش دەربارەی ئەو وانانەی بە خوێندکارانی زانکۆی دەڵێمەوە.

∞

دەمەوێت سوپاسی زۆر کەس بکەم کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەوەی ئەم کارە سەرکەوتوو بێت. **گوین ئاگنا**، بەڕێوبەری قوتابخانەی جاکسۆن، کە تێڕوانینێکی دروستی هەبوو بەرانبەر ئەنجامدانی چالاکیی فەلسەفیی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا. **ماری کۆهێی** کە لە نزیکەوە کاری لەگەڵدا کردم و دەرگای پۆلەکەی خۆی بۆ کردمەوە کە پۆلی دووەم بوو. **کیمبەرلی گرۆڵد** و **سوزان فینک** کە یارمەتیان دام لە قوتابخانەکەدا. **لان کاتز** لە قوتابخانەی مارتن لوسەر کینگ کە هەلی ڕەخساند بۆ ئەوەی گەشە بدەم بە کارکردن لەسەر سیستەمێکی دروستتر بۆ وانەی فەلسەفە لە قوتابخانەی سەرەتایی، هەروەها قوتابی پێشتری خۆم **سولەیها شوارتز** کە بووە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە و کارێکی گەورەی کرد بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە.

هەروەها کۆمەڵێک کەسیش لە کۆلێژی **ماونت هۆلیۆک** یارمەتیان دام بۆ ئەوەی کۆمەڵێک قوتابی پێبگەیەنین کە فەلسەفە بڵێنەوە بە قوتابخانەی سەرەتایی. **دۆن ئۆشای** ڕاگری بەشەکەم کە زۆر پشتگیری کردم . **ئالان بلومگاردن** ڕاگری نوێی بەشی خوێندنی بنەڕەتی کە زۆر دڵخۆشبوو بەو هەوڵە و پشتیوانیەکی گەورەشی کردم. بەبێ پشتیوانی ئەو و قوتابییەکانم لە وانەکەدا -**هایدی وینتێربیون، پاوڵا کارپێنتەر، کلۆی مارتین، کێلی ئەلبرێخت، ڕێیزا**

**ئەلێکساندەر و ئارێل سکای**- ئەم کتێبە هەرگیز نەدەنووسرا و تەواوی ئەو پڕۆگرامەش کە دامان ناوە بوونی نەدەبوو. من زۆریان لێوە فێربووم کاتێک فێرم دەکردن. هەرچەندە من بەو کۆمەڵە پرسیارەدا چوومەوە کە لە کتێبەکەدا هەیە، بەڵام هەندێک لەو پرسیارانە هی خوێندکارەکانمە کە لە پێگەکە دایان نابوو، هەروەها هەموو ئەو کەسانەی تر کە یارمەتیدەر بوون: **کریستینا بلایەر، نیکۆڵ گامباڵڤۆ، لیندسی کوراهارا، میلیسا ساڵتمان، جێلینا سپاسۆجێڤیک، ئارێل سایکس و کەیت ڤیگۆر.**

کۆمەڵێک قوتابیش لە کۆلێژ کە دەستنووسەکەیان خوێندەوە و پێشنیازی باشیان بۆ کردم. سوپاسی هەموویان دەکەم –**ویندی بێرگ، جیمی جۆنسن، گرەی ماسیۆ و جۆی مۆر. ریچار برانسویک** شایستەی سوپاسە بەهۆی دۆزینەوەی ناوێک بۆ ناونیشانی کتێبەکە.

دەزگای **سکوایەر فامیلی** و بەڕێوبەرەکەی **ڕۆبێرتا ئیسرائیلۆف** کە پشتیوانی کردم بۆ ئەو ماددانەی سەرچاوەی ئەم کتیبەن، من سوپاسیان دەکەم کە هەستیان بە گرنگی ناساندنی فەلسەفە کردبوو بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان و پشتیوانی هەوڵەکانیان کردم بۆ ئەو بابەتە. ئەو هەستەی ئەوان هاندەری من بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆژەیە.

هەروەها ئەو دوو کەسەی ئەم کتیبەیان پێشکەش کراوە شایستەی سوپاسی زۆرن. کوڕەکەم، **جەیک** کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هەستکردنی من بەو توانا و بیرکردنەوە فەلسەفییەی منداڵان هەیانە. هەرچەندە ئێستا **جەیک** گەنجە بەڵام هەمیشە پشتیوانی گوتنەوەی فەلسەفەیە بە منداڵان. لە ڕاستیدا ئەو چەندەها کاتژمێری بەخشیوە بە کارکردن لەسەر پێگە ئەلکترۆنییەکەمان، بەهۆی ئەو باوەڕەی کە هەیەتی سەبارەت بە گرنگی فەلسەفە بۆ منداڵان. من قەرزاری ئەو هەموو دڵسۆزییەی ئەوم نەک هەر بۆ پشتیوانییەکانی، بەڵکو بۆ پڕکردنی ژیانی من لەو هەموو پرسیارە فەلسەفیانە.

**گرەی ماسیۆ** هەمیشە بەخشندە بوو هەم بە کاتەکانی و هەم بە تواناکانی لە پشتیوانیکردنی ئەم هەوڵەدا. بەشدارییەکانی ئەو بەڕاستی ڕۆڵی هەبوو لە دروستبوونی ئەم کتێبەدا. بەبێ ڕێگەکەی ئەو -وەک لێکۆڵەرێکی فەلسەفە و پەروەردەکاری منداڵان- من ئەو سەرکێشییەم نەدەکرد بچەمە ناو بابەتی فەلسەفە بۆ منداڵانەوە. ئەویش ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە بەخشینی ئەو بابەتانە بە ژیانی من، بەڕاستی سوپاسگوزاریم.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت سوپاسی خێزانەکەم بکەم، **وێندی بێرگ** بۆ پشتیوانی و تێگەیشتنی. بەبێ هەوڵەکانی ئەو لەگەڵ قوتابخانەی جاکسۆن ستریت ئەم گەشتەم دەست پێ نەدەکرد کە بووە هۆی نووسینی ئەم کتێبە. سوپاسی دەکەم کە ڕایکێشام بۆ ڕێگایەک کە هەرگیز بەبێ هاندانی ئەو نەمدەوێرا بچم.

# I

# گوتنەوەی فەلسەفە

# لە

# قوتابخانە سەرەتاییەکان

# بەشی یەکەم

## فەیلەسوفە خۆڕسکەکان

ئێوارەیەک کوڕە پێنج ساڵەکەمم دەخستە ناو جێگەکەیەوە، ئاوڕی دایەوە و پرسیاری لێ کردم "بابە یەکەم مرۆڤ چۆن هاتە ئێرە؟" واقم وڕما بەم پرسیارە و پێم گوت: **جەیک**، لای تۆ چی بووەتە مەتەڵ؟ " وتی: باشە تۆ و دایکم دایک و باوکمن ئۆما و ئۆپاش [ناوی نەنک و باپیری لای منداڵەکە] دایک و باوکی تۆن و ئەوانیش دایک و باوکیان هەبووە، ئەی یەکەم مرۆڤ چۆن بووە؟ چۆن هاتووەتە ئێرە؟" دیسانەوە واقم وڕما بە حەزی ئەو بۆ ئەم کێشە فەلسەفیانە و دەستم کرد بە باسکردنی ئەو تیۆرییە فەلسەفیانەی لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا خراونەتە ڕوو بۆ ئەوەی وەڵامێکی بدەمێ. بە تێپەڕبوونی کات تەواو بووین لەو باسە، ئەگەر قایل نەبووبێ بەو وەڵامانەش بەلایەنی کەمەوە ئامادەیە پرسیارەکان هەڵگرێ بۆ کاتێکی تر و بچێ بخەوێت.

بۆ هەر کەس کە ئاشنا بێت بە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، ئەوە ئاشکرایە کوڕەکەم سەرسام بووە بەو پرسانەی کە بۆتە مەراق لای فەیلەسوفەکان بۆ ماوەی ٢٥٠٠ ساڵ: چۆن مرۆڤ سەری هەڵدا؟ **جەیک** توانی لەوە تێ بگات کە من و دایکی هۆکاری هاتنەدنیای ئەوین، ئێمەش دایک و باوکمان هەیە و باوکودایکیشمان هەروەها و ئیتر بەو جۆرە. بەڵام هەندێک جار ڕووبەڕووی کێشەی دیار و بێچارەسەر دەبیتەوە: یان زنجیرەکە بەرەو ناکۆتا دەڕوات. بەڵام ئەمە چۆن دەبێت بەتایبەت بۆ ئەم بابەتە وەک ئەوە وایە بڵێین ناکۆتا مرۆڤمان هەیە لەپێش خۆمانەوە؟ یان خالێکی سەرەتامان هەیە کە

دوو مرۆڤ دایک و باوکیان نەبووە و بوونەتە بنەچەی مرۆڤایەتی، بەڵام ئایا ئەمانیش لەکوێوە هاتن؟ بە چ ڕێگایەک هاتنە بوون؟

بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەو خاڵەیە کە زۆرێک دەیکەنە ئاماژەیەک بۆ خودا، و هۆکارێک بۆ بوونی وجودێکی باڵا لەبەرئەوەی توانای دروستکردنی شتەکانی تری هەیە لە نەبوونەوە، لەناویشیاندا مرۆڤ. بەڵام کوڕەکەم تێڕوانینێکی زانستی هەبوو بەرانبەر ئەم جیهانە، دەمزانی نکوڵی لە هێنانە ناوەوەی خودا دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی بنەچەی سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤ. گفتوگۆکردنی تیۆریای پەرەسەندن لەگەڵی و باسکردنی ئەوەی کە مرۆڤ بە بازدانیک لەناو مەیمونەکانەوە سەری هەڵداوە کەمێک لە ڕاماندا هێشتییەوە. هەرچەندە لە کۆتاییدا دیسان نیگەرانییەکەی بە جۆرێکی تر خستە ڕوو، ئەی چۆن ئەم هەموو بوونەوەرە هاتوونەتە بوون لە گەردوونێکی نازیندووەوە. پرسیارەکانی **جەیک** نیشانی دام ئەویش دەردی فەلسەفە لێیداوە، ئەمەش تووشی سەرسووڕمانی کردم. لێرەدا چەند هۆکاریکی جیاواز هەبوو بۆ ئەم سەرسامییە. بەڕاستی جارێ سەرسام بووم بەوەی **جەیک** کەوتۆتە ناو ئەم مەتەڵە فەلسەفیانە بەبێ ئەوەی من هانی بدەم. وەک مامۆستایەکیش لە زانکۆ بەردەوام ڕاهاتبووم لەسەر ململانێکردن لەگەڵ قوتابییەکان بۆ ئەوەی سوودی ئەو مەتەڵە مێتافیزیکیانە[2] بزانن. ئایا دەگونجێ **جەیکی** پێنج ساڵ بەڕاستی لە قوتابییەکانی زانکۆ بیرکردنەوەیەکی ژیرانەتری هەبێت لە بابەتە فەلسەفییەکاندا؟ من زۆر ئاواتم بوو کە یەکێکیان وەک ئەو باش بێت.

---

[2]- مێتافیزیک: وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بڕگە پێکدێت؛ بڕگەی مێتا(سەروو، ئەودیو) و بڕگەی فیزیک (سروشت)، کە بریتییە لەو بەشەی فەلسەفە کە لە بنەمای یەکەمیی شتەکان دەکۆڵێتەوە، وەک هەبووەکان، کات، شوناس و شوێن...

هەروەها سەرسام بووم بەو سووربوونەی **جەیک** لەسەر ئەوەی ئەم بابەتەی لەلا کێشە بوو. دوای گفتوگۆکەی شەومان، ئەو نەک نەیهێشت بابەتەکە دابخرێتەوە، بەڵکو دەستی کرد بە پرسیاری زیاتر لەسەر درووستبوونی مرۆڤ و چەند بابەتێکی تری پەیوەندیدار بەو باسەوە وەک ناکۆتایی کات و شوێن. جارێکی تر من سەرم سوڕمایەوە بەوەی منداڵێکی پێنج ساڵە بگاتە ئەوەی بزانێت کۆمەڵێک کێشەی میتافیزیکی ناکۆتای پەیوەندیدار بەیەکەوە هەیە. پرسیم لە خۆم، ئەوە چۆن دەبێت منداڵێکی وەک **جەیک** فەیلەسوف بێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لەسەر ئەوە بوەستین کە فەلسەفە خۆی چییە. لە سەرەتاترین واتادا فەلسەفە هەوڵ دەدات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەتاییەکان دەربارەی ژیانی ئێمە و ئەو جیهانەی کە ئێمەی تێدایین. ئەوەی **جەیکی** بێزار کردبوو ئەو پرسیارە فەلسەفییە بوو کە چۆن مرۆڤ بازی دایە ناو ئەم ژیانەوە. هەرچەندە ئێستا دۆزینەوەی زانستیی هەیە کە پەیوەندیدارە بەم بابەتەی ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە فەیلەسوفەکانن ئەگەر وەڵامی تەواویشمان نەدەنێ، یارمەتیمان دەدەن بۆ بیرکردنەوەی بێلایەنانە لەم بابەتە. لە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتەدا فەیلەسوفەکان لە گەلێک کێشەی جیاواز سەریان سوڕماوە کە ئێستا کوڕەکەی منیشی بێزار کردووە کاتێک هەوڵی داوە بۆ بیرکردنەوە لەو جیهانەی کە ئێستا خۆی تێدا دۆزیوەتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەیلەسوفەکان مرۆڤێک بوون عەقڵیان ئەوەندە بە گەورە نەزانیوە و تێگەیشتوون لەوەی ئەم جیهانە پڕ مەتەڵە وەڵامی زۆری دەوێ. بەڵام زۆرینەی خەڵکی دوای بابەتێک دەکەون بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکرێن وەک ئەوەی لە نامەکەی پۆڵدا دەردەکەوێ بۆ کۆرنسیانز:

کاتێک منداڵ بووم، وەک منداڵ دەدوام و وەک منداڵ تێدەگەیشتم:
بەڵام کاتێک گەورە بووم، شتەکانی منداڵیم دانا[3]."

فەیلەسوفەکان هەرچەندە خۆیان دەپارێزن لە پرسیاری هەرزەکارانە لەبارەی جیهانەوە، ئەوان دەیانەوێت شتەکان مانای هەبێت بۆیان، و ئەوە ڕەتدەکەنەوە دەست لەو بابەتانە هەڵگرن و بەئاسانی تێپەڕبن بەسەریا.

ئەو وێنایەی کە فەیلەسوف وەک منداڵێکی گەورە هەڵسوکەوت دەکات، نامۆیە بەو وێنە ڕێزلێگیراوەیان کە وەک پیاوانێکی ڕیشسپی و پێگەیشتوو دەخرێنە بەرچاو، هەر وەک لە تابلۆ بەناوبانگەکەی **ڕافایڵدا** دەیبینین بە ناوی "قوتابخانەی ئەسینا". لە ئەفلاتون بەولاوە، لەنێو فەیلەسوفان و بێگومان زۆرینەی خەڵکیش بڕوایەک هەبووە کە فەلسەفە دەبێت هەموو تەمەنتی بۆ تەرخان بکەیت. ئایدیاکە ئەوەیە فەیلەسوفان کەرەستەیان پێویستە بۆ ئەوەی بیربکەنەوە، ئەمەش تەنها بە تەمەنێکی زۆر بەدەست دێت. خاڵی دڵخۆشکەریش ئەوەیە بە تێپەڕبوونی تەمەنێکی زۆر و هاتنی تەمەنی پیری، حیکمەت دەبێتە تایبەتمەندیی فەیلەسوف.

ئەم کتێبە دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە فەلسەفە تەنها کاری بەتەمەنەکان یان قوتابییانی کۆلێژ بێت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە کاریگەری خراپی کردووەتە سەر ژیانی مرۆڤ و ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین. وەک **جەیک** نیشانی دەدا فەلسەفە بە خۆکارانە و سروشتیی دێتە ژیانی منداڵانەوە و دەبێت وەک بابەتێک سەیر بکرێت کە ئەوانیش دەکرێ ببێتە کێشە لایان و بەشوێنیدا بچن، ئێمەش پێویستە ئەم ئارەزووە گەورە بکەین نەک دەریکێشینە دەرەوە.

---

[3] - (1 Cor. 13:11; cited in Barclay 2002)

ئەم بڕوایە وای کرد هەوڵ بدەم بۆ هاندانی خوێندنی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان. ئەگەرچی تا ئێستا وەها لە قوتابخانە دەڕوانرێت کە شوێنی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە و ژمارەکان و بابەتە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان بێت، جەخت خستنە سەر ئەم جۆرەش لە پەروەردەی منداڵ دەکرێت دەرئەنجامی خراپی بەدواوە بێت. ساڵەکانی سەرەتای قوتابخانە ئەو ساڵانەیە کە منداڵ بۆ یەکەمجار بەرکەوتەی لەگەڵ فێربوونێکی ڕێکخراودا دەبێت، هەڵسوکەوتەکانی بەرانبەر زانین و پەروەردە لەم قۆناغەدا دروست دەبێت و دواتر بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەمێنێتەوە. شکستهێنان لە ناساندنی منداڵی سەرەتایی بەو خۆشیانەی لە فێربووندا هەیە، نادادپەروەرییەکی گەورەیە کە زیانیان پێ دەگەیەنێت بەدرێژایی ژیانیان.

منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت حەزێکی سروشتی بۆ زانین تێدایە، لەبەرئەوە گرنگە ئەو بنەما و چالاکییە پەروەردە بکرێت. کارێکی زۆر قورس نییە قوتابخانەکان گەشە بەو ڕۆحییەتی پرسیارکردنە بدەن، ئەم ڕۆحییەتە خۆی لە کاتی خوێندنی ئاسایدا گەشە دەکات بەهۆی لێکۆڵینەوە و ڕێنمایی کردنەوە. بۆ ئەوەی منداڵان چاویان لە دەرەوەی قوتابخانە نەبێت، پێویستە ئەوەیان نیشان بدەین قوتابخانە یارمەتیان دەدات لە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بیرکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کاتێک گەورە دەبن بە شێوەیەکی سروشتی بەرکەوتەیان لەگەڵی دەبێت.

تەنها منداڵان سوودمەند نابن لە ناساندنی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، بەڵکو کۆمەڵگە بەرهەمەکەی دەچنێتەوە. بەرهەمەکەی زیادبوونی تاکی ڕەخنەگر و گومانکەرە کە فێربوون بەئاسانی باوەڕ بە دەسەڵاتداران نەکەن بەهۆی پێگەکەیانەوە، بەڵکو بەدوای بەڵگە و هۆکاردا بگەڕێن. کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی باجی خراپ دەدەن کاتێک

ڕێگە بدەن نەوەکانیان بەو عەقڵییەت و وەڵامە پەروەردە بکەن کە تەلەفیزۆن دەیانداتێ.

لە گفتوگۆ بەناوبانگەکەی ئەفلاتووندا "کۆمار"، بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدات دادپەروەری دروست نابێت تا فەیلەسوفەکان نەبنە فەرمانڕەوا. منیش لێرەدا لافێکی هاوشێوە لێدەدەم بەوەی: پەروەردە زیندوو نابێتەوە وەک پەروەردەیەکی نموونەیی تا خوێندکارەکانمان نەکەینە فەیلەسوف. وەک تێڕوانینەکەی ئەفلاتوون کە بەندە لەسەر بوونی کەسانێک کە پارێزەری ڕاستیی بن، بۆیە کۆمەڵگە دیموکراتییەکەی ئێمەش پێویستی بە هاونیشتیمانیانی سەربەخۆ و ڕەخنەگر هەیە کە تەنها پەروەردەیەکی فەلسەفیانە دەتوانێت ئەوە بەرهەم بهێنێت.

دەزانم ئەمە دەکرێت باوەڕ بەمە نەکەیت. بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە پێوەرەکان جێگیرن، و مامۆستاکان زۆریان لێ دەکرێت، ئەوە بڵێنەوە کە لە تاقیکردنەوەکان هەیە نەک ئەو بابەتانەی پۆلەکان پڕ دەکەن لە چێژ و خۆشویستنی فێربوون، ئایا بەڕاستی دەگونجێت فەلسەفە ببرێتە نێو قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە؟ چی دەبێت گەر داوا لە مامۆستا ئەرکگرانەکانمان بکەین فەلسەفە بخەنە ناو ئەو بەرنامە زۆرەی خوێندنەوە و بابەتە کۆنەکانی وەک بیرکاری و زمان، بە فرەکەلتوری و بابەتی گرنگی تر پاڵپشتی بکرێت؟

هۆکاری ئەم ترسانە فەلسەفە خۆی نییە، و هەروەها ئەوەش نییە بابەتێکی تر زیاد بکرێت بۆ خشتەی وانەکان و بچێتە پاڵ زانست و بیرکاری و زمان و هونەر. بەڵکو بەپێچەوانەوە فەلسەفە بۆ قۆناغی سەرەتایی ئەوەیە ڕێکارێکی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ گوتنەوەی ئەو وانانەی ئێستا خۆیان لە خشتەی وانەکاندا بوونیان هەیە، بەتایبەت وانەی زمان. من خۆم چەند کتێبێکم[4] هەر لەو بابەتانەی ناو وانەکانی

---

[4]- وەک : Lobel's *Frog and Toad Together* (1999) and Shel Arnold Silverstein's *The Giving Tree* (*1964*)

قوتابخانە بەکار دەهێنا بۆ دروستکردنی گفتوگۆی فەلسەفیی لەناو خوێندکاراندا. مامۆستاکان پێویست ناکات لەوە بپرسن فەلسەفە بخرێتە کوێی ئەو خشتە قەرەباڵغەی بۆ وانەکان هەیە، بەڵکو هەموو ئەوەی لەسەریانە تەنها دووبارە دارشتنەوەی هونەر و زمانی گوتنەوەی وانەکانیانە.

بەکارهێنانی کتێبی منداڵانە تەنها ڕێگە نییە بۆ هاندانی گفتوگۆی فەلسەفی و پاراوبوونی زمان و بیرکردنەوە و پاڵپشتیکردنیان لە تێگەیشتن لەو بابەتە گرنگانە، بەڵکو باسکردن و گفتوگۆکردنی بابەتەکانی وەک سروشتی ئازایەتی (کە لە چیرۆکی پێکەوەبوونی **بۆق و تۆد**[5] ، هەروەها ڕەفتاری داگیرکەرانە بەرانبەر زیندەوەرانی تر لە چیرۆکی (درەختە بەخشندەکە) باسکراوە، ئەم بابەتانە یارمەتی خوێندکاران دەدات بەئاسانتر تێبگەن لە بابەتەکانی تریش. هەروەها لە گفتوگۆی پرسیارە فەلسەفییەکاندا خوێندکاران توانایان لە زمان و زۆربەی بابەتەکانی تردا گەشە دەکات. -هەروەها فێر دەبن بیرۆکەکانیان بەڕوونی و بەباشیی دابڕێژن و بتوانن بەڵگەی بۆ بدۆزنەوە بەشێوەیەکی دروست و فێردەبن چۆن بەڵگە بدۆزنەوە بۆ ئەو بابەتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، نەک بەئاسانی خۆیان ڕادەستی شتێکی تر بکەن، جا کتێب بێت یان کەسایەتییەک - منداڵێکی نۆ ساڵەی پەروەردەکراو بە فەلسەفە ئاستی ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی زۆر باشترە لە زۆربەی ئەو خەڵکەی تر کە وەها دەزانین باشترن. مەبەست لەم کتێبەش ئەوەیە ببێتە ڕێنوێنییەک بۆ ئەوەی بتوانین فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بڵێینەوە بە منداڵان. دوای گفتوگۆکردنی ئەو ڕێگا تایبەتانەی بەکارم هێناوە، بەنیازم چەند کتێبێکی وێنەیی و کتێبێکی تریش ئامادە بکەم

---

[5] Toad- : جۆرێکی بۆقە قەبارەی گەورەترە لە بۆقی ئاسایی و زیاتر لە بیاباندا دەژی.

کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ گوتنەوەی وانەی ناساندنی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

من دەزانم ئێستا تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە چۆن فەلسەفە بگوترێتەوە بە منداڵانی قوتابخانە؟ دەڵێیت ئێمە لە کۆلێژیش فەلسەفەمان نەخوێندووە و نازانین لە کوێوە دەست پێ بکەین، نازانین فەیلەسوفەکان لە چی دەدوێن و من هەرگیز ناتوانم فەلسەفە بڵێمەوە و ئەمە تەنها لەوانەیە بیرۆکەیەکی نایاب بێت!

ڕێگە بدە دووبارە دڵنیات بکەمەوە کە پێویست ناکات فەلسەفە بزانی بۆ ئەوەی بیڵێیتەوە، دەزانم ئەوە ڕاستە گوتنەوەی فەلسەفە کارێکی زۆر قورسە. بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا مەبەستمانە ئەوەیە، منداڵان لەگەڵ فەلسەفە ڕادێن ئەگەر تەنها مامۆستا یارمەتیان بدات لەوەی چۆن گفتوگۆی بابەتە فەلسەفییەکان بکەن لەگەڵ یەکتردا. بۆیە نیگەران مەبە لەوەی زۆر لەو بابەتە شارەزا نیت یان هیچی لێ نازانیت، تۆش فێردەبیت فەلسەفە چییە، کاتێک یارمەتی خوێندکارەکانت دەدەی کە گفتوگۆی بکەن!

## بەشی دووەم

# چۆن ببمە مامۆستای وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان؟

زۆربەی ئەوانەی گوێیـان لێـیە ئـێمە باسـی ئەوە دەکەیـن چـۆن خوێندکارانی زانکۆ فێر بکەین وانەی فەلسـەفە بڵێنەوە بە قوتابخـانە سەرەتاییەکان سەریان دەسوڕمێ. چەندەها ساڵە فەلسـەفە بـابەتێکی ئەکادیمی بووە و هەتا کۆلێژ گرنگی پێ نەدراوە، بۆیە ئەو کاردانەوانە زۆر داچڵەکێنەر نییە. تێڕوانینی بـاوی زۆربەی خەڵـک بـۆ فەلسـەفە ئەوەیە، کە فەلسەفە نەک کاری منداڵانی قوتابخانە نییە، بەڵکو کارێکە ماندووبوونی پێویستە.

کاتێک بۆ یەکەمجار بەشداریم کرد لە گوتنەوەی وانەی فەلسـەفە بە منـداڵان لە ڕاسـتیدا هەسـتم بە دوودڵـی کـرد، تـا ئەو کـاتەش بـڕوام نەدەکرد فەلسەفە بە منداڵان دەڵێمەوە و فەلسەفاندنیان فێر دەکەم. لە یەکەم هەوڵمـدا بـۆ ناسـاندنی فەلسـەفە لە قوتابخـانە سـەرەتاییەکان، لەگەڵ مامۆسـتایاندا کـارم کـرد و وام دانـا مـن یارمەتیـان دەدەم بیرکـردنەوەی ڕەخنەگرانە بڵێنەوە و کۆمەڵێک بابەتیـان دەدەمێ کە بەڕاستی بۆ منداڵان یارمەتیدەرە. من بۆ ئەو وانەیە نـاوی فەلسـەفەی وانەگـوتنەوەم بەکـار هێنـا کە بـوارە ئەکـادیمیەکەم بـوو، هەروەهـا جۆرێک لە سەرنجڕاکێشانیشـی تێدا بـوو کە وای دەکـرد مامۆسـتایان حەزیان بۆ بابەتەکە هەبێت.

بـا ڕوونـی بکەمەوە چـۆن بەشـداربووم لەم پـڕۆژە کەمـوێنەیە: مـن تەنهـا کتێبێکـی **ترەیسـی کیدەر**م خوێنـدبووەوە، کە چیرۆکنووسـێکی ناسراو بوو لە نزیک پۆرتسمۆس دەژیا و منیش لەوێ بووم، کتێبەکە *Among Schoolchildren* (Kidder 1989) بوو، باسی چیرۆکـی **کـریس زاغـاک**ی دەکـرد، مامۆسـتایەکی پـۆلی پێنجـی سـەرەتایی لە

قوتابخـانەی کیڵـی کە کەوتبـووە نزیـک هۆڵیـۆک لە ماشاشوسـتس.
**کیـدەر** حەزی لە چیرۆکـی ئەو پاڵەوانـانە بـوو کە دژی ئەو شـتانە دەجەنگان کە لای خەڵک بە مەحاڵ و خەیاڵیی دادەنرا. کتێبەکە لەسەر ئەو ڕێچـکەیە دەڕوات و **زاغـاک** وەک مامۆسـتایەک دەردەخـات کە هەوڵ دەدات بـۆ ئەوەی قوتابییەکـانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێـنن لە قوتابخـانە، لە کاتێکدا هەمـوو ژینگەی دەوروبەریـان ڕێگربـوو لەوەی سـووربن لەسـەر خوێنـدن، لەبەرئەوەی زۆربەی خوێنـدکارەکانی **زاغـاک** لەنـاو ئایـدیایەک پەروەردە بووبـوون کە پێـی وابـوو خوێنـدن نایانگەیەنێـت بە هـیچ شـوێنێک و لە کلتورێکـدا ژیـابوون کە دژایەتـی خوێندنی دەکرد.

سـەرەڕای نرخانـدنم بـۆ پـاڵەوانیی **زاغـاک** و هەوڵەکـانی، بەشـێکی بچووکی هەوڵەکانی ئەو لای من کێشەی تێدابوو: لە کاتی هەوڵدان بۆ سەرنجڕاکێشـانی خوێنـدکاران بـۆ بابەتـانەی کە دەیویسـت – ئەگەر ڕێزمـان بـووایە یـاخود خشـتەی لێکـدان- **زاغـاک** هەمـوو ڕۆژێـک بە ترساندنیان ڕازی دەکردن ، لەڕێی ئەوەی بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە. ئەم ڕێـگەیە کـاریگەرییەکی زۆرباشـی هەبـوو لەسـەر خوێنـدکاران، چونکە وەهای لێ دەکردن بێدەنگبن و درێژە بە بابەتەکەیان بدەن، و خۆشـی وەربگـرن لە پشـاندانی تواناکـان یـان بە قوتابییەکـانی تـر و بترسـن لە هەڵەکردن، وەک ئەو ترسـاندنەی لە قوتابخـانە ئاسـاییەکان هەیە کاتێک مامۆستا کتێبیان بۆ دەخوێنێتەوە.

**کیدەر** ئەم ڕێگایە دەنرخێنێ وەک نموونەیەک بۆ تواناکانی **زاغـاک**، چـونکە وەک مامۆسـتایەک ناچـاربوو خـۆی فێـری وانەگوتنەوە ببێـت بەبـێ یـارمەتی مامۆسـتایانی دەوروبەری، چجـای ئەوەی ڕێگـایەکی ڕێکخراوتـری وانەگـوتنەوەی لە بەردەسـتدا بێـت. بەڵام لای مـن ئەو ڕێگـایە خـراپە، ئەوە شکسـتە کە پەرۆشـی و سـۆزی منـداڵان بـۆ خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی هانیان بدەیت کە

حەزیان بجولێت بۆ خوێندن، وەک ئەوەی کریمێک بکەی بە کێکەوە بۆئەوەی بەزۆر خۆش ببێت، ئەگەر نموونەکەم ڕاست بێت.

لەبەرئەوە کە دەستم کرد بە گوتنەوەی فەلسەفە بە منداڵان، من پێچەوانەی ڕێگەکەی **زاغاک**م بەکار هێنا، و لەو شوێنەوە دەستم پێ کرد کە ئەو کۆتایی پێ هێنا: بە خوێندنەوەی چیرۆکێک بۆ منداڵان، ڕاستە من کتێبێکم هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوە لەبەر چیرۆکە فەلسەفییەکانی ناوی و زۆربەی چیرۆکە منداڵانەکانیش ئەو بابەتانە دەوروژێنن و ئەمەش زۆر جیاواز نەبوو.

بۆ نموونە من چیرۆکێکم هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوە وەک چیرۆکە جوانەکەی **ئارنۆڵد لۆبڵ** (ئەژدیها و زەبەلاحەکان) (لۆبڵ ١٩٩) کە دوو بەشی وەک (بۆق و تۆد) یان (شەکرۆکەکان)ی تێدایە. کاتێک لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە تەواو دەبووم پرسیارم لە خوێندکارەکان دەکرد کە چی هەڵبژێرم وەک بابەتی سەرەکی فەلسەفیی لەم چیرۆکەدا. ئەگەر (شەکرۆکەکان)م بخوێندایەتەوە، ئەو چیرۆکەی -*کە بۆق و تۆد کۆمەڵێک ڕێگەی جیا بەکار دەهێنن بۆ پڕکردنی سکیان لە شەکرۆکەیەکی بەتام، تۆدەکانیش نانیان دروست کرد بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن نەخۆشن*- من جەختم دەخستە سەر باسی "هێزی ویست" لە چیرۆکەکەدا، کە بۆقەکان لە چیرۆکەکەدا ئەو هێزی ویستە وەها پیناسە دەکەن کە "ئەو شتە نەکەیت کە حەز دەکەیت بیکەیت". بەئاشکرا ئەمە بیرۆکەیەکی دژیەکە. ئەگەر تۆ بتەوێت کارێک بکەیت، بەڵام نەیکەیت؟ ئەوە چ هێزێکە کە بەتۆ دەڵێت حەزت لە شتێکە و مەیکە؟ ئەمە شتێکی زۆر باشە بۆ دەستکردن بە گفتوگۆی فەلسەفی، و ئەمەش بەتەواوی ئەوەبوو کە من داوام لە خوێندکارەکان دەکرد بیری لی بکەنەوە.

دواتر باسی ئەو نموونانە دەکەم کە منداڵان دەگوێزێتەوە لە حەزەوە بۆ دەستکردن بە گفتوگۆی پرسە فەلسەفییەکان و وروژاندنی لەناو خۆیاندا. -ئێستا کێشە چییە کە من خویندنەوە بە

دەنگی بەرزم بەکار نەهێنا وەک وەڵامێک بۆ کارێکی نادروست [بۆ سزادان]-، بەڵکو وەک هۆکارێک بەکارم هێنا بۆ گوتنەوەی وانەیەک دەربارەی توانای هونەرەکانی بەکارهێنانی زمان.

زۆرجار هونەری زمان خۆی ئەو چەمکەیە لە لێکۆڵینەوە بابەتییەکاندا بەکاردێت بۆ باسکردن لە کۆمەڵێک توانای ژیریی و زمانەوانی، مامۆستایان لە کاتی فێرکردنی خوێندکاران کورتی دەکەنەوە بۆ خوێندنەوە و نووسین. بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵێک توانایی و بابەتی دیکە دەگرێتەوە، وەک تێگەیشتن لە دەقێک و چۆنێتی فێربوونی بەڵگەسازی. ئەوەی جێی بایەخە لێرەدا ئەوەیە بەکارهێنانی ئەدەبیاتی منداڵان بۆ باسکردنی کێشە فەلسەفییەکان توانای ئەو هونەرە زمانەوانییانە لە منداڵدا دەچێنێت بەشێوەیەکی خودکارانە. منداڵان زۆر بەپەرۆشن بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی چیرۆکەکان و خستنەڕووی تێڕوانینی خۆیان و بەشێوەیەکی سادە هەموو ئەو بابەتانە گفتوگۆ دەکەن کە ئێمە مەبەستمانە.

ئەمە ڕوونکردنەوەی ئەوەیە بۆچی پێم خۆشە و چۆن دەمەوێت وانەی فەلسەفە بە منداڵان بڵێمەوە. لام وایە کە گوتنەوەی فەلسەفە بە منداڵان لە ڕێی ئەدەبەوە ڕێگەیەکی بێئەندازە بەنرخە بۆ ئەوەی منداڵان چێژ وەربگرن لە قوتابخانە و بەشێوەیەک سەیری وانەکانیان بکەن کە بەڕاستی چێژبەخشە و پێویست ناکات بترسێنرێن "وەک خوێندنەوە بە دەنگی بەرز" بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن. لە جێی ئەوە بە هەڵگێڕانەوەی ڕێگەکەی بەڕێز **زاغاک**، خوێندنەوەی فەلسەفە بە دەنگی بەرز هانی پەی پێبردنی منداڵەکان دەدات، و وەها دەکات بەسروشتی چەندین توانا پەیدا بکەن. بەبێ ئەوەی فرمانێکی دیاریکراویان پێ بکرێت وەک ئەوەی بڵێیت "باشە منداڵان ئێستا با ئەوە فێر ببین چۆن بەرگری لە بیروڕاکانی خۆمان بکەین کاتێک ئەوانی تر پێچەوانەی ئێمەن" کە ئەمە هەموو تواناکانیان لەناو دەبات و حەزیشیان بۆ بابەتەکە نامێنێ.

دواتر من دەستم بە گوتنەوەی وانەی فەلسەفە کرد لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، هەوڵم دا بە ڕێگەیەک ئەوە بکەن کە قوتابخانە دەیەوێت بیکەن -کە فێربوونی زمانە- بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە چێژبەخش لەچاو ئەوەی پێشتر لەگەڵیان کرابوو. منداڵەکان ئەوەیان تێگەیاندم کە شتانێکی زۆرتر لە مەترسیدان. لەگەڵ ئەوەی منیش ئەزموونی زیاترم وەرگرت لە پۆلدا، دواتریش کە کوڕەکەی خۆم گەورە بوو ڕاستەوخۆ لە ئەوەوە زانیاری زیاترم وەرگرت، ئەو منداڵەی کەوتبووە داوی پرسیارە فەلسەفییەکانەوە، لە پۆلدا لە کاتی گوتنەوەی وانەکە هەمان تواناکانی ئەوم بەدی کرد لە منداڵەکانی دیکەشدا.

هەنگاوبەهەنگاو تێگەیشتم کە منداڵان چۆن لە پرسیارە فەلسەفییەکان ڕادەمێنن. لای ئێمە ئاشکرایە چۆن منداڵان ڕاهاتوون بە پرسیارکردن. "باوکە ئاسمان بۆ شینە" ئەوە نموونەیەکی گوماناوییە کە وەها لە منداڵ دەکات هەستی زانستخوازی بجوڵێت.  زۆربەی کات هەرچەندە گەورەین بەڵام پرسیاری منداڵەکانمان بەهەند وەرناگرین. لەبەرئەوەی پرسیارەکانیان پەیوەندی بە پێداویستییەکانی ئێمەوە نییە بۆ بەڕێکردنی کارەکانمان. منداڵان هەمیشە کە بۆنی گوڵەکان دەکەن تەنها چێژ لە بۆنەکەی وەرناگرن بەڵکو دەیانەوێت بزانن بۆ بۆنەکەی خۆشە نەک بۆگەن، بۆ ئێمە ئەو بۆنە بە خۆش دەزانین، لەجیاتی ئەوەی بە ناخۆش و ناشرینی بزانین.

لەوانەیە بزانیت ئەسینایییە کۆنەکان سوکراتیان ژەهرخوارد کرد لە (٤٦٩-٣٩٩ پێشزاین) کە سوکرات وەک پێشەنگی فەلسەفەی ڕۆژئاوا تەماشا دەکرێت، سوکرات فەلسەفەی بە قوتابییە گەنجەکان دەگوتەوە (بەڵام بەداخەوە لەو کاتەیا کچان بۆیان نەبوو لەلای بخوێنن، و ئەوان لەماڵەکان ئاخنرابوون و لە شارستانییەت دابڕێنرابوون و نەیان دەتوانی هیچ شتێک بکەن بەبێ فەرمانی گەورەکانیان). هەرچەندە مامۆستایانی فەلسەفە چیرۆکی دادگاییکردنەکەی سوکرات

و تۆمەتبـــارکردن و ژەهرخـــواردنەکەی دەگێـــڕنەوە بـــۆ ئەوەی بە قوتابییەکانیـان بڵێن فەلسـەفە گـرنگە هەرچەنـدە نەریتەکـانی کـۆمەڵگە دژی بێت و بەکەمی بزانن، ئەو چیرۆکە ڕاستیەکی تیایە کە زۆرجار باس ناکرێت ئەویش ئەوەیە کە: فەیلەسوفەکان "بێزارکەرن"

ئەگەر دەتەوێت بەدوای کێشـەیەکی یاساییدا بچیت، ئەوەی ناتەوێ بێتە ڕێگەت گفتوگۆیەکی درێژە دەربارەی سروشـتی یاسا و ئەوەی ئایـــا لە بنەمـــادا شـــتێک هەیە بەنـــاوی دادپەروەری، وەک ئەوەی ئەفلاتـــون تۆمـــاری کـــردووە لە بـــارەی ســـوکرات لە گفتوگـــۆی یـوتیفرۆ(Euthyphro) . تـۆ تەنهـا دەتەوێـت کـارەکەی خـۆت تەواو بـکەی. ئەسـینایییەکان خۆیـان چـارەی سـوکراتیان نەدەویسـت چجـای ئەوەی منداڵەکانیان هـان بدەن وەک ئەو بکەن، چـونکە ئەو کـارەکەی لـێ تێـک دەدان کاتێـک خەریکـی بازرگـانی بـوون بـۆیە شـتێکی نـامۆ نەبـوو کە دەیانویســت ســوکرات لەکـۆڵ بـکەنەوە. (مامۆســتاکانی فەلســـەفەش هەوڵـــی پشتگوێخســـتنی داواکەی ســـوکراتیان دەدا بـــۆ دوورخســـتنەوەی، لەبەرئەوەی کوشـــتنیان بە تـــاکە ســـزای گونجـــاو دەزانی، ئەمەش چیرۆکێکی ترە.)

تایبەتمەنـــدییەکی هـــاوبەش کە فەیلەســـوفان و منـــداڵان هەیـــانە، وازنەهێنـــان و گومـــانکردنە لە بابەتێـــک هەتـــا نەزانـــن بـــۆ وەهـــایە. منداڵەکەی منیش لێهاتوو بوو لەمەدا، ئەگەر خولەکێک بێدەنگ ببووایە و گیـــری نەخـــواردایە بەدەســـت پرســـیار و گریمـــانەیەکەوە ئەوە بـۆنەیەکی سـەیر بـوو - "بـاوکە ئەگەر لەپـڕ پـارەیەکی زۆرت بێـتە دەست، حەزدەکەی چی بکەیت؟" - ئیتر گفتوگۆ دەستی پی دەکرد. یـاخود کاتێـک دەچـوین بـۆ کڕینـی شـتێک یەکەم شـت حەزی دەکـرد بپرسێ، ئەوە چۆن کـار دەکات؟ خێرا منیش هەوڵـم دەدا بگەڕێینەوە بۆ نـاو سەیارەکە یان بۆ مـاڵەوە، ئەو بێزارکەر بوو، ئەو ئـازارەی کە فەیلەسـوفەکان هەیـانە ئەوەیە نـاتوانن وەک منـداڵان شـتەکان بەجـێ بهـێڵن بـۆ بڕواکانیـــان. هەمووەمـــان بەجۆرێـــک فەیلەســـوفین بەڵام

نامانەوێت لە بابەتەکان قوڵ ببینەوە، ئێمە بۆ خولەکێک بیری لێ دەکەینەوە و دواتر دەڵێین بۆ کات بەمەوە ببەینە سەر. سودی چییە!

بەلایەنــی کەمەوە ئەم بابەتــانە جێــی ســەرنجە بــۆ هەنــدێک لە گەورەکـان، بەتـایبەت دایـک و باوکـان، بەڵام بـۆ منـداڵان ڕامـان لە فەلسـەفە بـابەتێکی گرنگە: ئێمە وەک لێکۆڵەرێک لە فەلسـەفە زوو لە بایەخەکانی منداڵ بۆ فەلسەفە تێدەگەین و ڕێیان بۆ خۆش دەکەین کە بیر بکەنەوە دەربارەی خۆیان. منداڵانیش لەخۆوە ناڵێن "شـتێکی زۆر سەیرە" وەک ئەوەی **ئارت لینکلێتەر** (١٩٥٧) باسـی کردووە، منداڵان هەمیشە شتی زۆر ڕوون دەڵێن. ئەگەر ئێمە بەڕاستی کات بدەین بە گـوێگرتن لەوان: ئەمەش هەر ئەوەیە کە وانەی فەلسـەفە بـۆ منـداڵان داوای دەکات، و دەیەوێت منداڵان بەڕاستی گوێ لە یەکتری بگرن و بەڕێزەوە گفتوگۆی بیروبۆچوونە فەلسـەفییەکانی یەکتر بکەن. ئەگەر ئەمە ڕوویدات بەڕاستی سەرسوڕهێنەر دەبێت.

زۆرجـار بیـرۆکەی ڕامـان لە فەلسـەفەم بـۆ قوتابییـانی پێنجەمـی سەرەتایی باس دەکرد، لە قوتابخانەی سەرەتایی جاکسۆن ستریت لە نۆرسهامپتن. دوای چەند کورتەباسێک لەبارەی فەلسـەفە، دەچووینە سـەر بیرکردنەوە لە پرسیارێکی فەلسـەفی ئەویش: بۆچی دزیکردن خـراپە؟ دوای کەمێـک گفتوگـۆ ماسـیۆ گـوتی: دزیکـردن خـراپە لەبەرئەوەی دایک و باوکت دەڵێن خراپە. پاشان جێنیفەر دەستی بەرز کـردەوە بـۆ ئەوەی بناسـرێتەوە، کاتێک منیش بەڵێم بـۆ کـرد گـوتی: "دزیکردن هەڵە نییە لەبەرئەوەی دایک و باوکت دەیڵێن، بەڵکو هەڵەیە لەبەر ئەو هۆکارەی بە بەڵگە دەیهێنیتەوە."

ئێستا ئەمە لەوانەیە ئاڵۆز نەبێت و کەمێک ڕوون بێت، ئەمە هەمـان ئەو بەڵگـانەیە کە سـۆکرات بـۆ یـوتیفرۆی دەهێنـایەوە، کـارەکتەری سـەرەکی دایـالۆگەکەی ئەفلاتـون کە دایەلـۆگەکەی بەنـاوەوەیە. سـوکرات دەیگوت ڕاستی و هەڵەیی شـتێکی بـابەتییە(objective) و هەسـتپێکراوی ئەو شـتەیە، ئەوەی وەهـا دەکـات کە هەڵە بێـت ڕای

کەسێک نییە تەنانەت خوداکانیش، وەک ئەوەی لە ئایینی کۆنی یۆناندا هاتووە و ئامۆژگاری پێ کراوە. کاتێک تازە قوتابی بووم لە زانکۆ و بۆ یەکەمجار بابەتی مێژووی فەلسەفەم وەرگرت، بیرم دێت چەند کاتژمێرێکی ویست تا ئەوە تێبگەم کە سوکرات چۆن بەڵگەی هێناوەتەوە. لێرەش قوتابییەکی پێنجی سەرەتایی زۆر بە ڕێکی بەڵگە بۆ خۆی دەهێنێتەوە! ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە دواتر قوتابییەکم پێی گوتم، واقم وڕما بۆ چەند ساتێک، کاتێک بۆم دەرکەوت سوودی ئەوە چییە کە لە تۆوە گوێم لێبوو.

چەندەها جار ئەوە ڕوویداوە کاتێک گفتوگۆی فەلسەفەم لەگەڵ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی کردووە. زۆرجار تێگەیشتنی قوڵیان بۆ بابەتە فەلسەفییەکان هەبووە و توانیویانە بەباشی بابەتەکان ڕوون بکەنەوە کاتێک لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان گفتوگۆیان کردووە. کێ هەیە نەیەوێت ئەم توانایانە گەشە پێ بدات؟

پێدانی زانیاری بە منداڵان دەربارەی فەلسەفە بەرپەرچی ئەو تێڕوانینە باوەمان دەداتەوە دەربارەی منداڵ و منداڵی. لەم چەرخەی دوای فرۆید، ئەو بیرۆکەیەی کە منداڵان وەک پەڕەی سپین و ناتوانن بەرگەی سەختی بگرن، هیچ بەهایەکی نەماوە. ئێستا منداڵیی وەک تەمەنێک سەیر دەکرێت کە دەبێت منداڵان ئەو شتانە فێربن کە پێویستە بۆ ئەوەی کار بکەن و لە گەورەییدا چالاکبن.

ڕوانین لە تەمەنی منداڵیی بەو شێوەیەی کە باوە لەناو خەڵکدا، ئەوە نادات بە منداڵ کە شایستەیە و لەئاست پێویستی و توانا و لێهاتووییەکانی دایە. وەک زۆرجار بەڵگەم بۆ هێناوەتەوە، تەمەنی منداڵیی ئەو کاتەیە کە منداڵ زۆرێک لە کێشە فەلسەفییەکانی تێدا دەوروژێت و وەک بابەتێکی گرنگ لێی دەڕوانێت. هەرچەندە ئەمە بە پێچەوانەی پەروەردەی نەریتی و باو دادەنرێت کە منداڵ ببرێتە ناو بابەتە فەلسەفییەکانەوە، وەک ڕێزلێنانێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو تەمەن و قۆناغەی کە تێیدایە.

بەڵام ئێستا لە ئەنجامی ئەزموونەکانمەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، خۆم وەک کەسێک سەیر ناکەم کە یارمەتی منداڵان بدات فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ببن. ئێستا خۆم وەک بانگەشەکارێک دەبینم کە دەیەوێت منداڵان بتوانن ئەوە بکەن کە لە سروشتی خۆیانەوە نزیکە و زۆرباشن تێیدا، ئەویش گفتوگۆ فەلسەفییە گرنگەکانە. هەروەها بانگەشەی قایلکردنی ئێوەش دەکەم بەوەی ئەم کارەی من دەیکەم ئێوەش بەباشی دەیکەن. لەبەرئەوە ڕێگەم بدەن بچینە سەر ئەوەی چی بکەین بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو بدات.

## بەشی سێیەم

## وانەگوتنەوەیەکی فێربوون-سەنتەر

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان ناگوترێتەوە ئەوەیە، ئەوانەی بەرپرسن لە فێرکردنی منداڵان وەهای نابینن کە توانای ئەوەیان تێدا بێت فەلسەفە بلێنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر وەها بڕوانین کە گوتنەوەی فەلسەفە لەو قۆناغەدا، باسکردنی بابەتە ئاڵۆزەکانە، وەک ئەوەی بۆچی دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) لەلای وەهایە کە بیرکردنەوە سادەکانی ئێمە بەرانبەر جیهان دەکرێت هەمووی هەڵە بێت، ئەم دیدە کە دیکارت دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە لە (Meditation on first philosophy) پێم سەیر بوو یەکێک لە باشترین قوتابییەکانم لە قۆناغی سەرەتایی دەیویست لەم ئەگەرە تێ بگات، کاتێک گوێی لێ بوو دەمەوێت کۆرسێکی فەلسەفە بڵێمەوە. بۆ ئەو بیرۆکەی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی کانت و دیکارت بۆ منداڵان زۆر دڵخۆشکەر بوو، و زۆریش ڕاڕابوو لەوەی ئەگەر نەتوانین ئەمە بکەین.

زۆربەمان دڵخۆش دەبین کاتێک بزانین گوتنەوەی فەلسەفە بە قوتابخانەی سەرەتایی باسکردنی کێشە فەلسەفییە گەورەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا نییە. لێرەدا ئەوە دێتە پێشەوە ئەی گوتنەوەی فەلسەفە بە قوتابخانەی سەرەتایی چ بابەتێکی تێدایە؟

پێشتریش باسمان کرد کاتی گوتنەوەی فەلسەفە بە منداڵان دەبێت هەل بڕەخسێنین بۆ قوتابییەکان کە گفتوگۆی پرسە فەلسەفییەکان بکەن لەناو خۆیاندا و گوتمان منداڵان خۆیان وەک فەیلەسوفێک بە پرسیارەوە لەدایک دەبن. ئەوەی لەسەر ئێمەیە هەلیان بۆ بڕەخسێنین کە شوێنی ئەو حەزەیان بۆ فەلسەفە بکەون و لە دانیشتنە

ئاساییەکانی قوتابخانەدا هانیان بدەین گفتوگۆی بابەتە سەرەتاییەکان بکەن دەربارەی ژیانی مرۆڤ و ئەو جیهانە ئاڵۆزەی تێیدان و هەوڵ بدەین لەوە تێبگەن.

بەڵام پێیان ناڵێین کە بیر لە چی بکەنەوە و تاکە مەبەستی ئێمە ئەوەیە گفتوگۆیەکی بنیادنەرانە لەگەڵ یەکتر بکەن. لەبەرئەوەی منداڵان بەتوانان لە پرسیارکردندا، ناکرێت ئێمە پشتگوێیان بخەین و ڕێنماییان نەکەین کە چۆن گفتوگۆ بکەن لەگەڵ یەکتر.

لێرەدا لەبەرئەوەی تەنها ئەرکی مامۆستا ئەوەیە یارمەتیان بدات لە گفتوگۆکردن، پێویست ناکات مامۆستا شارەزایی تەواوی لە فەلسەفە هەبێت.

گرنگە لەوە تێبگەین ئێستا جۆرێک وانەگوتنەوە لە قوتابخانەکاندا هەیە کە ڕێگری دەکات و ئەرکی مامۆستا گران دەکات بۆ ئەوەی فەلسەفە بە خوێندکارەکانی بڵێتەوە، ئەوە من پێی دەڵێم (فێربوونی **مامۆستا-سەنتەر**) لەم فێربوونەدا تەنها ئامانجی مامۆستا ئەوەیە خوێندکار زانیاریی دەست بکەوێت. ئەمەش ئامانجێکی زۆر سادەیە لە فێربوون و زۆر زەحمەتە وەها بیربکەینەوە ڕەخنەگرانە و داهێنەرانەیە، و لەم جۆرەدا منداڵ بێبەش دەبێت لەو توانا زانستییەی لە گەورەکاندا هەیە. چۆنێتی نووسین و خوێندنەوە ئامانجی سەرەکی نییە و ئەو زانیاریانەیان پێ نابەخشێ کە پێویستیانە بۆ ئەوەی بیانگوازێتەوە، بەلایەنی کەمەوە لە گەنجێکی کەمئەزموونەوە بۆ گەورەیەکی بەئەزموون.

کاتێک وانەگوتنەوە بەو شێوەیە سەیر بکرێت، کە لە زۆر ڕووەوە **مامۆستا-سەنتەرە**، و مامۆستا وەک کەسێک سەیر دەکرێت کە خاوەنی تەواوی زانیارییەکانە و داوای لێ کراوە زانیاری بۆ قوتابییە کەمئەزموونەکان بگوازێتەوە، هەروەها مامۆستا کۆنترۆڵی تەواوی پرۆسەی فێربوون دەکات. لێرەدا کێ دڵنیایمان دەداتێ کە منداڵان لە کەمئەزموونییەوە بگوازرێنەوە بۆ فێربوون و ئەزموونی زیاتر.

هەتا جەختکردنەوەش لەسەر تاقیکردنەوە لەم تێڕوانینەوە دێت. تاقیکردنەوە ئەو ڕێگەیەیە کە دانراوە بە خوێندکار بگوترێت زانیارییەکی دەست کەوتووە، بەڵام لە بنەمادا پێویستبوو لە تاقیکردنەوەدا داوای لێ بکرایە دووبارە ئەو زانیارییە بەرهەم بهێنێتەوە. لێرەدا ئەوەی لەم سیستەمەدا دانراوە ئەوەیە کە قوتابی ناچار کراوە ئەو زانیارییە وەربگرێت کە مامۆستا داوا دەکات بیزانێت!

لەوانەیە خراپترین شتی ئەم سیستەمە **مامۆستا-سەنتەرییە** ئەو پێگە زۆرەیە کە دەیبەخشێت بە مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەدا، لەم پرۆسەیەدا تەنها ئەو زانیاری لە خوێندکاران زۆرتر نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەجێندا بۆ فێربوون دادەنێت و زانیارییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت. بەڵام ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە ئەو گریمانەیەیە کە خوێندکاران شیاون بۆ ئەوەی هەرچی بمانەوێت تێیاندا بنووسین. لەجێی ئەوەی کە منداڵان وەک هەبوویەکی سەربەخۆ سەیر بکرێن کە پێویستی و خواستی خۆیان هەیە، ئەم دیدە منداڵ وەک کاغەزێکی سپی سەیر دەکات کە مامۆستا پێی باشە ئەوەی بۆ دیاری بکات.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو ڕێگەیەی خۆمان بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە جێبەجێ بکەین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی زۆربەی مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکان وەها بیر دەکەنەوە کە ناتوانن فەلسفە بڵێنەوە؟ ئەو مامۆستایانە بەگشتی زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە لەبارەی فەلسەفەوە لەبەرئەوە ناتوانن بیڵێنەوە. چونکە ئەو بەرنامە **مامۆستا-سەنتەرییە** پێویستی بەوەیە مامۆستاکە سەرچاوەیەکی زانیاری هەبێت کە بتوانێت بیگوازێتەوە بۆ خوێندکارەکانی. ئێمە لامان ڕوونە کە ئەو مۆدێلەی ئێستای وانەگوتنەوە گومان دەخاتە سەر ئەگەری گوتنەوەی فەلسەفە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان.

بەڵام بەپێی لێهاتوویی منداڵان و ئەو ئەزموونانەی هەمانە لەو بوارەدا و مامۆستایان لەگەڵمدا لە پۆلەکاندا پەیڕەویان کردووە، دەتوانین فەلسەفە بە منداڵان بڵێینەوە. لەبەرئەوەی منداڵان هەوڵی تێگەیشتن دەدەن لەو جیهانەی تێیدان و بە سروشتی خۆیان پرسیاری تەواو فەلسەفی دەکەن، وەک ئەوەی **جەیک** دەربارەی دروستبوونی یەکەم مرۆڤی پرسی.

ئێمەش کاتێک فەلسەفە دەڵێینەوە -بەهەمان شێوە وانەکانی تریش- هەوڵی جوڵاندن و بەگەڕخستنی ئەو زانستخوازییە دەدەین و یارمەتیان دەدەین لە دۆزینەوە و دەربڕین و پاڵپشتیکردن لە وەڵامەکانی خۆیان، دەربارەی ئەو پرسانەی لەلایان گرنگە. من بەم ڕێگایە دەڵێم **فێربوون-سەنتەر**، لەبەرئەوەی جەخت دەخاتە سەر منداڵ وەک لێکۆڵەر و فێرخوازێکی بەتوانا (لە خشتەی3.1 هەردوو مۆدێلی **فێربوون-سەنتەر** و **مامۆستا-سەنتەر** بەراورد دەکەین.)

لە وانەگوتنەوەی **فێربوون-سەنتەر** دا قوتابی بە جۆرێک سەیر دەکرێت کە کەمتر نییە لە مرۆڤێکی ئاسایی و مامۆستا وەک کاغەزێکی سپی سەیری ناکات، کە چی بویت لێی بنووسێت. بەڵکو دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت ئەو فێرخوازە کۆمەڵێک توانا و لێهاتوویی و بیرۆکەی هەیە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە سەرکەوتوو بێت، دەبێت قوتابیی ویستی بەشداریکردنی لە پرۆسەی فێربووندا هەبێت، زۆربەی کات ئەمە ڕوو نادات ئەگەر پرۆسەکە لەلایەن لەکەسێکی ترەوە کۆنترۆڵ کرا بێت. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جیاوازە، ئەوەیە کە خوێندکار خۆی دەتوانێت ویستی خۆی جێبەجێ بکات لە فێربووندا. هەرچەندە مامۆستا لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بەڵام چیتر تەنها پلاندارێژەری پرۆسەی فێربوون نییە.

**خشتەی 3.1 : دوو مۆدێلی وانەگوتنەوە**

| وانەی مامۆستا-سەنتەر | وانەی فێربوون- سەنتەر |
|---|---|
| -ئامانج: دەسکەوتنی زانیاری. | -ئامانج: پێکهاتن و گەشەکردنی توانای خوێندکار و دۆزینەوەی پاڵپشت بۆ بیرۆکەکانی. |
| -خوێندکار: کەمئەزموونە. | -خوێندکار: بە سروشتیی پرسیارکەرە. |
| -مامۆستا: سەرچاوەی زانیارییە و دەیگوازێتەوە بۆ خوێندکاران. | -مامۆستا: ڕێخۆشکەرە بۆ لێکۆڵینەوە و فێربوون لە ڕێی لێکۆڵینەوە بەگروپ. |
| -مامۆستا ڕێکارەکان دادەنێ | -قوتابییەکان بابەتەکانی لێکۆڵینەوە دادەنێن. |
| -تاقیکردنەوە هەڵسەنگێنەرە | -گفتوگۆکردن نیشانەی سەرکەوتنە. |

بۆ بەگەڕخستنی ئەو ژیرییە سروشتییەی منداڵان لە پۆلدا، گرنگترین کار کە بیکەین ئەوەیە، لێکۆڵینەوەکانی منداڵ بۆ جیهانی دەوروبەری لە هەوڵی تاکەکەسییەوە بکرێت بە کۆمەڵ، ئەگەر بێینە دەرەوەی پۆل دەبینین فێربوون بەو شێوەیە ڕوو دەدات لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەگەر سەرنج بدەین بەشێکی کەمی فێربوون بە هەوڵی تاکەکەسییە، لە زۆربەی کاتدا ئەوە هەوڵی بەکۆمەڵە کە وەهای کردووە ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بووەتەوە چارەسەر بکرێت. تەنها **ڕۆبنسن کروس** -دیلێک لە دوورگەکەیدا- بەتەنها خۆی ڕووبەڕووی جیهان بووەوە. کاتێک ئێمەی مرۆڤ پێکەوە کێشەکان چارەسەر دەکەین، بەتەواوی هەست بەوە دەکەین کە بەتوانایین. سەرەڕای ئەو هەموو کێشەیەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، گەشبینین بەوەی دەتوانین پێکەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە و چارەسەریان بکەین.

وانەگوتنەوەی فێربوون-سەنتەر هەوڵی ئەوە دەدات لەناو پۆلدا بارودۆخی سروشتی خوێندکاران و دۆخە کۆمەڵایەتییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بدۆزنەوە. هەروەها هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی سروشتیی خوێندکاران پێکەوە ببەستێتەوە، و

ئەمەش وەها دەکات کە خوێندکاران پێکەوە بیر لەو کێشانە بکەنەوە کە بەرکەوتەیان لەگەڵی هەیە و پێکەوە چارەسەری بکەن. چارەسەری ئەو کێشانەش لەڕێی چەندەها جار هەڵەکردن و تاقیکردنەوەوە دەبێت کە بەکۆمەڵ پێیدا تێپەڕ دەبن و ئەنجامەکانیش پێکەوە تێیدا بەشدارن.

لە کاتێکدا منداڵان ڕانەهاتوون بەکۆمەڵ خۆیان کێشەکان چارەسەر بکەن، مامۆستایەکیان دەوێت کە هانیان بدات پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر ڕێک بخەن و هاوکاری و پشیوانی یەکتر بکەن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی جێی سەرجە لایان. مامۆستاش ڕێنوێنیکەری خوێندکارانە، بۆ ئەوەی چاودێری ئەو ڕێگایە بێت کە خوێندکاران هەڵی دەبژێرن، و هەوڵی ئەوە دەدات ئامانجی فێربوون و پێکەوە کاردن لەبەرچاو بگیرێت.

لەبەرئەوەی ئەو گفتوگۆیەی لەم فێربوون و لێکۆڵینەوە پێکەوەییە دروست دەبیت، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە فیربوون هەیە-یان کەوتن- پێویستی بەوە نییە ڕێگەی سزادان بەکار بهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندن. سەرکەوتوویی لێکۆڵینەوەیەک بەئاسانی تێبینی دەکرێت لەڕێی گفتوگۆی خوێندکاران خۆیان و کاردانەوەیان لەسەر ئەو بابەتە.

لە وانەگوتنەوەی (فێربوون-سەنتەر)دا، مامۆستا لە پۆلدا جەخت لەسەر فێربوونی خوێندکاران دەکاتەوە، ئامانجی منیش دروستکردنی ئەو ژینگە گونجاوە بوو لە پۆلدا بۆ گفتوگۆکردنی بابەتە فەلسەفییەکان.

لێرەدا دوو کێشە هەیە کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە دەیانەوێت ئەم جۆرە پۆلە دروست بکەن. یەکەم حەزی منداڵانە بۆ ئەو بابەتە فەلسەفیانەی کە دەتەوێت گفتوگۆی بکەن. من بەم کێشەیە دەڵێم **کێشەی دەستپێکردن**، ئەمە کێشەیەکی گرنگە بۆ ئەم جۆرەی وانەگوتنەوە کە پێویستە قوتابییەکان خۆیان بە سروشتی بکەونە ناو ئەو پرسیارانەوە لەڕێی ئەزمونی خۆیانەوە.

دووەم کێشە **کێشەی ڕێکخستنە،** ئەوەیە چۆن مامۆستا چاودێری ئەوە بکات کە خوێندکاران بەکۆمەڵ بابەتەکان شی بکەنەوە و هەروەها چۆن ئەم وانانە لە کۆتایدا سوود بە خوێندکاران بگەیەنێت. پێویستە منداڵان فێرببن چۆن پێکەوە کار بکەن. لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە ئایا کەسێک شارەزایی لە فەلسەفە نەبێت دەتوانێت گفتۆگۆی فەلسەفی نێوان منداڵان بکاتە گفتوگۆیەکی بەرهەمدار.

من گوتم خۆم ئەدەبی منداڵان بەکار دەهێنم، بۆ گفتوگۆکردنی فەلسەفە لەنێو منداڵاندا، بەتایبەت ئەو کتێبانەی کە وێنەدارن و هەروەها نوسراوەکانیش. دەمەوێت ئێستا ئەوە ڕوون بکەمەوە، چۆن چیرۆک بەکار بهێنین بۆ ئەو کێشانەی لە سەرەوە باسمان کرد لە دوو خاڵدا. ئێستا باس لە **کێشەی دەستپێکردن** دەکەم کێشەکەی دیکە هەڵدەگرین بۆ بەشی داهاتوو.

بۆ ئەوەی نیشانی بدەین چۆن کتێبی منداڵانە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات، ئەمەوێت چیرۆکێکی تری کوڕەکەمتان بۆ بگێڕمەوە. ڕۆژێک **جەیک**، کە لە پۆلی یەکەم بوو، بە بێزاری گەڕایەوە ماڵەوە. دەرکەوت خوێندکارانی پۆلی پێنجەم خواردنێکیان ئامادە کردبوو، تەنها خوێندکارانی پۆلی چوارەم بانگهێشت کرابوون بۆ خواردنی. **جەیک** گوتی "ئەمە بەڕاستی نادادپەروەرییە"."منداڵە تەمەن گەورەترەکان هەموو شتە باشەکان دەبەن" ئەو ڕەخنەی دەگرت. منیش پرسیارم کرد "مەبەستت چییە؟". وەڵامی دایەوە و گوتی "هەموو شتە باشەکان دەدرێت بە منداڵانی پۆلی چوار و پێنج، و دەبرێن بۆ گەشتی زانستی و کۆبوونەوەکانیش"، گەیشتبووە ئەوەی "ئەوە دادگەری نییە کە منداڵە بچوکترەکان نەبردرێن بۆ هیچ شوێنێک".

لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا. تێبینی ئەوە دەکەم زۆربەی دایک و باوکان دەیانەوێت لەم دۆخەدا دڵنەوایی منداڵەکانیان بدەنەوە، بەڵام من ئەو بێتاقەتیەی ئەوم قۆستەوە بۆ دەستکردن بە گفتوگۆیەکی فەلسەفی

لەگەڵی و پرسیارم لێ کرد، چی وا دەکات ئەمە نادادپەروەریی بێت؟ تۆش سبەینێ گەورە دەبیت و وەک ئەوان ئەو شتانە وەردەگریت کە دەچیتە پۆلی چوار و پێنج. بۆچی ئەوە ڕاست نییە کە مندالآنی تەمەن جیاواز مافی جیاوازیان هەبێت و دواتریش کە ئەمان گەورە بوون ئەوەیان دەبێت وەک گەورەکان؟

**جەیک** کەمێک لەو وەڵامە ڕاما و وەڵامی دایەوە، "ئەی ئەگەر من لەو قوتابخانەیە نەمام؟ پێویست ناکات گەورە ببین بۆ ئەوەی وەکیەک مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، پێویستە ئێستا وابن". گفتوگۆکەمان بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد ئەوە ڕاستە کە کۆمەڵێک ماف بدرێت بە گروپێک، یان لە دادگەریدا پێویستە هەموو کات و بەرانبەر هەمووان وەکیەک مامەڵە بکرێت. گفتوگۆکە بەوە کۆتایی هات کە **جەیک** بڕیاری دا شتێک بنووسێ بۆ داواکردنی مامەڵەکردنی دادگەرانە بەرانبەر قوتابییانی پۆلی یەک!

ئەم چیرۆکەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی دوو خاڵ ڕوون بکەمەوە، یەکەم: کاتێک منداڵ کێشەیەکی هەبوو دەیەوێت گفتوگۆی بکات. بەشێوەیەک کە خۆی گوزارشت لە دیاردە جیاوازەکان دەکات، بەردەوام منداڵ ڕووبەڕووی ئەو شتانە دەبێتەوە کە بێزاری دەکات. زۆرجاریش دەنگ هەڵدەبڕن و هانا دەبەن بۆ ئەو گەورەیەی لێیانەوە نزیکە.

هەرچەندە ئێمە وەک گەورەکان بەدەگمەن بەدوای ئەو هەلانەدا دەچین کە ئەو گفتوگۆیانە دەیڕەخسێنن، پێویستە ئەوە بزانین کە ویستی منداڵ بۆ ناسینی دەوروبەری هەلمان دەداتێ کە گفتوگۆی فەلسەفیان لەگەڵدا بکەین. ئێمە ئەگەر لەوە تێبگەین ئەوا منداڵ چالاک دەبێت بۆ ئەو گفتوگۆیە و بەوردی گوێ دەگرێت، لەبەرئەوەی خۆی دەستی پێ کردووە. ئەوان بەڕاستی زۆر سوپاسگوزار دەبن بەرانبەر ئەو گەورانەی لێیانەوە نزیکن و گرنگی بە کێشەکانیان دەدەن و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن.

دووەم: مامەڵەی من لەگەڵ **جەیک** ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە چۆن پرسیارکردن وەها دەکات بێتاقەتی منداڵ بگۆڕدرێت بۆ چالاکبوون لە گفتوگۆکردنی بابەتە فەلسەفییەکان. لەبەرئەوەی بێزاریەکانی منداڵ تەنها گەڕان نییە بۆ داواکردنی خۆشی لە گەورەکان، بەڵکو دەیەوێت بزانێت بۆچی بێزارە و چۆن بێزاریەکەی لابەرێت. لەبەرئەوەی **جەیک** بەتوانا بوو لە گفتوگۆ فەلسەفییەکان منیش گفتوگۆم لەگەڵ دەکرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم کە کێشەکانی چارەسەر بکات، ئامادەشبوو بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان وزەیەکی باش سەرف بکات لەگەڵم.

گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵان دوای خوێندنەوەی چیرۆکێکی وێنەدار بۆیان هەردوو تایبەتمەندییەکەی تێدابوو، هەروەها ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵی دەخوێنینەوە شێوەیەکی مەتەڵئامێز و ماندووکەریان تێدایە، لەبەرئەوە منداڵان بە ئاسانی ڕانایەن لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆک بۆیان، خۆیان بە پەشۆکاوی دەبینن بەهۆی ئەو ڕووداوانەی لەناو چیرۆکەکان دەوروژێنرێت.

خوێندنەوەی چیرۆکی ئاژەڵان کە خۆیان بە ئازا ناو دەبەن و بەڵام لە هەموو ترسێک ڕادەکەن[6] یان چیرۆکی ئەو شێوەکارەی کە وێنەی سەگەکان بە خراپی دەکێشێت تەنها لەبەرئەوەی حەزی لە سەگ نییە[7] نموونەی ئەو چیرۆکانەیە کە منداڵ پەیوەست دەکات بەخۆیەوە بەهۆی ناوەڕۆکی مەتەڵئامێز و ماندووکەر و دژیەکەوە و لە کۆتاییدا منداڵ باز دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. ئێمەش ئەو پرسیارانە لە منداڵان دەکەین تا ڕابمێنن لە کێشە بنەڕەتییەکانی ناو چیرۆکەکان، بۆ ئەوەی هەلی ئەوە بڕەخسێنین بۆ منداڵان کە چارە بۆ شێواوییەکان بدۆزنەوە.

---

[6]- چیرۆکی ئەژدیها و زەبەلاحەکان

[7]- چیرۆکی تابلۆکەی ئیمیلی

دوای بەکارهێنانی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز بۆ دەستکردن بە گفتوگۆکردنی کێشە فەلسەفییەکان و پاشان چارەسەرکردنی **کێشەی دەستپێک** بە شێوەیەکی دروست. کاتێک خوێندنەوە تەواو بوو دەبێت پرسیار لە منداڵان بکەین لەسەر بابەتە مەتەڵئامێزە فەلسەفییەکان لە چیرۆکەکەدا. لەبەرئەوەی منداڵان بە جوڵاندنی ئەو کێشانە سەرنجیان دەچێتە لای چیرۆکەکان. بڕوامان وایە ئەم ڕێگەیە دەبێتە هۆی چالاککردنی بیرکردنەوەی منداڵان بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشە و مەتەڵانەی لە چیرۆکەکاندا هەن.

ئاگاداربین زۆربەی ئەو چیرۆکانەی بەکاری دەهێنین بۆ پرسیار جوڵاندن، کێشە فەلسەفییەکان چارەسەر ناکەن (وەک ئەوەی چیرۆکێک وەها دەربکەوێت کە کەسەکە زۆر ئازایە، بەهۆی کردنی سەرکێشی مەترسیدارەوە و لە ڕاستیدا کارێکی گەمژانە دەکات)، ئەوەی ئێمە دای دەڕێژین پرسیاری ڕوون دروست دەکات کە هەموو منداڵێکم دوای گوێگرتن لە چیرۆکەکە دەیەوێت بەدوای ئەو مەتەڵانەدا بچێت. لە کۆتایدا چێژی ئەو منداڵە بۆ خوێندنەوەکە وەها دەکات بەدوایدا گفتوگۆیەکی چێژبەخشی فەلسەفی دەست پێ بکات.

ئەوە گرنگە دڵنیابین لەوەی یەکێک لە بنەما گرنگەکانی گفتوگۆ فەلسەفییەکان قایل نەبوونە بە وەڵامەکان، ئەوە نەک تەنها کێشە نییە بەڵکو ئەگەر بەڕێزەوە ئەنجام بدرێت دەبێت بنرخێندرێت. ئەوە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی لە کێشە فەلسەفییەکاندا ڕێکەوتنێک نییە لەسەر بابەتەکان. بۆ نموونە فەیلەسوفەکان ڕێنەکەوتوون لەسەر وەڵامێک بۆ پرسیاری: "مانای ژیان چییە؟" یان ئەگەر بگونجێ وەڵامیش بدرێتەوە، گرنگی گفتوگۆ فەلسەفییەکان لە دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستدا نییە و بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە وەڵامێکی جیهانی و گشتگیر نییە. ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین ئەوەیە منداڵان بە بەکارهێنانی ژیری خۆیان چۆن دەتوانن وەڵامی عەقڵانی و بەڵگەداری ئەو پرسیارانە بدەنەوە.

لە قوتابخانە نەریتییەکاندا جارجار نزیکە گفتوگۆی فەلسەفی ڕوو بدات کاتێک کێشە دروست دەبێت لەسەر بابەتەکان، و داوایان لێ دەکرێت وەڵامی ڕاست بۆ پرسیارەکان بدۆزنەوە. بەڵام لە گفتوگۆی فەلسەفیدا جەخت لەسەر ڕاستییەکان ناکرێتەوە بەڵکو دەبێت بەڵگە بۆ وەڵامەکانت بهێنیتەوە و بە بەڵگەی شیاو پاڵپشتیان بۆ بدۆزیتەوە.

هۆکاری بەکارهێنانی کتێبی منداڵانە هەر ئەوەیە کە مانای باشی تێدایە بۆ دەستکردن بە پرسیارە فەلسەفییەکان بەو شێوەیەی منداڵان حەزیان لێیە، کاتێک تەماشای ئەو کتێبانە دەکەیت ئێمە بەکارمان هێناوە دەبینیت چۆن شیاون بۆ ئەوە.

هەندێک جار کتێبەکانی قوتابخانە خۆیان شیاون بۆ ئەو بابەتە و ئێمە تەنها چۆنێتی وانەگوتنەوەمان دەگۆڕین، وەک ئەوەی پێشتر گوتم لە بەشی داهاتوودا دەچینە سەر باسکردنی کێشەی ڕێکخستن.

لەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خوێندنەوەی چیرۆک چۆن یارمەتی دەستپێکردنی گفتوگۆ دەدات لەنێو خوێندکاران، و لای فەیلەسوفەکانیش گرنگی دراوە بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پرسیارکەر لەڕێی گفتوگۆی فەیلەسوفەکان لەگەڵ منداڵان. نموونەش بۆ ئەوە وەک (Kennedy 1996). ئەم ڕێگەیەش یارمەتی مامۆستایان دەدات ڕۆڵی خۆیان لەبەرچاو بێت وەک یارمەتیدەر و هاندەرێکی فێربوون، بە پەیوەندییان لەگەڵ خوێندکاران و پاراستنی پەیوەندی خوێندکاران و مانەوەیان لەسەر گفتوگۆ بەشێوەیەکی دروست.

هەروەها گرنگە ئەوەش بزانین چیرۆک یارمەتی بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکان دەدات و وەها دەکات قوتابییەکان لەسەر بابەتەکە بمێننەوە.

**تێبینی:**

جیاوازی نێوان وانەی فێربوون-سەنتەر و مامۆستا-سەنتەر کە لێرەدا باس کراوە، چەند کەسێکی تریش باسیان کردووە بۆ نموونە بڕوانە:

Paulo Freire’s discussion of the banking conception of education(1970)

# بەشی چوارەم
# گەمەی فەلسەفە

لە بەشی ڕابردوودا باسی ئەوەم کرد لە بەشی داهاتوودا قسە لەسەر **کێشەی ڕێکخستن** دەکەین، ئەوەی چۆن مامۆستا هاندەری گفتوگۆ فەلسەفییەکان بێت بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشمان هەبێت. ئەم کێشەیە گرنگە لەبەرئەوەی بەشێک لە مامۆستاکان ئەزموونی فەلسەفەیان نییە، ئەمەش ئاساییە چونکە ئێمە نامانەوێت مامۆستا زانیاری و تێڕوانین و دیدەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ خوێندکاران و لەوانەیە بۆ ئەوەش ئامادە نەکرابێت. لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا هاندانە بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان تا خوێندکاران خۆیان وەڵام بۆ پرسە فەلسەفییەکان بدۆزنەوە لەو چیرۆکانەی کە بۆیان دەخوێنرێتەوە. لێرەدا ئەوە گرنگە چۆن مامۆستا چاودێری ئەم گفتوگۆیانە بکات؟

کێشەی یەکەم ئەوەیە چۆن مامۆستا بزانێت ئەو پرسیارە یان ئەو کێشەیە فەلسەفییە. ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە کێشە فەلسەفییەکان و فەیلەسوفەکان گفتوگۆی گەرمیان لەسەری هەیە. لای من کێشەی فەلسەفی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئەزموونی وەڵام نادرێتەوە و ڕێکارێکیش نییە کە ئامادە بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە.

بۆ نموونە ئەو پرسیارە باوەی منداڵ کە باسمان کرد. "بابە ئاسمان بۆ شینە؟" ئەمە پرسیاری فەلسەفی نییە لەبەرئەوەی لە فیزیادا بەشێوەیەکی زانستی وەڵام دراوەتەوە. **جۆن تیندال** زانای فیزیا لەساڵی ١٨٥٩ گوتی: تەنۆلکەکانی هەوا ڕووناکی شین لە خۆرەوە پەرش دەکاتەوە، بەم شێوەیە ئاسمان ڕەنگەکەی بە شین دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی ئەم کێشەیە لای فیزیاییەکانە، کێشەیەکی فەلسەفی نییە. بەڵام ئەگەر منداڵێک پرسیار بکات لەوەی ئایا ئاسمان تەنێکە لە سەروو ئێمەوە؟ ئەمە پرسێکی فەلسەفییە لەبەرئەوەی

دەچێتە ئەودیو توانای فیزیاییەکانەوە و پرسیار لەسەر تێگەیشتنە ئاساییەکانی ئێمە دروست دەکات –لەسەر ئەوەی ئایا یەک ئاسمان هەیە- تێگەیشتنەکانی ئێمەش تەنها لە سنووری ئەم جیهانەی خۆماندایە.

یان ئەو پرسیارەی ئایا هەموو تێگەیشتنەکانی ئێمە هەڵەیە؟ ئەگەر هیچ پرسیارێک فەلسەفی نەبێت بەدڵنیاییەوە ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەی فەلسەفییە. فەیلەسوفەکان دەزانن ئەم پرسیارە لە ئێستا و داهاتوودا دەکرێت، کاتێک بەڕاستی خەڵکی لەو خەوەی تێیدان و بڕوایان پێ هێناوە خەبەریان دەبێتەوە، ئەو پرسیارە دەکەن و دەبیتە مەتەڵ لایان و بیر دەکەنەوە لەوەی ئەوەی لێرە ڕووی داوە چییە. تایبەتمەندی گرنگی ئەو پرسیارە فەلسەفییەی لێرەدایە ئەوەیە کە هیچ ڕێکار و شێوەیەکی دیاریکراو و باو بۆ شیکارەکەی نییە و –جگە لە فەلسەفەش خۆی- هیچ شتێکی تر ناتوانێت وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە. ناتوانیت لە هاوڕێیەکت بپرسیت یان تاقیکردنەوەیەکی لەسەر بکەیت، وەڵامی هاوڕێکەشت ناتوانێت بۆت چارەسەر بکات، هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکیش ناتوانێت پێم بڵێت ئەو شاشەیەی کاتێک من دەنووسم و وشەکانی لەسەر دەردەکەوێت ڕاستەقینەیە؟

ئەم تێگەیشتنە لە فەلسەفە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هەندێک پرسیار وەها دەردەکەوێت فەلسەفی بێت بەڵام لەم سەردەمەی تێیداین پرسیارێکی فەلسەفی نییە. باشترین نموونەش ئەو پرسیارەیە -یاسا بنچینەییەکانی گەردوون کامانەیە؟- فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن چەندەها وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارە هەیە –سەرەتا بنەماکەیان بە ئاو دانا و دواتر گۆڕییان بە چەند شتێکی تریش، ئەتۆمیشیان باس کرد- بەڵام ئێستا ئێمە ئەمە وەک پرسیارێکی زانستی دەبینین بەهۆی جێگیربوونی بە تاقیکردنەوە و تیۆرییە زانستییەکان. لێرەوە تەنها ئەو پرسیارانە بە فەلسەفی سەیر دەکرێت کە ڕێگەیەکیان لەسەر جێگیر ناکرێت و ناتوانین بە ڕێگەیەکی دیاریکراو وەڵامیان بدەینەوە.

کاتێک فەیلەسوفان دەیانەوێت لە جیهانی خۆیاندا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، دەیانەوێت بە شێوەیەکی لۆژیکی ئەوانی تر قایل بکەن بە وەڵامەکانیان. ئەوان هاوار و هەڕەشە لە خەڵک ناکەن بەڵکو دەیانەوێت تەنها ئەو خەڵکانە قایل بکەن کە لەگەڵیان هاوڕا نین. بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی لەوانەیە هەموو باوەڕە هەستەکییەکانمان هەڵە بن، فەیلەسوفەکان هەریەک ڕێوشوێنی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە هەیە، و زۆربەی فەیلەسوفەکان ئەو بەڵگەیە دەهێننەوە کە ناکرێت هەموو باوەڕە هەستەکییەکان هەڵە بێت. هەندێک دەیانەوێت پێچەوانەکەی بسەلمێنن، و هەندێکیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە هەر هەڵەیە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، لەبەرئەوەی پرسیارەکە بۆخۆی لەسەر چەند پێشگریمانەیەکی[8] هەڵە کراوە، ڕێگە فەلسەفییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسێکی فەلسەفی زۆرن، بەڵام لە هەموویاندا هەوڵدان بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوانی تر هەیە.

ئەمە بە تەواوی بەهۆی ئەوەوەیە کە تایبەتمەندییە فەلسەفییەکان لە ڕێگە زمانەوانیەکانەوە ڕوون دەکرێتەوە، بۆیە نائومێد مەبە لە هاندانی گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەگەڵ منداڵان. لەناو فەیلەسوفەکاندا چەند ڕێگەیەکی باش هەیە بۆ ئەوەی چۆن بەڵگەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە، بەڵام لە زۆربەی شتەکانی تردا ناکۆکن.

بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین، دەمەوێت لێکچوونێک لەنێوان یاریکردن و گفتوگۆی فەلسەفی بخەمەڕوو، بەدڵنیاییەوە لە هەموو جۆرەکانی یاری لە شەترەنجەوە هەتا بەیسبۆڵ و بگرە یارییە جەنگییەکانیش. هەموو یارییەکان کۆمەڵێک یاسای تێدایە کە ڕێگە بە کۆمەڵێک جوڵە دەدات و ڕێ لە کۆمەڵێک جوڵەش دەگرێت.

---

[8]- پێشگریمانە: واتە تێڕوانینێکی پێشوەخت بۆ بابەتێک کە دواتر تۆ لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێکی تر دەکەیت.

زۆربەمـان دەزانـین "سـێ لێـدان و دەردەکرێیـت" ئەمە یاسـایەکی بەیسبۆڵە. هەرچەندە کەمێک ئاڵۆزە بەم شێوەیە باسی بکەین ، بەڵام ئەم یاسـایە مەرج دادەنێـت، دوای ڕووداوێکـی دیـاریکراو –فڕێـدانی تۆپەکە سێجار لەلایەن تۆپگرەکە- دەبێتە هۆی ئەنجامدانی جوڵەیەکی دیـاریکراو لە یـارییەکەدا، ئەو کەسـەی بە دارەکە لە تـۆپەکە دەدات دەچێتە "دەرەوە" لەبەرئەوەی سێ تۆپی لەدەست چووە و ئەگەر ئەمە ڕوویدا چیتـر ناتوانێت لێی بـدات، و دەبێـت یاریکەرێکی تـر شـوێنی بگـرێتەوە یـان ڕاهێـنەر شـوێنەکەی بگۆڕێـت - ئەم دوو جـوڵە جێگرەوەیە ناسـراوە لە یاسـاکاندا و کاتێک لەتۆپدەرەکە سێ لێدانی هەبێت ئەوا لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.

چەند یاسایەکی تر هەن کە پێکەوە یاری بەیسبۆڵ پێک دەهێنن. من دەمەوێـت بیـر لەم یاسـایانە بکەیـتەوە کە چ جـوڵەیەک ڕێپێـدراوە لە یارییەکەدا. کاتێک تۆ ئەم دیدەت لەلا ڕوون بوو، قورس نییە لەوە تێ بگەیت کە دادوەرەکە کاری ئەوەیە چـاودێری جێبەجێکردنی یاسـاکان بێت -بۆ ئەوەی هەر یەکێکیـان جێبەجـی بکرێـت- و بەمەش جـوڵەی داهاتووی یارییەکە ڕوون دەبێت.

کاتێکیش دادوەرەکە بڕیار دەدات کە تۆپەکە چووە نـاو هانـدەرانەوە ئاساییە یان فاوڵە، و بڕیـاری جوڵەی داهـاتوو دەدات کە گێمێک زیـاد بکات بۆ تیمە باشەکە یان بیانگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لێدانێکی تـر ئەنجـام بدەن. لێرەدا دادوەرەکە بڕیار لە جوڵەی یاریزانەکان دەدات و دەڵێت جوڵەکانیان یاساییە یان نـا. بەیسـبۆڵ ناسـراوە بە “rhubarbs,” یـان گفتوگـۆی تونـد، گفتوگۆکـان ڕوودەدات کاتێـک یاریزانەکـان هەسـت دەکەن دادوەر هەڵەیەکـی کـردووە لە جێبەجێکردنـی یاسـاکان. ئەو گفتوگـۆیەی لەنێـوان یاریزانەکـان و دادوەریـش ڕوودەدات جـوڵەی داهاتووی یارییەکە دیاری دەکات.

ئەم بابەتە ڕوونتر دەبێت کاتێک شـەترەنج وەک نمـوونە بهێنینەوە، مـن دەمەوێ ئەو بیـرۆکەیە ببینیـت کە یـارییەک کۆمەڵێـک جـوڵەی

دیـــاریکراوی هەیە و ئەمەش بەســـەر هەمـــوو جـــۆرە چالاکییەکـــدا جێبەجـێ دەبێـت، و لەوانەیە نەتـوانین بەتەواوی وەسـفی بکەیـن و بیهێنینە پێش چاو. کاتێک ئەم بیرۆکەیەت وەرگرت، دەتوانیت تێبگەیت کە گفتوگـۆ فەلسـەفییەکانیش وەک ئەم یاریـانە بە یاسـا ڕێکخـراون. لێرەوە دەبێت مامۆستا ڕۆڵێکی سروشتی هەبێت لە چاودێریکردنی گفتوگۆکان و وەک دادوەری نـاو یارییەکان ڕۆڵـی هەبێت بـۆ ئەوەی سـنووری یاسـاکانی بیرکردنەوە[لۆجیـک] نەبەزێنرێـت لە گفتوگـۆ فەلسەفییەکاندا.

لەم لێکچوانـدنەدا ڕۆڵـی مامۆسـتا لە یـاریی فەلسـەفەدا وەک دادوەرەکەیە کە دەڵێت ئەو جوڵەیە یاساییە یان نا، لێرەدا مامۆستاکە وەک دادوەرەکەی یـاری بەیسـبۆڵ یـارییەکە جـێ دەهێڵێـت بـۆ یاریزانەکـان هەتـا هەڵەیەک ڕوو دەدات، و لە کـاتی پێویسـتدا دێـتە نـاوەوە، کاتێـک زانـی نـزیکە یاسـایەکی یـارییەکە بشـکێنرێت. بەدڵنیاییشـەوە وەک دادوەرەکەی "تـۆپەکە" دێنێت بـۆ دەسـتکردن بە یارییەکە، پێویستە مامۆستا یارمەتیدەر بێت بۆ دەستکردن بە گفتوگۆ فەلسەفییەکان لە پۆلدا و چاودێری بەڕێوەچوونی بکات.

شـتێک هەیە باسـی بکەیـن لەوانەیە بێـزارت بکـات. دادوەری یـاری بەیسـبۆڵ دەبێـت زانیـاری زۆر باشـی هەبێـت لەبـارەی یاسـاکانی بەیسـبۆڵ. بـۆ نمـوونە دەبێـت بزانێـت چـی دەکـات ئەگەر تۆپێـک بە ئاسـمانەوە دای لە سـتوونی یاریگـاکە وەک ئەوەی لە یـاری تیپـی **گۆرەوی سوورەکان** ڕوویدا. ( کە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەبێت دادوەر زۆر بەوردی ئاگاداری جێبەجێکردنـی یاسـاکانی یـارییەکە بێـت) ئیـدی ڕۆڵـی مامۆسـتایەک دەبێت چۆن بێت لە چاودێریکردنی گفتوگۆی قوتابییـانی سـەرەتایی؟ ئایـا پێویسـت نییە زانیـاری زۆری هەبێت دەربـارەی یاسـای گفتوگـۆ فەلسەفییەکان بۆ پاراستنی یاساکان و هاندانی قوتابییان؟

وەڵامەکە بەڵێ بێت یان نەخێر، مامۆستا دەبێت هەندێک زانیاری هەبێت دەربارەی پێکەوەگرێدانی کێشە فەلسەفییەکان، بەڵام پێویست نییە زانیارییەکی فراوانی هەبێت لە بوارێکی دیاری کراوی فەلسەفە، ئەمەش لەبەرئەوەی بنەما سەرەتاییەکان بۆ گفتوگۆی فەلسەفی سادەن و بەو ڕادەیەش قورس نییە بۆ تێگەیاندنی خوێندکار.

لە ڕاستیدا پێم وایە شەش یاسا هەیە بۆ پێکەوەبەستنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان. هەرچەندە تەواو ئاڵۆزە کاتێک بڕیار بدەیت یەکێکیان لە ناوکۆییەکی[9] دیاریکراودا بەکار بهێنیت، ئەمە بۆ مامۆستا ئاسانە ئەگەر ڕەچاوی لێکچونەکانی نێوان گفتوگۆ فەلسەفیی و یارییەکان بکات، و خاڵێکی گرنگ ئەوەیە چاودێری ئەوە بێت کاتێک منداڵێک ڕای خۆی دەردەبڕێت مامۆستا بزانێت لە خزمەت بەردەوامیدانە بە گفتوگۆکان یان کێشە بۆ گفتوگۆکان دروست دەکات، نابێت ڕێگە بدات بە جوڵەیەک پێچەوانەی یاساکان بێت و یارییەکە تێک بدات. لێرەدا ڕۆڵی مامۆستاکە تەواو لە دادوەرەکە دەچێت: مامۆستا دیاری دەکات کامە هەڵەیە و دەبێت ڕاست بکرێتەوە بۆ چوونەوە سەر هێڵی گفتوگۆ.

چییە ئەو یاسا گرنگانەی کە پێویستە بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان؟ وەک پێشتر گوتم شەش یاسا هەیە، کە مەرج دادەنێن بۆ کاردانەوە نەگونجاوەکان لە کاتی گفتوگۆدا. بیرت نەچێت مامۆستا جگە لە هاندان ڕۆڵێکی تریشی هەیە: ئەویش دەستپێکردنی گفتوگۆیە بە خوێندنەوەی چیرۆک و پرسیارکردن. هەرچەندە کاتێک گفتوگۆ دەست پێ دەکات ڕاستەوخۆ مامۆستا دەبێت ڕۆڵی ڕێکخەر ببینێت لە یارییەکەدا.

ئێستا باسی ئەو شەش یاسایە دەکەین کە جوڵە ڕێپێدراوەکان دیاری دەکەن لە گفتوگۆ فەلسەفییەکان.

---

9- سیاق، context

*١- ڕای خۆت لەسەر بابەتەکە دەرببڕە -وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە- بە شێوەیەکی ڕوون دوای بیرکردنەوە لێی.*

ئەمە زۆرجار بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت لە گفتوگۆی پۆلدا، منداڵان بەزۆری دەیانەوێت قسە بکەن، هەتا ئەگەر قسەیەکی پەیوەندیداریان نەبێت بە بابەتەکەوە، گرنگە هانی منداڵان بدەین بۆ ئەم بنەمایە "بیرکردنەوە پێش قسەکردن" نەک خێرا دەستهەڵبڕین بۆ وەڵامدانەوە.

هەروەها پێویستە منداڵان فێر بکەین چۆن سەرنجەکانیان دەرببڕن بەشێوەیەک هاوپۆلەکانیان تێبگەن لەوەی هاوپۆلەکەی دەیەوێت چی بڵێت. بۆیە ئەگەر بەتەواوەتی دڵنیا نەبووی لەوەی منداڵێک چی دەڵێت، دەتوانیت دڵنیا بیتەوە یان یارمەتی بدەیت لە دووبارە گوتنەوەی بیرۆکەکانی بەشێوەیەکی باشتر، و ئەوەش تەواو یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر پرسیار لە منداڵەکانی تر بکەیت کە ئەم چی گوتووە. لە کۆتایدا ئەوە گفتوگۆی خۆیانە و پێویستە خۆیان بزانن چی گوتراوە ئەگەر بەشدارن تێیدا. منداڵان زۆرجار پێیانەوە دیارە کە لە شتێک تێناگەن، بۆیە تۆ وەک مامۆستا هۆکارێکی باشت هەیە بۆ ئەوەی داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکەیت. خۆشبەختانە کاتێک کار لەسەر منداڵان دەکەیت پەیڕەوی بنەماکان دەکەن ئەگەر تێبگەن چی گوتراوە و خۆیان بەسەر گرەفتەکەدا زاڵ دەبن.

*٢- بزانە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە باسکراوە هاوڕایت یان نا.*

ئێمە زۆرجار دەزانین چۆن بیر لە کاروبارەکانی ڕۆژانە بکەینەوە، بەڵام ئەبستراکتی[10] هەندێک لە کێشە فەلسەفییەکان وای کردووە کە بۆ تێگەیشتن گران بێت، لەبەرئەوە گرنگە کە منداڵان بزانن لەکوێی ئەو بابەتە فەلسەفییانەدان کە گفتوگۆی لێ دەکرێت.

---

[10]- ئەبستراکت: واتە ئەو بابەتانەی بەرجەستەیی و سنووردار نین و فۆڕمێکی دیاریکراویان نییە. بۆ نموونە چەمکەکانی جوانیی، فەزیلەت، حەقیقەت بە ئەبستراکت دادەنرێن، چونکە ناتوانین وێنەیەکی دیاریکراویان پێ بدەین.

لەوانەیە منداڵان پرسیار بکەن دەربارەی ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بۆیە بۆ بەخشینی زانیاری زیاتر پێیان دەتوانین یارمەتیان بدەین کە لەسەر چی دەدوێن. بەڵام جوڵەی گرنگ لە یارییە فەلسەفییەکەدا ئەوەیە چۆن بیر لە بابەتێک دەکەیتەوە کە یەکێک هێناویەتە ناو باسەوە، لەبەرئەوە دەبێت تۆ پرسیار بکەیت لە کاتێکدا کە منداڵ وەڵامی بابەتێک دەداتەوە، "کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە شاکویڵ گوتی و کێش لەگەڵیدا نییە؟" (بەڵام لەپێشدا پێویستە بزانیت کە منداڵەکان لە قسەی هاوڕێکەیان تێگەیشتوون.) ئەوە زۆر بەسوود دەبێت ئەگەر بابەتەکەیان لەلا ڕوون بێت پێش ئەوەی قسەی لەسەر بکەن و بڵێن (من لەگەڵ ئەو بابەتەم یان لەگەڵی نیم.)

٣- *نموونەی واقیعی و زیندوو بهێنەرەوە بۆ گفتوگۆی کێشەیەکی دیاریکراو.*

بابەتە فەلسەفییەکان گشتی و ئەبستراکتن. وەک بەشێک لە گفتوگۆکان گرنگە منداڵان نموونە بهێننەوە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێک. بۆ نموونە کاتێک لەسەر ئازایەتی قسە دەکەین لە چیرۆکی **"ئەژدیها و زەبەلاحەکان"** زۆر بەسودە ئەگەر لەسەرەتای گفتوگۆکە پرسیار بکەین لە قوتابییەکان کە باسی ئەو کاتانە بکەن کە تێیدا ئازایەتیان نواندووە. ئەمە چیرۆکەکە و بیرۆکەکانی دەباتە ناو ژیانیانەوە و پاشان پەیوەندی ژیانیان بە فەلسەفەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەرچەندە لێرەدا کێشەیەک هەیە: منداڵان حەزیان لە گێرانەوەی چیرۆکە، لەبەرئەوە گرنگە پارێزگاری لەو بەشدارییەیان بکرێت و هانیان بدرێت بیر لە وەڵامی گونجاو بکەنەوە بۆ پرسیارەکان، پێش ئەوەی کە چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە.

٤- *هێنانەوەی نموونەی پێچەوانە بۆ ئەو بابەتەی باس کراوە.*

لە وەڵامدانەوەی پرسیارە فەلسەفییەکاندا، زۆرجار کەسێک گشتاندن دەکات. بۆ نموونە ئەگەر پرسیار بکەیت ئازایەتی مرۆڤێک لە چیدایە، لەوانەیە منداڵێک بڵێت "نەترسیت کاتێک شتی مەترسیدار

دەکەیت" ئەمە گشتاندنە، لەبەرئەوەی تەنها بە بۆچوونی ئەو ئازایەتی ئەوەیە کەسێک ڕووبەڕووی مەترسییەک ببێتەوە و نەترسێت.

بنەمایەکی گرنگی فەلسەفی, بیرکردنەوەیە لەوەی ئایا ئەو گشتاندنە بەسەر هەموو دۆخ و دیاردەکانی ئەو بابەتەدا جێبەجێ دەبێت. یەکێک لە ڕێگەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێڕوانینە، هێنانی نموونەی دژ بە وەڵامەکەیە (بۆ نموونە ئازایەتی لە باسەکەی ئێمەدا) بڵێین ناچێتە ژێر ئەو پێوانەیەوە کە کورتبکرێتەوە لە (ڕووبەڕووبوونەوەی شتێکی مەترسیدار بەبێ ترس). لێرەدا ئەوە گرنگە چۆن منداڵان فێری ئەم لێهاتووییە بکەین، و پێویستە فێربن چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕاستیی گشتاندنەکاندا بکەن.

ڕێگەیەکی باش بۆ فێربوونی ئەوە، پرسیارکردنە بە گروپ، دوای ئەوەی منداڵێک وەڵامێکی گشتی خستە ڕوو، ئەوان بیر بکەنەوە لەوەی چۆن نموونەیەک بدۆزنەوە کە بۆ ئەو گشتاندنە ناشێت، لێرەدا تۆ دەتوانیت بپرسیت، "کەس دەتوانێت نموونەیەکم بداتێ بۆ ئازایەتی بەبێ ئەوەی کەسەکە ڕووبەڕووی ترس و مەترسی ببێتەوە؟" منداڵەکە بە شتێک وەڵامت دەداتەوە کە کردویێتی و بە ئازایەتی داناوە، بەڵام دەڵێت ترساوە کاتێک ئەوەی کردووە، یەکێکی تریان بەهەمان شێوە نموونە دەهێنێتەوە کە ئەویش ترساوە، ئەگەر منداڵان ئەمەیان کرد و وەڵامی دژیان بۆ بابەتەکە هینا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تێگەیشتوون لەوەی ئەو پێناسەیە بۆ ئەو بابەتە ناشێت.

نموونەی دژ وەک کارتی "بچۆ ناو زیندان" ی یاری مۆنۆپۆڵی وایە. دەتخاتە دوور لەو شوێنەی کە تۆ تێیدای بەرانبەر بابەتێک، وات لێ دەکات شتێک بکەیت بۆ ئەوەی پێش بکەویت و لە "زیندانەکە" بێیتە دەرەوە، منداڵان پێویستە بیر بکەنەوە لەوەی چۆن وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ وەڵامە دژەکان. دەتوانن وەڵامی دژیان هەبێت و گفتوگۆکە بە جێگەیەکی تردا بەرن، یان دەتوانن بە وەڵامی پێشویاندا بچنەوە بە ڕێگەیەک کە لە خاڵی داهاتوو باسی دەکەم.

٥- *خستنەڕووی وەڵامێکی ڕێکخراوتر لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەدا.*

فەیلەسوفەکان خەڵکانێکی کەڵلەڕەقن، و بەئاسانی دەست لە تێڕوانینەکانیان هەڵناگرن. لە کاتێکیشدا نموونەیەکی دژیان دەخەیتە بەردەست، هەمان دیدی پێشتریان بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر دەڵێنەوە، و بەردەوام ئاگایان لە نموونە دژەکانە. لەبەرئەوە پێویستە منداڵانیش بەباشی ئەم لێهاتووییە فێربن.

لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نموونەیەکی پێچەوانەدا بۆ بابەتی ئازایەتی، دەتوانیت داوا لە خۆی بکەیت -یان هاوڕێکانی کە لەگەڵی گفتوگۆ دەکەن- بۆ وەڵامدانەوەی ڕا پێچەوانەکە، لەم نموونەیەی ئێمەدا لەوانەیە یەکێکیان وەڵامدانەوەی هەبێت و بڵێت "تۆ ئازایت ئەگەر نەتهێشت ترسەکەت دوورت بخاتەوە لە کردنی ئەوەی دەتەوێت بیکەیت لە دۆخێکی مەترسیداردا". ئەمە ڕێکخستنەوەی بابەتەکەی پێشترە بۆ بەرپەرچدانەوەی نموونە دژەکە.

٦- *بە بەڵگە پشتیوانی لە بۆچوونەکەت بکە.*

لە گەمەی فەلسەفەدا، ئەوە بەس نییە ئەوە بڵێیت کە بیری لێ دەکەیتەوە، بەڵکو پێویستە ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆ وەها بیر دەکەیتەوە. منداڵان بەئاسانی دەتوانن ئەمە فێر ببن. پاش هەموو شتێ لێت دەپرسن بۆ؟ لەبەرئەوە زۆرجار لایان کێشە نییە لێیان بپرسیت بۆ؟ لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئەوە ڕوون بکەیتەوە چ جۆرە وەڵامێکی بەڵگەدار دەدەیتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە لێت دەپرسن بۆ ئەو کارە دەکەیت.

ڕوونکردنەوە فەلسەفییەکان پێویستە لۆژیکی بن و ڕوونکردنەوەی گونجاو بدەن بە خوێنەر کە بۆچی پێویستە ئەم بۆچوونە وەربگیرێت. ئەگەر منداڵێک پرسیاری کرد بۆ ئەو وەها بیر دەکاتەوە (بۆ نموونە بۆ ئازایەتی نەترسانە لە کەس) ئەوی تریش وەڵام بداتەوە بڵێ لە کتێبێکدا خوێندمەوە یان لە ئینتەرنێتدا بینیم یان خوشکە گەورەکەم

پێی گوتم؛ ئەمانە وەڵامی گونجاو نین و دەبێت بە وەڵامی تر پشتیوانی بکرێن. وەڵامی گونجاو ڕوونکردنەوەی ئەوەیە چی دادەنرێت بە ئازایەتیی، کاردانەوەی گونجاو چییە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکدا، یان ترس چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەیە.

خوێندکاران لەوانەیە نەتوانن بەتەواوی بیرۆکەکانیان ڕوون بکەنەوە لە چاوتروکاندنێکدا، بۆ بەرەوپێشچوون چەند ڕاهێنانێکیان پێویستە. کاتێک قوتابییەک نازانێت چۆن بەڵگە بهێنێتەوە و ڕای خۆی دەربڕێت، گرنگە ئاوڕ بداتەوە بۆ هاوپۆلەکانی و داوای هاوکارییان لێ بکات، ئەوانیش ئەگەر بتوانن هاوکاری بکەن بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی گونجاو بۆ بۆچوونەکەی.

بەکورتی، ئەو شەش یاسایە (لەخشتەی 4.1 کورتکراونەتەوە) گرنگ و پێویستن بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان. کاری تۆ وەک یارمەتیدەرێک یان وەک هەر دادوەرێک ئەوەیە کە دڵنیابیت لەوەی یاریزانەکان بەپێی یاسا بڕۆن و یارییەکە بەباشی بڕوات، بۆ ئەوەی منداڵەکان پەیوەستبن پێیەوە. کاتێک مامۆستا پێی وابوو ئەو دادوەرێکە نەک سەرچاوەی بەخشینی زانیاری، ئەوا سەرکەوتنی بیرۆکەی بەڕێوبردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان تەواو ئاسانتر دەبێت.

## خشتەی 4.1 یاساکانی گفتوگۆی فەلسەفی

١. ڕای خۆت لەسەر بابەتەکە دەرببڕە -وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە- بەشێوەیەکی ڕوون دوای بیرکردنەوە لێی.
٢. بزانە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە باسکراوە هاوڕایت یان نا.
٣. نموونەی واقیعی و زیندوو بهێنەرەوە بۆ گفتوگۆی کێشەیەکی دیاریکراو.
٤. هێنانەوەی نموونەی پێچەوانە بۆ ئەو بابەتەی باس کراوە.
٥. خستنەڕووی وەڵامێکی ڕێکخراوتر لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەدا.
٦. بە بەڵگە پشتیوانی لە بۆچوونەکەت بکە.

پێشتر گوتم کاتێک وانەی فەلسەفە دەڵێینەوە بە منداڵان، ئێمە لە ڕاستیدا هیچیان پی ناڵێین بەڵکو تەنها دەیانبەینە ناو گفتوگۆکردنی بیرۆکەکانیانەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو. کاتێک ئێمە هیچ شتێک ناڵێین دەربارەی ئەوەی منداڵان لەسەری دەدوێن، بەڵام ئێمە بەتەواوی پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەوەی دەیڵێن یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەو یاسایانەی گفتوگۆی فەلسەفی کە باسمان کرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە بەڕاستی شتێکیان فێر دەکەین: چۆن بەشداربن لە گفتوگۆ فەلسەفییەکان.

لەڕاستیدا ئەم دەسکەوتە گرنگە و زۆر یارمەتیان دەدات لە هەموو بوارەکانی تری پەروەردە و فێربوون و ژیاندا، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا یاسای گفتوگۆ فەلسەفییەکان یاسای بنەڕەتین بۆ هەموو بیرکردنەوە و بابەتەکان و گوێ نادەنە ئەوەی کە چ بابەتێکە. لەبەرئەوەیە فەلسەفە بەو ڕێگەیە دادەنرێت کە بیر لە بیرکردنەوە دەکاتەوە، فەلسەفە ڕێگەکەی لەوەش فراوانترە.

لەبەرئەوەیە گوتنەوەی فەلسەفە بە منداڵان گرنگە و دەبێتە هۆی شارەزابوونیان لە یاساکانی گفتوگۆی فەلسەفی، و هەروەها توانایەکیان پێ دەبەخشێت کە بتوانن سەرەتایەکی باشیان هەبێت بۆ ئەوەی بەبێ مامۆستا خۆیان بتوانن لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن لە هەموو بابەتەکاندا. هەروەها کۆمەڵێک چالاکیان پێ دەبەخشێت لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیاندا کە بەدرێژایی پرۆسەی پەروەردە سوودیان دەداتێ.

کاتێک لەگەڵ **ماری کۆهی** مامۆستای قوتابخانەی جاکسن کارم دەکرد، کۆمەڵێک پرسیارمان دانا بۆ گفتوگۆکردنی کتێبەکەی **ولیام ستیگ** بەناوی (The Real Thief (2007، چیرۆکی قازێکە بەهەڵە تاوانبار کراوە بە ئەنجامدانی تاوانێک بە کۆمەڵێک بەڵگەی ناڕاستەوخۆ. کاتێک قوتابییەکان چیرۆکەکەیان گفتوگۆ کرد،

دەیانویست لەوە تێبگەن چۆن دەکرێت کەسێک تاوانبار بکرێت بەبێ بوونی بەڵگەیەکی سەلمێنراو.

بۆ یارمەتیدانی لە ڕوونکردنەوەی ئەمە، ماری هاوژینەکەی منی بانگ کرد کە پارێزەر بوو، بۆ ئەوەی پێوەرە جیاوازەکانی بەڵگەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. خێزانەکەم باسی بەڵگەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ کردن، لەگەڵ ڕادەی باوەڕپێکراوی هەر یەکەیان. بەوەش منداڵەکان تێگەیشتن لەوەی چۆن هەڵەکردن لە دادوەریدا شیاوە کاتێک بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە تاکە بەڵگە بۆ تاوانبار کردن.

لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە، بیرۆکەی بەڵگە باشتر گەیشتە لای منداڵەکان، کێشە نیە منداڵەکان لە چی دەکۆڵنەوە –لە مێژوو تا زانست– ئەوان بەگەرمی داوایان دەکرد کە بزانن بەڵگە بۆ هەر بۆچوونێکی باسکراو چییە. میوانەکان کاتێک ئەو پۆلەیان بەجێ هێشت سەریان سوڕما لەوەی منداڵانی قۆناغی دوو ئەوەی دەیڵێن بە بەڵگە پاڵپشتی بۆ دەهێننەوە، منداڵانێک کە چیتر بە شێوەیەکی ڕووکەش چیرۆکەکان وەرناگرن. بڕوانە (Cowhey 2006, 157) کە نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی بزانین پەروەردەیەکی فەلسەفی چەند گرنگە بۆ منداڵان تا خۆیان بیر بکەنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی گوتنەوەی چۆنێتی گفتوگۆ فەلسەفییەکان دۆخی پۆل بەشێوەیەکی باش دەگۆڕێت. بە شێوەیەک قوتابییەکان فێر دەبن لە یەکتری بڕوانن وەک هاوبەشێک بۆ تێگەیشتن، هەروەها هاوپۆلەکانیان تەنها وەک یاریزانێک کە بۆ گەڕانی فەلسەفی نابینن، بەڵکو وەک هاوبەشێکی گونجاو بۆ گفتوگۆی جیاواز و ڕاستەقینە دەیان بینن. بەمەش منداڵان لە کۆتایدا دەبنە یاریزانێکی باشی یاری گفتوگۆی فەلسەفی کە توانای نوێ وەردەگرن و لە هەموو لایەنەکانی تری گەڕان بۆ زانیاری سوودی لێ وەردەگرن.

# II

# ئامادەکاریی بۆ وانەگوتنەوە

## بەشی پێنجەم

## پێشەکییەک لە وانەی فەلسەفە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان

وەک چەند جارێک باسمان کرد، ئەم کتێبە هەموو ئەو پێداویستیانەی تێدایە کە پێویستن بۆ گوتنەوەی وانەی ناساندنی فەلسەفە بە منداڵان. ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی باسی بکەین ئەو وانانە چی تێدایە.

ئەو زنجیرە وانەیەی کە ئێستا دەمەوێت باسی بکەم، خوێندکارێکم هێشتا زانکۆی تەواو نەکردووە، گوتویەتیەوە لە قوتابخانەیەکی تایبەت بەناوی (مارتن لوسەر کینگ) لە سپرینگفیڵد. لە وانەکانی من و هەروەها ئەوەی کردمان لەگەڵ قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەی جاکسن لەوێ گەشەی پێ داوە. ئەم وانانە لە ئەزمونی ڕاستەقینەی خۆم و قوتابییەکانمەوە لە قوتابخانەدا سەرچاوەی گرتووە. ئێمە وانەکەمان بە هەموو قۆناغەکان دەگوتەوە لە یەکەوە تا پێنج، زۆربەی ئەزمونەکانمان لەگەڵ قوتابییانی پۆلی دووەم و سێیەمدا بووە. بەڵام هەموو ئەو کتێبانەی کە لەم زنجیرە وانەیەدا هەیە دەکرێت لە هەموو قۆناغەکاندا بگوترێتەوە، بەدرێژایی ئەو کاتەی تۆ بابەتەکە بۆ ئەو قوتابییانە ڕوون دەکەیتەوە کە کتێبەکەیان خوێندووەتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوەی تۆ دەیکەیت لەگەڵ قوتابییەکاندا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی خۆیان پێی ڕاهاتوون.

بۆ دەستپێکردن پێویستە شتێکی وردتر بڵێم دەربارەی فەلسەفە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی وانەی ناساندنی فەلسەفە بۆ قوتابییانی سەرەتایی

ڕوون بکەمەوە. فەلسەفە ڕێگەیەکی عەقڵانییە بۆ لێکۆڵینەوە لە زۆربەی پرسیارە بنچینەییەکانی بوونی مرۆڤ. ئەو پاشماوە فەلسەفییەی کە بەرچاوڕۆشنکەرەوەی ئێمەیە، فەلسەفەی ڕۆژئاوایە کە لە فەلسەفەی یۆنانەوە دەست پێ دەکات لە پێنج سەدە پێش مەسیح. هەرچەندە بەدرێژایی ٢٥٠٠ ساڵ تەمەنی فەلسەفە، پرسیارە بنەڕەتییەکان وەک خۆیان ماونەتەوە: دەتوانین چی بزانین؟ پێویستە چی بکەین؟ هەموو ئەمانە مانایان چییە؟، هەرچەندە ئەم بابەتانە بێشیکار وەک خۆیان ماونەتەوە ، بەڵام فەلسەفە گەشەی بە ژیریمان کردووە کە بتوانین توانای بیرکردنەوەمان نوێ بکەینەوە لەو پرسیارانە، لە ناو ئەو جیهانە گۆڕاوەی تێیدا دەژین.

پرسە فەلسەفییەکان بەگشتی بۆ چەند بەشێک دابەش دەبن (بڕوانە خشتەی 5.1) هەرچەندە دواتر لە کتێبەکەدا بەچڕوپڕی باسیان دەکەین و هەریەکەیان ڕوون دەکەینەوە، بەڵام ئێستا بەسادەیی باسیان دەکەین بۆ ئەوەی پێکهاتەی وانەکان ڕوون بکەمەوە. سەرەتا **مێتافیزیک** کە بەشێکی فەلسەفەیە لە سروشتی بوون دەکۆڵێتەوە. ئەمە لوتکەی بابەتە فەلسەفییەکانە، ئاڵۆزترینیانە بۆ لێکۆڵینەوە، بەسادەیی مێتافیزیک لە سروشتی حەقیقەت دەکۆڵێتەوە. پرسیاری ئەوە دەکات ئایا بەڕاستی ئەو جیهانەی ئێمەی تێداین بەم شێوەیەیە یان ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی –لە ڕەنگ و بۆن و کات و ژمارە- دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و هەستەکانی ئێمەیە.

**ئیپیستمۆلۆژی**[11] (کە لە گریکی کۆندا episteme وشەیەک بووە بەرانبەر زانیاری) لە سروشتی زانیارییەکانی مرۆڤی کۆڵیوەتەوە. کەسایەتییە دیارەکانی ناو ئیپیستمۆلۆژییەکان گومانگەراکان بوون، کە

[11]- لە عەرەبیدا علم المعریفە: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سروشتی زانیارییەکان و بەڵگەکان و ئەو باوەڕانەی کە هەمانە، هەروەها پرسیار دروستکردنە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئێمە وەک ڕاستیەک وەرمان گرتووە.

شێوازێکی جێگیریان بۆ زانینی حەقیقەت ڕەت کردۆتەوە. باشترین جۆری گومانگەرایی، گومانکردنە دەربارەی جیهانی دەرەکی، کە دەپرسێت، ئایا مەعریفەمان هەیە بەوەی کە ئەو جیهانەی لە دەرەوەی خۆمانە هاوشێوەی بیرکردنەوەکانمانە بەرانبەری؟ هەروەها گومانکردن لە بوونی عەقڵی تر کە پرسیار بکا، ئایا دەتوانین دڵنیابین لەوەی ئەو خەڵکەی لە چواردەورمانە وەک ئێمە مامەڵە دەکەن و عەقڵیان وەک ئێمەیە؟

ئەو بوارە فەلسەفییەی کە لە سەدەی بیستەمدا هاتە بوون فەلسەفەی زمان بوو. پێشتر فەیلەسوفەکان ئەوەندە گرنگیان بە زمان نەدەدا، تەنها بەسادەیی وەک ناوەندێک دەیان بینی بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانمان، و تەنها لە بابەتە عەقڵیەکان و سروشتی بابەتە عەقڵییەکانیان دەکۆڵییەوە.

**خشتەی 5.1 بابەتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە**

| بابەتەکان | پرسیارە سەرەکییەکەیان |
|---|---|
| مێتافیزیک | حەقیقەت چی دەگرێتەوە؟ |
| ئیبیستمۆلۆژیا | دەتوانین چی بزانین؟ |
| فەلسەفەی زمان | .پەیوەندی زمان و حەقیقەت چییە؟ |
| فەلسەفەی عەقڵ | ئایا عەقڵ جیاوازە لە جەستە؟ |
| فەلسەفەی ئەخلاق | پێویستە چۆن مامەڵە بکەین؟ |
| فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی | دەبێت کۆمەڵگە چۆن ڕێک بخرێت؟ |
| جوانناسی | هونەر چییە؟ |

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو گریمانەیەیان لەلا گەڵاڵە بوو کە زمان زۆر کاریگەری لەو ڕوانینەی پێشترمان بۆی زیاترە. فەیلەسوفانی زمان لێکۆڵینەوە دەکەن لە سروشتی زمان و کاریگەری ئەو توانایەی هەیەتی لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەیانەوێت لەوە تێبگەن ئایا زمان بۆماوەیەکی کۆمەڵایەتییە یان ئەو

پێکهـاتەیەیە کە بیرکردنەوەکانمـان سـنووردار دەکـات، لەبـارەی ئەو جیهـانەی تێیـدا دەژیـن و لەبەرئەوەیە بەکـارهێنەرانی هەر زمانێـک وێنای جیاوازیان بۆ جیهان هەیە.

عەقڵـی مـرۆڤ یەکـێکە لە هەرە تایبەتمەنـدییە سەرسـوڕهێنەرەکانی جیهان، بەڵام یەکێکە لە هەرە ئاڵۆزەکانیش. **فەلسەفەی عەقڵ** پرسـیار دەکـات دەربـارەی سروشـتی عەقـڵ و پەیوەنـدییەکانی بە جەسـتەی مرۆڤەوە. بەگشتی دەیەوێت لە هەمـوو دیـاردە عەقڵییەکـان بکۆڵێتەوە، لەنێویـدا بیرکـردنەوە و سـۆز و تواناکـان. لەم هەمـوو لێکـۆڵینەوە و گەڕانەدا فەلسەفەی عەقڵ گەیشـتووە بە دەرئەنجامی سەرسـوڕهێنەر و نزیـک لە زانسـتی، کە نـزیکە چارەسـەری "مەتەڵـی ئاگـایی" بگـات و تێگەیشتنمان بگۆڕێت.

**فەلســەفەی ئەخــلاق** ئەو بـوارەیە کە لە پرسـیارەکان دەربـارەی کردەوەکـانی مـرۆڤ دەکـۆڵێتەوە. خەڵکـی وا دەزانـن جیـاوازی هەیە لەنێـوان کردنـی ئەوەی هەسـتی پـێ دەکەن لە سـاتێکی دیـاریکراودا، لەگەڵ ئەوەی ئەرکە لەســەریان. فەلســەفەی ئەخــلاق هەوڵ دەدات سروشـتی ئەرک ڕوون بکـاتەوە و ئەو هەسـت و چێـژە چییە کاتێـک کـردەی ئەخلاقـی و ڕاسـت ئەنجـام دەدەیـن. فەیلەسـوفانی ئەخـلاق لە هەموو ئەو پرسیارانە دەکۆڵنەوە، بۆ ئێمە ئەرکە لەسەرمان کە بە ڕێز و شـکۆی مرۆڤبوونیـان مـامەڵە لەگەڵ ئەوانـی تـردا بکەیـن؟ ئەگەر وەهایە چۆن ئەم ئەرکانە پاساوی عەقڵانییان بۆ دەهێنرێتەوە؟

لەکاتێکدا فەلسەفەی ئەخلاق لە کردەوەی تاکە مرۆڤێک دەکۆڵێتەوە، بابەتێکی پەیوەندیدار بەوەوە **فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە** کە چـاوی لەسـەر سروشـتی کـۆمەڵگەیە. دیـارترین بـابەت لە کێشـەکانیدا بەڵگەسازییە بۆ بوونی حکومەت. هەموو ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان لیبراڵەکان و کۆنەپارێزەکان(محافزکارەکان) لە ئاستێکی زۆر بنەڕەتیدا گفتوگۆیە لەسەر فەلسـەفەی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیی. هەنـدێک بەڵگە بۆ ئەوە دەهێننەوە بۆ نمـوونە دادوەری ئەوەیە کە هەمـووان کـۆکبن

لەسەر ئەوەی تاک لە کەمترین حاڵدا لە خۆشگوزەرانیدا بێت، بەڵام هەندێکی تر ئەوە ڕەت دەکەنەوە و بە دەستێوەردان لە مافی تاکەکانی دەزانن.

**جوانناسی** تیشک دەخاتە سەر ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی هونەرەوە دەکرێن. ئەو کێشە و پرسانەی کە لە هەریەک لە بەشەکانی تردا هەیە لە جوانناسیدا بەشێکیان هەیە، بۆ نموونە یەکێک لە هەرە بابەتە دیارەکانی فەلسەفەی هونەر ئەو کێشە مێتافیزیکییەیە کە چی کاری هونەری و شتەکانی تر لێک جیادەکاتەوە. لە کاتێکدا کارە هونەرییەکان هەموو شتەکانی ناو واقیعیان تێدایە هەتا حەوزی مەخسەلیش، ئەو پرسیارەی کە دەڵێت، چی وەها دەکات کاریکی هونەری بوونێکی ناوازە بێت، زۆرترین پرسیاری لەبارەوە دەکرێت. هەتا پرسیاری ئیبستمۆلۆژی و ئەخلاقیش دێنە ناو هونەرەوە، بۆ نموونە ئایا کاری هونەریی باش، دەکرێت بەدەربێت لە تێڕوانینێکی ئەخلاقیانە.

بابەتێک کە ئێستا بۆ لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان زیاد کراوە **فەلسەفەی ژینگەیە.** کە ئەو گریمانەیە بڵاو دەکاتەوە کە مرۆڤ زنجیرەیەک زیانی گەورەی لە ژینگە داوە، فەیلەسوفان دەستیان بە پرسیار کردووە دەربارەی ئەوەی ئایا ڕێگەیەکی گونجاو هەیە بۆ مامەڵەی نێوان مرۆڤ و ژینگە؟ بە پێچەوانەی گریمانەکانی سەردەمی پێشووەوە کە دەیانگوت شتەکانی ناو سروشت مرۆڤ بەئاسانی بۆی هەیە بەکاریان بهێنێت، ئێستا هەندێک لە فەیلەسوفەکان پشتیوانی ئەوە دەکەن کە دەبێت مرۆڤ ڕێزی سروشت بگرێت و وەها بڕوانێت کە ئەویش مافی هەیە.

لەکاتێکدا ناساندنی فەلسەفە لە قۆناغی زانکۆدا ناساندنی هەندێک لەم بوارانەی فەلسەفەی تێدایە، بەڵام ئێمە بڕیارماندا هەمان بابەت باس بکەین لەم پێشەکیەدا بۆ وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان. بۆ ئەو ئامانجەی لە خەیاڵماندا بوو، هەشت کتێبمان هەڵبژارد لەو هەموو

کتێبە وێنەدارەی کە دەکرێت بەکار بهێنرێن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەگەڵ منداڵان. ئێمە کتێبی وێنەدارمان هەڵبژارد لەبەرئەوەی تەنها هەفتەی جارێک بۆ چلوپێنج خولەک دەمانتوانی منداڵەکان ببینین، و گفتوگۆ و خوێندنەوەی کتێبەکە لە یەک وانەدا بێت. دەتوانرێت ئەو کتێبانەش بەکار بهێندرێت کە وێنەیان تێدا نییە، ئەگەر کاتت زۆرتر هەبێت بەتایبەت ئەگەر زیاتر تیشک بخرێتە سەر بەشێک لە کتێبەکە، وەک ئەوەی ئێمە لە چیرۆکی The Wonderful (Wizard of Oz (Baum 2000) کردمان.

هەموو ئەو کتێبانەش کە هەڵمان بژارد بۆ وانەکان لەبەرئەوە بوو بابەتێکی فەلسەفییان دەوروژاند لەو بوارانەی باسمان کرد. بۆ نموونە ئەو پرسیارەی تایبەتمەندییەکانی ئازایەتی چییە؟ پرسیار لەبارەی بابەتە ئەخلاقییە گرنگەکان دەکات، و داوامان لێ دەکات بیربکەینەوە لەوەی بۆچی ئازایەتی کارێکی باشە. وای دابنێ توانیمان ئەوە بزانین، دواتر دەپرسێت چۆن دەتوانین بە کەسێک بڵێین ئازا. لە "**ئەژدیها و زەبەلاحەکان**"، چیرۆکی بۆق و تۆد، پرسیار دەوروژێنێت بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز و سەرنجڕاکێش دەربارەی ئەوەی چۆن کەسێک پێی دەگوترێت ئازا بەڵام لە هەمان کاتدا، تا توانای هەبوو ڕای کردووە لە مەترسییەک و خۆی دوورخستووەتەوە لێی. بۆیە بڕیارمدا ئەم چیرۆکە بەکار بهێنم بۆ ناساندنی فەلسەفەی ئەخلاق بە منداڵان.

دەتوانیت هەمان شت بڵێیت بۆ هەموو کتێبەکانی کە کردوومانە بە پرۆگرامێک بۆ ئەم بابەتە. بە لێکدانی ئەم بابەتانە دەتوانین شارەزاییەکی باش بدەینە منداڵان لەسەر بابەتە فەلسەفییە هەرە باوەکان، ئێمە کاتێک لە بابەتێک یان کۆمەڵێک بابەت ورد دەبینەوە، لە هەریەکەیان دەکۆڵینەوە بە هێندەی ئەو ناساندنەی لە قۆناغی زانکۆ باس دەکرێت. گەڕانی وردیش لە هەریەکێک لەو بوارانە جێ دەهێڵین بۆ باسەکانی داهاتوو.

ئێستا بیرۆکەیەکی باشمان دەربارەی وانەکان هەیە، ئێستاش باسی ئەوە دەکەم وانەیەکی نموونەیی چۆن دەگوترێتەوە. کاتێک یەکەمجار دەچینە پۆلەوە، دەدوێین دەربارەی ئەوەی چی دەبێتە بابەتی گفتوگۆ فەلسەفییەکان و ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە فەلسەفە داوایان لی دەکات جیاواز لە پێشتر مامەڵە بکەن، لەبەرئەوە دەبێت زیاتر بیر بکەنەوە و زیاتر گوێ لە هاوپۆلەکانیان بگرن، و چاوەڕوانی ئەوە بن کە هاوڕێکانیان لەگەڵیان هاوڕابن یان هاوڕا نەبن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە باس دەکرێت. دووپاتیشی بکەینەوە کە فەلسەفە تەنها گوتنی ئەوە نییە کە بیری لی دەکەیتەوە بەڵکو ئەوەیە بۆ وا بیر دەکەیتەوە.

بۆ بیرخستنەوەی منداڵان کە چییان پێویستە، ئەم خشتەیەمان داناوە بەناوی "چۆن گفتوگۆی فەلسەفی بکەین"

## خشتەی 5.2 چۆن گفتوگۆی فەلسەفی بکەین!

١. وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا بەڕوونی دەدەینەوە.
٢. بەوردی و بێدەنگی گوێ بۆ قسەی هاوڕێکانمان دەگرین.
٣. بیر لەو بابەتانە دەکەینەوە کە گوێمان لێی دەبێت.
٤. بیر دەکەینەوە کە هاوڕاین یان نا.
٥. بڕیار دەدەین کە هاوڕاین یان نا.
٦. کاتێک مامۆستا ڕێگەی داین، دەڵێین هاوڕاین یان هاوڕا نین.
٧. ڕێز لە بۆچوونی هەمووان دەگرین.
٨. بەشداربوونی هەریەکەمان لە گفتوگۆکان بەهای خۆی هەیە.
٩. پێکەوە چێژ لە بیرکردنەوە وەردەگرین.

بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بابەتەکان ڕوون بێت، یەکەمجار بە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز دەست پێ دەکەین. گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵ کۆمەڵێکدا باشترە کە نزیکەی شەش بۆ دوانزە کەس ببێت — ئەوەندە بەسە بۆ گفتوگۆکردنی ڕای جیاواز- ئەوەندەش زۆر نەبن

کە منداڵەکان بێزار بکات و نەتوانن تێڕوانینەکانیان بەباشی دەرببڕن. دواتر بە بازنەیی دادەنیشین لەگەڵ خوێندکاران و دەست دەکەین بە وانەکان بە باسکردنی یاساکانی گفتوگۆی فەلسەفی. ئەگەر یەکەم باسکردن بێت، پرسیاری زۆرتر دەکەین لە خوێندکاران دەربارەی ئەوەی چۆن لە هەریەکێک لەو یاسایانە دەڕوانن، یاساکان لایان گرنگە یاخود بە تێڕوانینی خوێندکاران پێویستە گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

خوێندنەوەی چیرۆک چێژێکی بێوێنەی تێدایە. من هەمیشە داوا لە خوێندکاران دەکەم زیاتر لەوەی دەیانەوێت گرنگی پێ بدەن. ئەو چیرۆکانەی دەیانخوێنینەوە زۆر چێژبەخشن، لەبەرئەوە دەمانەوێ خوێندکاران زۆر پەیوەستبن پێوەی. کاتێکیش مامۆستا چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە ناوبەناو بووەستێت تا بزانێت کە هەمووان لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە تێگەیشتوون. هەمووان دەبێت بەشدارییەکی چالاکانە بکەن لە گفتوگۆکاندا، نامانەوێت کێشەی گوێنەگرتن و تێنەگەیشتن لە بابەتەکانمان هەبێت یان قسە بە هاوڕێکانمان ببڕین.

هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان بەئاسانی دوای خوێندنەوەی کتێبەکان ناچنە سەر گفتوگۆی بابەتە فەلسەفییەکان. بۆ ئەوەی دڵنیابین هەمووان دەتوانن ئەوە بکەن کە ئێمە دەمانەوێت، گەیشتووینەتە ئەوەی دەبێت لە گفتوگۆی سەرەتای کتێبەکاندا بە خشتە دەست پێ بکەین. ژمارەیەک کاغەزی تێبینی زۆرمان هێنا تا منداڵان کۆبکەینەوە و یارمەتیمان بدەن بۆ دروستکردنی خشتەکان، ناواخنی خشتەکان دەبوونە ئەو بابەتە سەرەکییانەی ئێمە گفتوگۆیان دەکەین، دواتر لە دانانی خشتەکانەوە بابەتەکان سەری دەکێشا بۆ گفتوگۆی فەلسەفی.

کاتێک بۆ نموونە The Important Book (Brown 1990) مان دەگوتەوە، سێ تەنمان هەڵدەبژارد بەپێی بابەتە سەرەکییەکانی ناو

کتێبەکە بۆ نموونە –کەوچکێک، سێوێک و تۆ[وەک مرۆڤ]- دواتر هەموو شتەکانی کە کتێبەکە باسی دەکات دەمانخستنە لیستێکەوە. کردنی ئەمە یارمەتی منداڵان دەدات کە بچنە ناو گفتوگۆی ئەو بابەتانەی کتێبەکە گرنگی پێ داوە لەبارەی هەریەک لەو شتانە. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کتێبەکە بڕوانە بەشی ١٠)

ڕێگەی سەرەکی ئێمە بۆ گفتوگۆی فەلسەفە پرسیارکردنی مامۆستایە لە قوتابییەکان. ئێمە چەند پرسیارێکمان بۆ هەر بەشێک ئامادە کردووە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بۆ دەستکردن بە گفتوگۆی فەلسەفی لە هەر بابەتێک کە چیرۆکەکان دەیوروژێنێت. من و قوتابییەکانم کاتێکی زۆرمان ویست بۆ ئەوەی بزانین هەر کتێبێک لەمانە چ پرسیارێک دەوروژێنێت، و چۆن بتوانین کارێک بکەین منداڵان بیری لێ بکەنەوە.

ئەمە کارێکی ئاسان نییە. بیرم دێت کاتێک ئامادەکاریمان دەکرد بۆ خوێندنی چیرۆکی "خەوبینینەکە" کە بەشێکە لە چیرۆکی بۆق و تۆد. لەم چیرۆکەدا بۆقەکە خەون دەبینێت بەوەی خۆی گەورە بووە و تۆدەکەش بچووک بووەتەوە، تۆدەکە خۆی شاردووەتەوە و بۆقەکەش ترسی نەماوە. لێرەدا دەمانویست ئەم چیرۆکە بۆ گفتوگۆکردنی کێشەیەکی ئیبستمۆلۆژی بەکار بهێنین، بەدیاریکراوی ئەو کێشەیەی کە چۆن بزانین ئێستا ئێمە لە خەودا نین. بەشێوەیەک وەک چیرۆکەکە باسی دەکات خەوەکە ئەوەندە ڕاستەقینە بێت کە نەزانین لە خەوداین یاخود ڕاستی. لەپڕ کاتێک لەگەڵ قوتابییەکەم گفتوگۆمان دەکرد، ئەوە هاتە خەیاڵم ئەمە کێشەیەکی تەواو ئەخلاقییە و دەربارەی خۆبەزلزانینە. هەرچەندە بیرم لە چیرۆکەکە کردبووەوە و ساڵێکیش لە وانەدا بەکارم هێنابوو، بەڵام پێشگریمانەکانم نەیان هێشتبوو ئەوە ببینم چیرۆکەکە کێشەیەکی ئەخلاقی باس دەکات کە پەیوەندیدارە بە منداڵانەوە –بۆ نابێت کەسێک خۆبەزلزان بێت- ئەمەم بە ئاسانی فەرامۆش کردبوو.

ئەمە باس ناکەم بۆ ترساندنت، بەڵکو دەمەوێت وێنای ئەوە بکەیت کە ئەو پرسیارانە چەند گرنگن. بۆ هەر چیرۆکێک کۆمەڵێک پرسیارمان وروژاندووە، کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت، ئەوەی بڕوامان پێیەتی ئەوەیە پرسیارە فەلسەفییەکانی ناو چیرۆکەکان زۆر گرنگن بۆ هاندانی گفتوگۆکان. ئەو پرسیارانەی ئێمەش دامان ناوە یارمەتیدەرە لە جوڵاندنی ئەو بابەتانە لە چیرۆکەکەدا، هەروەها بە بەکارهێنانی ئەو پرسیارانە دەتوانیت منداڵەکان ئاراستە بکەیت بۆ ئەو پرسە فەلسەفییەی کە دەتەوێت بەهۆی چیرۆکەکەوە گفتوگۆی بکەن. ئەمەش یارمەتیدەرت دەبێت لەگەڵیاندا گفتوگۆی فەلسەفی بکەیت بەبێ ئەوەی تۆ قەرار بدەیت ئەو چیرۆکە چ بابەتێک دەوروژێنێت.

من جەخت لە ئامۆژگارییەکی بچوک و گرنگ دەکەمەوە. کاتێک ئەو پرسیارانەم بەکار هێنا قوتابییەکانم ویستیان وەک ڕەچەتەیەک بەکاری بهێنن: بەم شێوەیە بەکاریان هێنا

هەنگاوی ١: پرسیاری یەکەم بکە.
چاوەڕێی وەڵام بکە.
هەنگاوی ٢: پرسیاری دووەم بکە.
چاوەڕێی وەڵام بکە. بەم شێوەیە بەردەوامبوون.

دەمزانی ئەنجامی ئەمە نادڵنیا و بێزارکەرە، لە ئەنجامدا گفتوگۆکان زوو تەواو بوو، لەبەرئەوەی خوێندکارەکانم دەیانویست گفتوگۆکە بەردەوام بێت لەجێی ئەوەی گوێ لەوە بگرن کە هاوڕێکانیان چی دەڵێن. خوێندکارەکانم نەیاندەزانی بەگشتی باشترین ڕێگە بۆ بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان کردنی پرسیاری تازە نییە، بەڵکو تیشک خستنەسەر وەڵامی منداڵەکان و ڕای هاوپۆلەکانیانە لەسەر بابەتەکە.

یەکێک لەو شتانەی فێربووم لە مامەڵەکردنم لەگەڵ منداڵاندا ئەوەیە، ئێمە زۆرکەم گوێ بۆ یەکتری دەگرین. لە پۆلدا منداڵان کێبڕکێ

دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی مامۆستا بەدەست بهێنن و گوێ ناگرن لەوەی هاوپۆلەکانیان چی دەڵێن. گەورەکان گوێیان لێیە منداڵان چی دەڵێن، بەڵام بەڕاستی گوێیان لێ ناگرن چی دەڵێن و دەپرسن.

یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵ منداڵان ئەوەیە کە ناچارت دەکات گوێیان لێ بگریت. ئەمە ئەو توانایەیە کە دەبێت خوێندکارەکانیشم فێری ببن، لەبەرئەوەی مامۆستایان ئەگەر بێتاقەتبن بەوەی لە پۆلدان بەڕاستی زەحمەتە بتوانن گوێ لە منداڵان بگرن.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە ئەو کۆمەڵە پرسیارە وەک پرسیارێک سەیر نەکەن کە وەڵامێکی سادەیان پێویستە. بەڵکو پێویستە وەک هاندەری گفتوگۆکان بەکاریان بهێنین. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کاتێک منداڵێک پرسیارێکی وەڵام دایەوە، ڕۆڵی تۆ ئەوەیە سەرنجی منداڵەکانی تر ڕابکێشیت بۆ قسەکانی ئەو و وەڵامی بدەیتەوە بە "جوڵەیەکی" گونجاو کە لە بەشی پێشوو باسم کرد. کارێکی گرنگی تر ئەوەیە کە منداڵان هەست بەوە بکەن کە زیاتر فێر دەبن لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا، ئەوە دەبێتە ئەزموونێکی بێوێنەیە بۆیان.

لەبەرئەوەیە من پێشنیاز دەکەم ئەو پرسیارانە لە پلانی وانەگوتنەوەکەتدا بەکاربهێنیت کە بۆ هەر بابەتێک دامان ناوە. پلانی وانەکان دەبێت کاری تۆ بێت بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان بە شێوەیەکی نموونەیی. بەڵام بیرت بێت، نابێت زۆر بکەیت لەوەی دەبێت گفتوگۆکان بەرەو کوێ بڕوات. ئەوە گفتوگۆی منداڵەکانە، دەبێت خۆیان دیاری بکەن چۆن بەڕێوە دەچێت.

بۆ ئەوەی ئاسودە بیت لە هاندانی گفتوگۆکان و نەترسیت لە نەبوونی زانیاری دەربارەی ئەو بابەتانەی پێشتر باسم کرد. ئەو بابەتانە هێندە گران نیین و پێویست ناکات زۆریان لەسەر بخوێنیتەوە. دەزانم ئەگەر مامۆستاکان زانیاریان هەبێت باشتر گفتوگۆکان بەڕێوە دەبەن. ئەو پێشەکییەی کە باسم کردووە زانیاریی

باشت دەداتێ بۆ ئەوەی ئاسوودە بیت و نائومێد نەبیت لەوەی کە پێویستە زۆر ورد بگەڕێیت. (هەروەها پێشنیازی بابەتی زیاتریشمان کردووە لە پاشکۆی کتێبەکەدا ئەگەر بتەوێت زیاتر بزانیت لەسەر بابەتەکان). ڕاهاتن بە هاندان بۆ گفتوگۆکان زەحمەتە ئەگەر زانیاری و وەڵامی باشت نەبێت دەربارەی بابەتەکان –مەرج نییە بە وەڵامەکان ڕازی ببن-. بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرە لێرەدا لە کارکردن لەگەڵ منداڵان: تۆ دەتوانیت زیاتر لەوانەوە فێر ببیت لەوەی ئەوان لە تۆوە.

لە بەشی حەوتەمدا زانیاری زیاتر دەدەم دەربارەی چۆنێتی بەڕێوبردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان. دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ گفتۆگۆی ناو وانەکان. ئێمە بەگشتی زیاتر لە چلوپێنج خولەکمان نییە بۆ گفتوگۆی کتێبەکە. گفتوگۆی فەلسەفیش سەرنجدانی زۆری دەوێت، ئێمە نامانەوێت منداڵان بێزار بکەین کە زۆر سەرنج بدەن، لە پێشەکیدا باسی "بەڕێوبردنی پۆلمان کرد" بەڵام کاتیشمان پێویستە بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان. بە ڕاوێژکردن بە مامۆستاکان جێگیرکردنی چلوپێنج خولەکمان بە کاتێکی باش دانا.

بەکورتی ئەوەی باسمان کرد گوتنەوەی فەلسەفەیە بە قوتابخانە سەرەتاییەکان، لە تێکڕای کتێبەکەدا، لەپێشدا باسی ئەوە دەکەم چۆن پلانی وانەکە دابنێین و گفتوگۆکان بەڕێوەبەرین، دواتریش پێداویستییە سەرەکییەکان چییە بۆ وانەیەکی باش لەگەڵ منداڵان. دواتر ئەو هەشت کتێبە باس دەکەم کە پرۆگرامەکەمان پێک دەهێنێت. بۆ هەر کتێبێک کورتەی بابەتە فەلسەفییەکانی دەوروژێنم و باسی ئەوە دەکەم چۆن گفتوگۆیەک بکەین کە تیشک بخاتە سەر ئەو بابەتانە، دواتریش ئەو پرسیارانەی کە دامان ناوە بۆ کتێبەکان. بیرۆکەکەش ئەوەیە تۆ باسوخواسەکانی من و پرسیارەکان بەکار بهێنیت بۆ دانانی پلانی وانەکانی خۆت بۆ هەر کتێبێک.

## بەشی شەشەم

## ئامادەکردنی پلانی وانە

ئێستا کاتی ئەوەیە وردتر قسە لەسەر چۆنێتی ئامادەکردنی وانەکان بکەین، ئەگەر بتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی گفتوگۆکان. ئێستا چەند زانیارییەکی باش دەخەینەڕوو لەسەر چۆنێتی ئامادەکردنی پلانەکان.

گرنگترین ئامادەکاری ئەوەیە پلانی وانەکان دابڕێژیت وەک ئەوەی لە کۆتایی ئەم بەشەدا دامان ناوە. بەڵام بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان ئەمە بەشێکی گرنگە لە ئامادەکارییەکە و ئەوەیە کە من دەمەوێت و قوتابییەکانم بەردەوام بەکاریان دەهێنا. وەک ڕوونکردنەوەی زیاتریش لە دانانی پلانی وانەکان، لە کۆتایی بەشەکەدا لیستێکم داناوە کە دەتوانیت بۆ گەشەپێدانی زانیارییەکانی خۆت بەکاریان بهێنیت. دانانی پلانەکە تەنها بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان نییە، بەڵکو بەهۆیەوە دەتوانیت توانایەکی باشتر و بیرۆکەیەکی ڕوونترت هەبێت دەربارەی گفتوگۆکان.

قوتابییانی سەرەتایی ئاستیان جیاوازە لە تێگەیشتن و زانیاری لەسەر کتێبەکان. لەم جیهانە بەدیجیتاڵکراوەی ئێمەدا کتێبیش ئەو شوێن و بەهایەی نییە لە پەیوەندیمان لەگەڵ منداڵەکانمان. لە ئەنجامی ئەمەشدا هەموو منداڵێک ڕانەهاتووە بۆ ئەوەی گوێ بۆ چیرۆکێک بگرێت لە کتێبێکەوە. بەپێی توانای ڕاهاتنی قوتابییەکانت لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئاستی کتێبەکان، دەبێت کۆمەڵێک ئامادەکاری ئەنجام بدەیت پێش ئەوەی بچیتە ناو گفتوگۆ فەلسەفییەکان.

دەبێت یەکەم هەنگاو ئاگات لەوە بێت ئەگەر ئەو کتێبەی هەڵت بژاردووە وشەی قورسی تێدایە بۆ خوێندکارەکان، دەبێت بیانخەیتە

لیستێکەوە و بە باسکردنی ئەوانە وانەکەت دەست پێ بکەیت. دەتوانیت پرسیاریان لەسەر مانای وشەکە لێ بکەیت و داوایان لێ بکەیت بیخەنە ڕستەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر لە چیرۆکەکە تێ بگەن، لەگەڵ ئەوەدا دەبێت دڵنیابیت لەوەی مانای وشەکانیان بیرە کاتێک لە چیرۆکەکەدا هاتە بەردەمیان.

هەندێک جار پێویستە منداڵەکان ئامادەبکەیت بۆ بیرکردنەوە لە بابەتەکانی چیرۆکەکە. بۆ ئەمەش داوایان لێ بکە کتێبەکە دابخەن و بیر لە ئاماژەکانی ناو چیرۆکەکە بکەنەوە. دەتوانیت پرسیاریان لەسەر ناونیشان و ڕوونکردنەوەی سەر بەرگەکەی لێ بکەیت، بزانیت چ تێڕوانینێکیان هەیە لەبارەی چیرۆکەکە بەس بە تەماشاکردنی ئەو دوانە. ئەمە ڕێگەیەکی باشە بۆ ئەوەی هەموو قسەکانیان بە ئاڕاستەی ئەو بابەتە بێت. ئەمە خاڵێکە دەبێت بیرت بێت لە کاتی بەڕێوەبردنی گفتوگۆکاندا و ئەمە بخەرە ناو پلانەکەتەوە ئەگەر بە گونجاوی دەزانیت.

کاتێک کتێبەکە دەخوێننەوە دەبێت ئاگاداربیت لەوەی منداڵەکان ئاگایان لە زنجیرەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە هەیە. بۆیە لە کاتی دانانی پلانەکە ڕەچاوی ئەوە بکە لەکوێدا دەوەستیت و داوا لە منداڵەکان دەکەیت کورتەی باسەکەت پێ بڵێن. دەتوانیت هەندێک گفتوگۆی سەرەتاییش بکەیت لەسەر هەندێک بیرۆکە لە کاتی خوێندنەوەکەدا، بەڵام نابێت چیرۆکەکە لە منداڵەکان بپچڕێنیت و وەها بکەیت نەتوانن بەردەوامبن.

کاتێک تەواو بوویت لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە، دەبێت دڵنیابیت لەوەی هەریەکەیان دەزانێت چی ڕووی داوە و تێگەیشتووە. ئەمەش بەوە دەبێت کە پرسیاریان لێ بکەیت دەربارەی کورتەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە، یان پرسیارکردن دەربارەی ڕووداوێکی دیاریکراو. دەبێت ئاگات لەوەش بێت هەریەکەیان بەشداری بکات لە گفتوگۆکان.

خاڵێکی تر ئەوەیە نابێت ماندوو ببیت لە پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی ئەگەر شتێک تێ نەگەیشتوون یان ڕوون نییە. دووبارە ئاگات لەوە بێت قورسییەک لەوانەیە بێتە پێشەوە لە کاتی دانانی پلانی وانەکاندا، کە ڕێگەیەکی باشە بۆ ئەوەی بتوانیت بەباشی گفتوگۆکان بەڕێوە ببەیت. ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەو خشتەیە پڕ بکەیەنەوە کە پێشنیازم کردبوو.

ئەو خشتانە بەکار دەهێنین بۆ دانانی زانیارییەکان لە کتێبەکەوە – کە دەکرێت ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکەی تێدابێت، هەروەها تێڕوانینی منداڵەکان لەسەر ڕووداوەکان و بەم شێوەیە- بۆ ئەوەی منداڵەکان بەئاسانی بتوانن گفتوگۆی چیرۆکەکە بکەن. هەرچەندە هەندێک منداڵ نایەوێت، بەڵام خشتەکان ناوەندێک دروست دەکەن لەنێو گفتوگۆکان و خوێندنەوەکە. ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی منداڵەکان بەهۆی ئەو خشتانەوە زۆر باشتر بەشدارییان لە گفتوگۆکان دەکرد.

ئێستا تۆ ئامادەیت بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان و دەتوانیت ئەو پرسیارانەش بەکار بهێنیت بۆ گفتوگۆکان. لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکەکە بابەتە فەلسەفییەکان لە هەر چیرۆکێکدا دەناسیت و دواتر بزانە چۆن بەئاسانی دەتوانیت لەگەڵ خوێندکارەکانت گفتوگۆیان بکەیت. لەم بەشەی ئامادەکردنی وانەکانتدا پرسیارەکان بەو شێوەیە بگونجێنە کە دەزانی هاندەری گفتوگۆکان دەبێت، پێویستە بیر لە چۆنێتی کردنی پرسیارەکان بکەیتەوە لەبەرئەوەی یەک بەدوای یەک زنجیرەیەکی لۆژیکی دروست دەکەن. لەبەرئەوە تکایە ئەو پرسیارانە هەڵبژێرە کە دەزانیت لەگەڵ بابەتەکە گونجاوە و دواتر پرسیاری خۆت زیاد بکە ئەگەر دەزانیت دەبێتە هاندەر بۆ گفتوگۆکان. پرسیارەکان ڕێپیشاندەرێکی باشن بۆ ئەوەی لە دانانی پلانەکەتدا بەکاریان بهێنیت. پێویست ناکات کۆیلانە پابەندبیت پێیانەوە، بەڵکو بە بیرۆکەی خۆت دایان بڕێژەرەوە.

ئێمە لە کردنی پرسیارەکاندا هەوڵمان داوە پرسیارەکان بەشێوەی زنجیرەیەکی لۆژیکی بخەینەڕوو. پرسیارەکان لە تایبەت و دیاریکراوەوە دەچێت بۆ پرسیاری گشتی و ئەبستراکت. چەند هۆکارێک هەیە بۆ ئەمە. وەک باسم کرد دەبێت هەوڵبدەین زۆرترین خوێندکار بەشداری تێدا بکەن. بەو بابەتانەش دەست پێ بکەین کە پەیوەندیدارە بە ئەزموونی ڕۆژانەیانەوە، دەتوانیت ڕێگایەکیان بدەیتێ بۆ بەشداریکردن ئەگەر ئامادەش نەبن بەتەواوی بچنە ناو گفتوگۆی بابەتە ئەبستراکتەکانەوە.

بۆ ئەوەی خوێندکاران بەشداربن لە گفتوگۆکە، ئاگاداربە پرسیارە زۆر ئەبستراکتەکان لە سەرەتادا نەوروژێنیت، چونکە خوێندکاران نازانن چۆن وەڵام بدەنەوە. بۆ نموونە لەدوای خوێندنەوەی چیرۆکی **"ئەژدیها و زەبەلاحەکان"** هەڵەیە ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەوە بکەیت، ئازایەتی چییە؟ لەبەرئەوەی ئەو پرسیارە زۆر ئەبستراکتە و ڕوون نییە لایان – لە ڕاستییدا بۆ زۆرێک لە ئێمەش- ئیدی چۆن ئەوان بتوانن وەڵام بدەنەوە؟

بۆیە گرنگە پرسیاری زۆر ئاشکرا نەکەیت کە وەڵامەکەی دەزانیت و دەتەوێت منداڵەکان زیاتر بڵێن لەسەری. من حەزم لەو پرسیارانە بوو کە وەک "هەوڵی ماسیگرتن" منداڵ هەوڵ دەدات بیربکاتەوە لەو وەڵامەی کە تۆ مەبەستتە.

ئەو هەوڵەی کە منداڵان دەیانەوێت دڵی مامۆستا ڕازی بکەن، دژی هەوڵەکانی ئێمەیە بۆ وانەیەکی **فێربوون–سەنتەر** و ژینگەیەکی لەبار لە پۆلدا بۆ ئەو مەبەستە، لەبەرئەوە پێویستە لەو دیاردەیە دوور بکەوینەوە!

هەر کۆمەڵە پرسیارێک بەگشتی لەسەر کۆمەڵێک بابەتی جیاوازی فەلسەفییە، لەبەرئەوەی چیرۆکەکانیش بابەتی جیاوازی فەلسەفی دەوروژێنن، پێویستە پرسیارێک هەڵبژێریت لەبارەی بابەتەکەوە بێت و لەگەڵ قوتابییەکانیش بگونجێت.

تەکنیکێکی باش کە ئێمە سوودمان لێ بینیوە و دەتوانیت بەکاری بهێنیت لە گفتوگۆکان "دووبارەکردنەوە"یە، ئەمە ڕوودەدات کاتێک پرسیارێکی ئاسانیان لێ دەکەیت کە بتوانن وەڵام بدەنەوە. وەک ئەوەی هەندێکجار داوایان لێ دەکەیت نموونە بهێننەوە لە ئەزمونەکانی خۆیان لەسەر ئەو دیاردەیە، بەڵام دەکرێ هەندێک ئەبستراکتتر بێت، بۆ نموونە، ئەگەر وێنەیەک هەبێت لە کتێبەکەدا پەیوەندی بە گفتوگۆکەوە هەبێت، دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت لەسەر ئەوەی چی لایان جوانە لەو وێنەیەدا و چیش ناشرین. ئەم جۆرە تەکنیکە دڵنیایت دەداتێ لەوەی کە هەموویان بەشدار دەبن لە گفتوگۆکان.

لە کۆتایدا پلانەکەت بەکار بهێنە بۆ بیرخستنەوەی ئەو شتانەی دەتەوێت بیانکەیت لە کاتی گفتوگۆکاندا، وەک ئەوەی گەشبینیان بدەرێ لەسەر ئاستیان و باش گوێیان لێ بگرە. بوونی ئەم تێبینیانە پێش ئەوەی بکەویتە ناو حاڵەتە باش یان خراپەکانەوە گرنگە بۆ ئەوەی بزانیت دەتەوێ چی بکەیت لەناو گفتوگۆکاندا.

بەڵام پلانەکەش مەکە بە شتێکی زۆر جێگیر و نەگۆڕ و لات وەها بێت پێویستە هەمووی جێبەجێ بکرێت. بەلکو تەنها گرنگە بۆ یارمەتیدانت لە دەستپێکردن و بەردەوامبوون لە گفتوگۆی بابەتە فەلسەفییەکانی ناو چیرۆکەکە. کاتێک بینیت منداڵەکان وەڵامت دەدەنەوە، دەبێت ئامادەبیت دوای گفتوگۆکان بکەویت بۆ هەرکوێ بڕوات، هەتا ئەو شوێنەی لە بازنەی گفتوگۆی فەلسەفی دەرنەچێت.

لە پەڕەی داهاتوودا دوو فایلی ئامادەکراوم داناوە بۆ ئەوەی لە پلانی دەستپێکردنی گفتوگۆکاندا بەکاری بهێنیت. یەکەمیان نموونەی پلانێکە بۆ وانەی "ئەژدیها و زەبەلاحەکان" دامناوە، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە کە چۆن پلانەکە دادەنرێت، و دەتوانیت بەراوردی بکەیت بەو پرسیارانەی لە کۆتایی بەشی هەشتەمدا دانراوە، بۆ ئەوەی بزانیت تا چەند دوورە لە دانانی پلانێکی باش. دووەمیش فۆڕمێکی

بەتاڵە و تەنها دەتوانیت سوودی لێ وەربگریت لە دانانی پلانەکە و لەبەری بگریتەوە و پڕی بکەیتەوە بەگوێرەی گفتوگۆکەی خۆت. هیوام وایە هەردووکیان بەسوود بێت بۆ ئەوەی ئاسنتر دەست پێ بکەیت و –خۆشی وەربگریت– لە گوتنەوەی وانەی فەلسەفە.

**نموونەی پلانی وانە –پلانی خراپ–**

## پلانی وانە بۆ گفتوگۆی فەلسەفی چیرۆکی (ئەژدیها و زەبەلاحەکان)

نووسەر: ئارنۆڵد لۆبڵ
وشەکاری: دانانی ئەو وشانەی کە زۆر دووبارە بوونەتەوە.

**پێش خوێندنەوە:**

١. پرسیار بکە کە کتێبەکەیان خوێندووەتەوە.
٢. ئەگەر خوێندبوویانەوە، پرسیار بکە پەیوەندی نێوان بۆقەکە و تۆدەکە چییە، و لە وێنەی سەر کتێبەکە کامە کامیانە.
٣. پرسیار بکە ئەو ناونیشانە چی هێناوەتە خەیاڵیان کاتێک ئەگەر پێشتر شتێکیان دەربارەی چیرۆکەکە گوێ لێ بووبێت.

**لە کاتی خوێندنەوەدا:**

١. پرسیار بکە بۆقەکە و تۆدەکە چ کتێبێک دەخوێننەوە؟ هیچ چیرۆکێک دەربارەی دێوەکان دەزانن؟ کامیان ئازان؟

٢. پرسیاریان لێ بکە هیچ کات ترساون لە مار؟ چییان دەکرد ئەگەر لە جێی بۆق و تۆدەکە بوونایە؟
٣. بیریان بخەرەوە هەرەسی بەفر چییە. پرسیار بکە بۆ ترسناکە؟
٤. پرسیاریان لێ بکە بۆ بۆق و تۆدەکە ترسان لە هەڵۆکە. ئایا دەبێت بترسن؟

**دوای خوێندنەوە:**
دەست بکەن بە دروستکردنی خشەکە. (بڕوانە خشتەی 6.1)

**خشتەی 6.1 بزانە بۆقەکە و تۆدەکە لە کام لەم هەڵوێستانەدا ئازا بوون**

| کرداری بۆق و تۆدەکە | ئایا ئازا بوون یان نا؟ |
|---|---|
| سەیرکردنی ئاوێنە | بەڵێ یان نەخێر؟ |
| ڕاکردن لە مار | بەڵێ یان نەخێر؟ |
| ڕاکردن لە هەرەس | بەڵێ یان نەخێر؟ |
| ڕاکردن لە هەڵۆ | بەڵێ یان نەخێر؟ |
| خۆشاردنەوە لە دولاب یان ژێر ڕووپۆشێک | بەڵێ یان نەخێر؟ |

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

١. ئایا هیچ کارێکت کردووە کە بە ئازایەتی بزانی؟ لە دوو یان سێ ڕستەدا ئەو کارەمان پێ بڵێ.
٢. نموونەیەک لە قسەی خوێندکارەکان هەڵبژێرە و پرسیار بکە بۆ وەها بیر دەکاتەوە کە ئەوە ئازایەتییە؟

٣. ئایا ڕاکردن لە مار ئازایەتییە؟ بۆ ئا و بۆ نا؟
٤. دەتوانیت لە ترسدا بیت و کارێکی ئازایانە بکەیت؟
٥. ئەگەر کەسێک تورەی کردی بۆ ئەوەی بچیت لەسەر سکەی شەمەندەفەر برۆیت و تۆش زانیت نزیکە شەمەندەفەرەکە بگات؟ ئایا ئەوە ئازایەتییە ئەوە بکەیت؟ یان ئازایەتی ئەوەیە ڕەتی بکەیتەوە؟
٦. نموونەی یەکێک بهێنەرەوە کە لەلات ئازایە -ڕاستی بێت یان خەیاڵی- و ڕوونی بکەرەوە کە بۆ ئازایە.

**فۆرمی پلانی وانەکان** (ئازادبە لە بەکارهێنانی)

**پلانی وانەی گفتۆگۆی فەلسەفی بۆ چیرۆکی**--------------

**نووسەر:**

**وشەکاری: (٣-٥ وشە)**

**پێش خوێندنەوە:**

**١.**

**٢.**

**٣.**

**٤.**

**٥.**

**لەکای خوێندنەوەدا:**

**١.**

**٢.**

**٣.**

**٤.**

**٥.**

**پرسیارەکان بۆ گفتوگۆ:**

.١

.٢

.٣

.٤

.٥

# بەشی حەوتەم

## بەڕێوبردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان

لە بەشـەکانی ڕابـردوودا ئەوەم ڕوون کـردەوە کە کەسـێک بەبێ ئەوەی شـارەزاییەکی زۆر باشـی هەبێـت دەتوانێـت گفتوگـۆ فەلسـەفییەکان لە قوتابخـانەی سـەرەتایی بەڕێـوە ببـات. ئەوەی زۆر گرنگە بیرمان نەچێت ئەوەیە مامۆستا هاندەر و دەستپێکەری گفتوگۆ فەلسـەفییەکانە نەک سـەرچاوەی زانیـاری فەلسـەفی بـۆ منـداڵەکان. باسـی ئەوەشـمان کـرد کە لە ڕاسـتیدا مەرج نیـیە مامۆسـتا زانیـاری زۆری هەبێت لەسـەر بابەتەکـان و پسـپۆڕ بێت، بەڵکو بەبێ ئەوەش دەتوانێت کاریگەری باشی هەبێت لەسەر گفتوگۆکان لە پۆلدا.

هەرچەندە لەوانەیە گفتۆگۆی فەلسـەفی لەگەڵ منداڵاندا لە سـەرەتادا ناخۆش بێت، لەبەرئەوەی باسـم کـرد ئێمە پەروەردەیەکـی فێربـوون-ئامانجمـان نەبـووە. بەڵکـو بەو ڕێـگە کۆنە ڕۆیشـتووین کە مامۆسـتا زانیـاری زۆرە و قوتـابیش کەمزانیـارییە، بەدڵنیـاییەوە کـارەکە ئاسـانە کە خۆت وەک خاوەن زانیاری زیاتر ببینیت و لەو کاتەدا بەڕای خۆت ئەوەی لەسەرتە بیکەیت ئەوەیە: زانیاری بگوازیتەوە بۆ کەسێک کە لە خۆت کەمتـر شـارەزایە. بەڵام تەواو کـارەکە جیـاوازە کە گفتوگـۆیەک بەڕێـوە ببەیـت و خـۆت بە شـارەزاتر نەزانیـت لە قوتابییەکانـت و پرسـیارێکی کـراوە بکەیـت کە خۆشـت بەدوای وەڵامەکەیـدا ویڵیـت! ئیدی چۆن لەو ڕۆڵە نائاساییە دڵنیا دەبیت؟

من پێشتر ڕێنماییەکم خستەڕوو کە خۆت ئامادە بکەیت بە کارێک کە یارمەتیت دەدات کاریگەر بیت لە بەڕێوبردنی گفتوگۆکـان ئەویش: ئامادەکردنی پلانی وانەکانە. پلانی وانەکان ئەو دڵنیاییەت دەداتێ، و کۆمەڵێک پرسیاریشـت هەیە لە قوتابییەکـانتی بکەیت. دەزانـم قورسـە

گفتوگۆیەکی کراوە بەڕێوە ببەیت لەبەرئەوەی نازانیت بەرەو کوێ دەڕوات. کاتێک بۆ یەکەمجار دەستم بە وانەگوتنەوە کرد، لام قورس بوو چونکە لام وابوو ناتوانم بەشێوەیەکی باش ئاڕاستەیان بکەم. کاتێکی زۆرم پێچوو بۆ ئەوەی ئەو دڵنیاییەم هەبێ کە پێویستە بۆ ئەوەی خوێندکارەکان ئازادتر بن لە پۆلدا. کاتێکیش گەیشتمە ئەوە. ئیدی لام وابوو بەڕێوبردنی گفتوگۆکان زۆر قورس نییە، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دەیانەوێت گفتوگۆیەکی مانادار لەسەر بابەتەکان بکەن.

منداڵانی سەرەتایش جیاوزتر نین. بەیارمەتی تۆ ڕاستەوخۆ دێنە ناو گەمەی فەلسەفەوە. ئەگەر پلانی وانەکانت ئامادە کردبێت، دەتوانیت یارمەتی خوێندکارەکان بدەیت کە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵێک لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانە بکەن. لەوانەشە لە قسەکانی ئەوانەوە بابەتی نوێ فێر ببیت!

بۆ یارمەتیدانی تۆ لەو هەوڵەدا، پێشەکی کۆمەڵێک بابەتی فەلسەفیم ئامادە کردووە، کە لە هەریەک لە چیرۆکەکان دەوروژێنرێت. ئەم هەوڵە کۆمەڵێک بەرچاوڕوونی دەخاتە ڕوو لەسەر ئەو پرسە فەلسەفیانەی لە هەریەک لە چیرۆکەکاندا وروژێندراوە و هەروەها کورتەیەکیش لە بۆچوونی فەیلەسوفان دەربارەی بابەتەکان دەخاتە ڕوو. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی فەلسەفە ئەو ڕاستییەیە هیچ یەکێک لەو کێشە فەلسەفیانەی لە ناوەڕۆکدا شاراوە و ناڕوونە، بەدرێژایی ٢٥٠٠ ساڵ لە گفتوگۆ چارەسەر نەکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرەڕای ئەو هەموو وەڵامە، ئەو پرسیارانە بەردەوام جێی گفتوگۆ و هەڵوێستەن لای فەیلەسوفان. بۆ هەریەک لە کێشەکان کە چیرۆکەکان دەیوروژێنن، ناساندنە فەلسەفییەکانم هەندێک زانیاریت دەداتێ لەسەر ئەو وەڵامە جیاوازانە. هیوام وایە بە پێدانی زانیارییەکی گشتی لەسەر تێڕوانینی فەیلەسوفەکان و بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانیان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، تۆ

باشتر بتوانیت توانا و لێهاتوویی فەلسەفی خوێندکارەکانت بناسیتەوە و گەشەیان پێ بدەیت.

ئێستا ڕێم بدە بیرت بخەمەوە کە چۆن من و قوتابییەکانم بەردەوام بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن بە باشترین شێوە دەست بە گفتوگۆ فەلسەفییەکان بکەین لە هەر کتێبێکدا. ئەنجامەکەشی دانانی ئەو کۆمەڵە پرسیارە بوو دەربارەی هەریەک لە کتێبەکان کە دەتوانێت ڕێنماییت بکات لە دەستپێکردن و بەردەوامبوون لە گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەگەڵ خوێندکارەکانتدا. بەم جۆرە تۆ پێویست ناکات ماندووبیت بەوەی کە خۆت ئەوە هەڵبژێری چیرۆکەکان چ بابەتێکی فەلسەفی دەوروژێنن، بەڵکو دەتوانیت پشت بە هەوڵەکانی ئێمە ببەستیت و لە پلانی وانەکەتدا دەتوانیت پرسیارەکانی ئێمە ڕێک بخەیتەوە لەگەڵ توانا و لێهاتوویی و حەزی خوێندکارەکانتدا.

ئێستا دەمەوێ ئەو ڕێنماییانە بخەمە ڕوو کە دەیدەم بە خوێندکارەکانم بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان. زۆربەی ئەم ڕێنمایانە بۆ مامۆستایەکی بە ئەزموون تازە نییە. بەڵام لێرەدا دای دەنێم بۆ هەرکەس کە بیەوێت سوودی لێ وەربگرێت لە گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەگەڵ منداڵان.

شەش ڕێنمایی گرنگ هەیە بۆ بەڕێوبردنی گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ خوێندکارانی سەرەتایی کە هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە بۆ خوێندکارەکانم (لە خشتەی 7.1 کورتکراونەتەوە):

١. *ئامادەبە!* ئەمە دیارترین ڕێنماییە کە پێت بدەین. هێشتا گرنگترین شتە. پێویستە بەتەواوی خۆت شارەزا بکەیت لەو کتێبانەی کە بە خوێندکارەکانتی دەڵێیت. بۆ ئەمەش دەبێت بەدڵنیاییەوە چەند جاریک بیانخوێنیتەوە و باشترە جارێکیان بە دەنگی بەرز بێت بۆ ئەوەی بزانیت چۆن بیخوێنیتەوە، یان ئەگەر دێڕی قورسی تێدابێت کاری زۆرتری لەسەر بکەیت. هەروەها دەتوانیت ڕاهێنان لەسەر نواندنی بکەیت بە دەربڕینی دەنگی جیاواز بۆ هەریەک لە کەسایەتیەکان.

خاڵێکی گرنگی تر کە لەم بەشەدا باسم کرد، پێداچوونەوەیە بە پلانی وانەکانتدا و دانانی پلانێکە کە خۆت بە گرنگ و گونجاوی دەزانیت، ئەو پرسیارانەی کە داتناوە بیانکەیت. لە کۆتایدا دەزانیت سوودی هەیە بۆ بوونی زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر ئەوەی چۆن فەیلەسوفەکان بیریان لەو پرسە فەلسەفیانە کردووەتەوە کە لە چیرۆکەکەدا باس کراوە، دەتوانیت هەوڵ بدەیت وەڵامی گونجاوت بۆ ئەو پرسانە هەبێت و بە قوتابییەکانیشت بڵێی ئاگاداری بن. پێشەکیەکانیش لە بەشەکانی داهاتوو لەمەدا یارمەتیت دەدەن.

٢. *ڕووخۆشی نیشان بدە!* سەرکەوتنی تۆ لەوەدایە کە منداڵەکان چۆن دەتبینن. وایان پشان بدە کە دڵخۆشیت بە وانەپێگوتنەوەیان. ئەوە قورس نییە، بیرت بێت لە کاتی گوتنەوەی وانەکەدا هیچ نیگەرانیەکیان پیشان مەدە لەبارەی گوتنەوەی وانەکە و ناڕەحەتیەکانی، وەها خۆت دەربخە کە خۆشی دەبینیت بە گفتوگۆکردن لەگەڵیان.

٣. *گوێ بگرە!* لە ئەزموونی خۆمدا، ئەمە لەسەرەتادا قورس بوو. دەشێ نیگەران ببیت کە پلانێکت داناوە پڕە لە پرسیار. خۆفریودانە ئەگەر بتەوێت پرسیارێک بکەیت و دوای وەڵامدانەوەی قوتابییەک، خێرا بچیتە سەر پرسیاری داهاتوو.

ئەو کارە مەکە! تۆ پێویستە گوێ بگریت بۆ ئەوەی ئەوان دەیڵێن و هەوڵ بدەیت وەڵامی هاوڕێکانیان گوێ لێ بگرن و گفتوگۆ بکەن، ئەگەر کەس نەما دەستی بەرز کردبێتەوە، پرسیارێکی قسەهەڵگری سەرپێیی بکە بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بەردەوامبێت و پرسەکە زیاتر قسەی لەسەر بکرێت.

بابەتی گرنگ لای ئێمە ئەوەیە منداڵان خۆیان بەتەواوی گفتوگۆی پرسەکان بکەن، هیچ پێویستییەک نییە بیکەیت بە ئەرک بەسەر خۆتەوە کە هەموو پرسیارەکانی ناو پلانەکەت گفتوگۆی لەسەر بکرێت. لە ڕاستیدا، پلانی وانە مەترسیدارە کاتێک تۆ بەتەواوی

بتەوێت هەر بەپێی ئەوە بڕۆیت، بیرتبێت پلانی وانە تەنها ڕێنیشاندەرێکە کە دەتباتە ناو کێڵگەی فەلسەفەوە. مەهێڵە ڕێ بگرێت لەوەی ئاگات لە داخوازی منداڵەکان بێت.

ئەگەر پرسیارێکت کرد و گفتوگۆیەکی باش دەستی پێ کرد، ئەوە کارێکی زۆر باشە! بەردەوامبە لەسەری و بیرت بێت تەنها ئامانجی تۆ ئەوەیە هەل بدەیت بە منداڵەکان گفتوگۆیەکی باش پێکەوە بکەن لەسەر بابەتێک. نیگەران مەبە بە "پەڕاندن" کێشە نابێت ئەگەر بابەتێک گفتوگۆ نەکرێت کە لە کتێبەکە باس کراوە. دەتوانیت لە گفتوگۆکانی داهاتوودا بچیتەوە سەریان.

٤. *"کورتەیەک" بنووسە بۆ خوێندکارەکانت.* ئەو کورتەیە تێبینی و دەرئەنجامەکانە دەربارەی ئەو بابەتەی کە گفتوگۆ کراوە. ئەگەر گفتوگۆی بابەتێکتان تەواو کرد، خێرا مەچۆرە سەر بابەتێکی تر. پێویستە بەرهەمی گفتوگۆکانیان ببینن، ئەوکاتە دەزانن بە چی گەیشتوون. یەکێک لە کێشەکانی گفتوگۆ فەلسەفییەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ئەوەیە، لەبەرئەوەی منداڵان وەڵامی تەواو وەرناگرن، وەها تێدەگەن گفتوگۆکان بۆ نادیار دەڕوات و بەوەش نائومێد دەبن. منداڵان خێرا لەو چاوەڕوانیانە تێدەگەن کە ئێمە هەمانە بەرانبەریان، وەک تۆ بەوە ڕانەهاتوون گفتوگۆی فەلسەفی لە قوتابخانە بکەن. زۆر گرنگە ئەوە ببینن کە شتێک فێربوون با وەڵامێکی تەواویش نەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر نەگەینە کۆدەنگیش، چوونەپێشەوە هەر ڕوو دەدات بە ڕوونکردنەوەی پرسیارەکان و خستنەڕووی جێگرەوەی تازە. بۆیە ئەوە گرنگە وەک هاندەرێک وەها لە قوتابییەکان بکەیت لەوە تێبگەن کە گەیشتوون بە چی لە گفتوگۆکانیان. ئەمە بریتییە لە پێدانی کورتەی باسەکان و دەبێتە وەسفێکی بەردەوامیش بۆ هەوڵەکانیان.

دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە گفتوگۆ فەلسەفییەکان بە چەندەها شێوە ڕوو دەدەن. هەتا بوونی جیاوازی بە بەرەوپێشچوون

دادەنرێت، ئەگەر بۆچوونە جیاوازەکان لەچاو پێشتردا ڕوونتر بخرێنە ناو گفتوگۆوە. لەو دۆخەدا دەتوانیت بڵێیت *"ئێمە گفتوگۆیەکی بەچێژمان ئەنجام دا و دادوەرانە بوو. پێم وایە لەمەدا بەتەواوەتی جیاوازین. هەندێکمان وەها بیر دەکاتەوە کە ئەوەی کارەکەی جوان کردووە دادوەری بووە، لە کاتێکدا هەمووانیش لەگەڵ بابەتەکە نەبوون. ئەو گوفتوگۆیانە بەڕاستی بەچێژن لەبەرئەوەی...... ئێستا پێویستە بچینە سەر پرسی داهاتوو"*

بیرت بێت دەبێت بەخشندە بیت لە وەسفەکانتدا کاتێک گفتوگۆیەکی باش دەکەن لەسەر پرسێک. بە قوتابییەکەت بڵێ ئەو ڕایەت زۆر جوانە، ئەمە هاندەرێکی باشە بۆ گفتوگۆکانی دواتر و هەروەها پێشکەوتنیان لە بابەتەکان.

٥. *لەبیرت بێت هاندەری گفتوگۆکان بیت نەک بەشێک لە گفتوگۆکان!*

ئامانجی تۆ ئەوەیە منداڵەکان گفتوگۆ بکەن. نەک تۆ پێیان بڵێیت خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە یان ئەوانیش بیر لە چی بکەنەوە. چەند ڕێکارێکیشم باس کرد بۆ ئەوەی لە گفتوگۆدا بیانهێڵیتەوە، وەک پرسینی ئەوەی "ئێوە چۆن بیر لە قسەکانی لاتیقیا دەکەنەوە؟" یان "کەس هەیە بۆچوونەکەی ناکۆک بێت لەگەڵ کۆڵن، کە دەڵێت ئازایەتی گەمژانەیە؟" یان "با لەدەوری مێزێک کۆببینەوە و یەکی نموونەیەک لەسەر ئازایەتییەکمان بهێنینەوە."

٦. چێژ *لە گفتوگۆکان ببینە!* ئەگەر ماندوو نەبیت و بتوانیت بەوردی گوێیان لێ بگریت، گفتوگۆی فەلسەفی منداڵان زۆر بەچێژە و دەستکەوتنی ئەزموونێکی باشە. من هەمیشە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵان فێر دەبم. بیرت بێت ئەوان فەیلەسوفێکی خۆڕسکن، هەموومان دەتوانین لێیانەوە فێر ببین. ئەوان ڕووخۆش و جوان و زیرەکن. بۆیە ئەو ئەزموونە لەدەست مەدە و چێژی لێ وەربگرە.

## خشتەی 7.1 شەش ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

١. ئامادەبە!

٢.ڕووخۆشی نیشان بدە!

٣. گویٚ لە بۆچوونی منداڵەکان بگرە!

٤. کورتەی باسەکەیان بدەرێ لە کۆتایدا!

٥. بیرت بێت هاندەریت نەک بەشدار!

٦. چێژ وەربگرە!

# III

# چیرۆکەکان

## بەشی هەشتەم

# فێرکردنی فەلسەفەی ئەخلاق "ئەژدیها و زەبەلاحەکان[12]"

ئەخلاق یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی فەلسەفە. گرنگتین خاڵی فەلسەفەی ئەخلاق ئەوەیە پێویستە چۆن بژین لەو ژیانەی تێیداین [بە مانای ئەوەی ئەرکمان چییە]. لە گەڕان بەدوای ئەم بابەتەشدا فەلسەفەی ئەخلاق بەها باش و خراپەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە. هەریەک لە ئێمە کردارەکانی ئەوانی تر بە شێوەیەک پەسەند دەکات لای خۆی و هەریەکێکیش چەمکێکی بۆ ئەم پەسەند کردنە داناوە، دەڵێین باش، چاک، شیاو، پیرۆز. بەهەمان شێوە خەڵکانێکیش هەن ئاماژەیان بۆ دەکەین کە وەک ئەوان نەکەین؛ بەدڵنیاییەوە خەڵکانی خراپ ئەو کەسانەن کە دەیانەوێت لەڕێی چاکە بووەستن و ڕێی لێ بگرن. فەلسەفەی ئەخلاق لە عەقڵانیبوونی بڕیاردان لەو بەهایانە دەکۆڵێتەوە کە لە ژیانماندا هەیە.

ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پێشزاین) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بۆ یەکەمجار گرنگیان داوە بەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەوە بکۆڵنەوە کە چ شێوەیەک لە ژیان باشترە لە شێوەیەکی تر، و پێشنیازی ئەوەیان کردووە بیر لە فەزیلەت[13] بکەینەوە و وەک تایبەتمەندییەک لە مرۆڤدا لێیان ڕوانیوە، ئەم تێڕوانینەش لەسەر بناغەی ئەوەی فەزیلەت یەکێکە لەو دۆخانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرکەوتەی لەگەڵی هەیە. بۆ نموونە هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا ئەزموونی دۆخێکی

---

12- DRAGONS AND GIANTS

13- فەزیلەت: کردەوەیەکە کە بەهای ئەخلاقی باڵا نیشان بدات، ئەمیش چەمکێکە لە چەمکە ئەبستراکتەکان وەک جوانی و فەزیلەت.

کردووە کە وەک ترسناک لێی ڕوانیوە، ئەم دۆخە کاتێک بووە کە ڕووبەڕووی شتی مەترسیدار بووەتەوە و ترساندوویەتی. بەهەمان شێوە ئێمە زۆرجار ڕووبەڕووی شتێک دەبینەوە کە بە باش یان بە خراپی دەزانین بۆمان. بیرۆکەکەی ئەرستۆ ئەوەیە شتانێک هەن فەزیلەتە –وەک ئازایەتی و میانڕەوی- کە ڕێنوێنی تاکەکان دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ بڕیار و کاری دروست.

بۆ ئەوەی بزانیت ئەمە چۆنە، وێنا بکە لە ناوچەیەکی شاخاوی دەژیت، ئەو ڕێگایانەی کە پێیدا دەڕۆیت، چاڵی گەورەی تێدایە و دەبێت باز بدەیت بۆ ئەوەی بگەیت بە شوێنی مەبەست. (گریمانەی ئەوە بکە چاڵەکە زۆر گەورە و ترسناکە و زۆر چۆتە خوارەوە.) لێرەدا باشترین ڕێگە چییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە؟

وەڵامێک لەوانەیە ئەوە بێت ئەگەر ڕاهێنانی زۆر قورس بکەیت، دواتر ناترسیت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە و وەک چاڵێکی بچووک دەبێت لەلات. بەڵام بەڕای من زۆربەمان دەڵێین ئەمە کارێکی باش نییە، ئەگەر چاڵەکان زۆر گەورە بێت ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە وەها بیر بکەیتەوە دەتوانیت بەسەر یەکێکیاندا بپەڕیتەوە. ڕێگەیەکی تر ئەوەیە بیر بکەیتەوە کە لە توانایەک زیاتر بەکار بهێنیت: دەبێت ئەم بڕوابەخۆبوونەم هەبێت بۆ ئەوەی باز بەسەر ئەوانەدا بدەم کە شیاون بۆ بازدان، هەروەها توانای زانینی ئەوەشم هەبێت، دەتوانم بەسەر کامەدا باز بدەم و کامەش ناتوانم، دواتر دەزانم لە کوێدا باز بدەم و لە کوێدا نەیدەم.

ئێمە چۆن دەتوانین فەلسەفییانە باس لەم حاڵەتە بکەین؟ یەکێک لە قسەکان ئەوەیە ئازایەتی ئەوەیە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دۆخە مەترسیدارەکاندا بکەین، و ئەم ئازایەتییەش زیاتر لە بنەمایەکی هەیە لەوانە: یەکەم بڕوابەخۆبوونە، کە تەنها بریتی نییە لەوەی من بڕوام وابێت دەتوانم کارێک بکەم بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموونە لەو کارەدا، دووەم بنەما توانای بڕیاردانە، ئەویش ئەوەیە چۆن بزانم

دەتوانم کام کارە مەترسیدارە بکەم و کامەیان ناتوانم، هەروەها توانای زانینی ئەوەی لە چ کاتێکدا کارێکی باشە مرۆڤ ڕووبەڕووی مەترسییەک بووەستێتەوە ئەگەر بشزانێت لەوانەیە سەر نەکەوێت تێیدا.

لەسەر بناغەی ئەم شیکردنەوەیە، ئازایەتی دوو توانای بنەڕەتی پێویستە کە توانای بڕیاردان و بڕوابەخۆبوونە، بۆ ئەوەی کەسێک ئازا بێت، دەبێت ئەم دوو تایبەتمەندییەی بەشێوەیەکی باش تێدا بێت، ئەو کەسەی کە توانای بڕیاردانی تێدا نییە بەڵام بڕوابەخۆبوونی زۆرە ئەو کەسە *هەڵەشەیە یان سەرکێشە*، لەبەرئەوەی کارێکی مەترسیدار دەکات کە دەبوو نەیکات. لەلایەکی ترەوە ئەو کەسەی توانای بڕیاردانی باشە بەڵام توانای بڕوابەخۆبوونی نییە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو مەترسییەکدا وەها تێدەگا کە جۆرێکە لە هەڕەشە بۆ ئەو، لەو جۆرە کەسایەتییەیە ناتوانێ ڕووبەرووی هیچ مەترسییەک ببێتەوە. ئەمیش دەبێتە ترسنۆک کە پێچەوانەی کەسی سەرکێشە.

لێرەدا من تەنها شیکارییەکم بۆ ئازایەتی کرد لەسەر بنەمای "فەزیلەت" لەلای ئەرستۆ، کە دۆخیکە لە کرداری مرۆیی کاتێک مامەڵەی شیاو دەکات لەگەڵ دۆخێک لە ژیاندا کە ڕووبەڕووبوونەوەی چاوەڕوان کراوە. ئەو دۆخەی ئازایەتی دەخوازێت، ئەو دۆخەیە مرۆڤ پێویستە هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان بڕوابەخۆبوون و بڕیارداندا. لێرەدا فەزیلەتی ئازایەتی ئەگەر ئەم دوو تایبەتمەندییە یان یەکێکیانی لەگەڵدا نەبێت (توانای بڕیاردان و بڕوابەخۆبوون) دوو حاڵەتی خراپی لێ دەکەوێتەوە ئەویش سەرکێشی یان ترسنۆکییە.

بیرۆکەی سەرەکی فەلسەفەی ئەخلاق ئەم فەزیلەتەیە. کەسی باش یان ئەخلاقیی ئەو کەسەیە ئەم فەزیلەتە لەخۆیدا دەچێنێت و پەرەی پێ دەدات. ئەمەش وەها لەو مرۆڤە دەکات بە گونجاوی مامەڵە لەگەڵ

هەر دۆخێکدا بکات کە لە ژیانیدا دێتە ڕێی. لێرەدا ئەو کەسە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر مەترسیدا و فریو نەدرێت و جڵەو بۆ حەزەکانی شل نەکات، ئیتر بەو جۆرە بۆ باشییەکانی دیکەش.

تیۆرییەکەی ئەرستۆ دەربارەی فەزیلەت زۆر کاریگەری هەبووە، هەرچەندە بەگشتی ئاگاشمان لێی نییە، بەڵام بیرکردنەوەی زۆربەمان دەربارەی کردەوەی ئەخلاقی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینەکەی ئەوە. ئامانجی ئێمە لەم وانانە ئەوەیە کە منداڵان خۆیان بیر لەوە بکەنەوە کە چی وەها دەکات کەسێک ئازا بێت.

چیرۆکەکەی ئارنۆڵد لۆبڵ "ئەژدیها و زەبەلاحەکان" لەسەر ئەم مەبەستە بەباشی کار دەکات. لۆبڵ چەند چیرۆکێکی لەسەر ئەم دوو وشکاوەکییە نووسیوە (بۆق و تۆد) کە بەردەوام دەکەونە تێڕامانەوە، ئەمەش دۆخی زۆربەی فەیلەسوفەکانە. لەم چیرۆکەدا، بۆق و تۆدەکە دەکەونە تێڕامان لە ئەوەی چی وەها دەکات کەسێک ئازا بێت. دوای ئەوەی سەیری ئاوێنە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن وەک ئەو کەسایەتیانە ئازان کە لە چیرۆکێکی ئەفسانەییدا خوێندویانەتەوە، دەچن بەشوێن ئەوەدا کە بزانن ئایا ئەمانیش ئازان. لە گەڕانەکەیاندا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شتی ترسناک دەبنەوە کە هەلی زۆریان دەداتێ بۆ تاقیکردنەوەی ئازایەتییەکەیان. کاردانەوەی بۆق و تۆدەکە بەرانبەر مەترسییەکان بابەتێکی باشمان دەداتێ بۆ گفتوگۆکردنی منداڵانی سەرەتایی دەربارەی ئازایەتی. بۆ منداڵان بەراستی جێی تێڕامان بوو کە بۆق و تۆدەکە بە ئازایانە وەک ئەوەی خۆیان گوتیان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شتی جیاواز بوونەوە کە ترساندنی.

باشترین شێوە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەسەر ئازایەتی، دروستکردنی خشتەیە (بڕوانە خشتەی 8.1 ). پرسیار لە منداڵان بکە دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە بۆق و تۆدەکە کردیان بۆ تاقیکردنەوەی ئازایەتییان. کاردانەوەکانیان لەناو خشتەکە بنووسە. پاشان بۆ هەریەک لە کارەکان، پرسیار بکە لە: (١) ئەو کاتانەی کە

بـۆق و تـۆدەکە کارێکیـان دەکـرد و دەیـانگوت ئـازاین (٢) ئەو کـاتەی منداڵەکان پێیان وابوو کە بەڕاستی بۆق و تۆدەکە ئازان.

### خشتەی 8.1 بزانە بۆقەکە و تۆدەکە لە کام لەم هەڵوێستانەدا ئازا بوون

| کرداری بۆق و تۆدەکە | ئایا ئازابوون یان نا؟ |
|---|---|
| سەیرکردنی ئاوێنە | ؟ |
| ڕاکردن لە مار | ؟ |
| ڕاکردن لە هەرەس | ؟ |
| ڕاکردن لە هەڵۆ | ؟ |
| خۆشـــاردنەوە لە دولاب یـــان ژێـــر ڕووپۆشێک | ؟ |

**ئایا دەردەکەوێت منداڵان ڕای جیاوازیان هەیە؟**

گفتوگۆکە لەوانەیە لە دروستکردنی خشتەکەوە دەست پێ بکات: کە بـۆق و تـۆدەکە سـەیری ئـاوێنە دەکەن بـۆ زانینـی ئەوەی ئایا ئـازان؟ (دڵنیـا بـبەرەوە لەوەی منـداڵان ئاگایـان لەوەیە تـۆدەکە کتێبێکـی بە دەســتەوەیە بەنــاوی چیــرۆکە ئەفســانەییەکان.) ئەمە ئەو پرســیارە دەجوڵێنێت، ئایا دەتوانیت سەیری کەسێک بکەیت و پێی بڵێیت ئـازایە. دەتوانیت پرسیار لە منداڵەکان بکەیت ئاخۆ بۆق و تۆدەکە ئازایەتییـان پێـوە دیـارە. لەوانەیە هەنـدێک لە منـداڵەکان ئەو ئـازایەتییە ببیـنن و هەندێکیشــیان نەیبیــنن. دەتوانیــت بزانیــت ڕایــان چیــیە دەربــارەی پێوەدیاربوونی ئەو ئـازایەتییە و ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئـازان؟ ئەمە وەهــا دەکــات ئەوە بزانیــت بنەمــا و تێڕوانینــی منــداڵەکان بــۆ ئازایەتیی چییە. ئەگەر یەکێکیان گوتی ئەوە ئازایەتی نییە و نـاییبینم، و ئــازایەتیی نـاوەکییە، ئەوە تـۆ دەرچەیەکـت دۆزیـیەوە بـۆ گفتوگـۆی زیاتر.

له کاتی بەردەوامبوونی گفتوگۆکاندا، لەوانەیە لێیان بپرسیت، ئایا کەسانێکی دیاریکراو هەن پێیان بگوترێت ئازا. لێرەدا لەوانەیە بڵێن ئاگرکوژێنەرەوە، سوارچاکەکان، سەربازەکان، ئەو کەسانەی تر کە دەکرێ بگوترێن. دووبارە کاتێک منداڵەکان نموونەی کەسە ئازاکانیان هێنا، گرنگە لییان بپرسیت بۆ لایان وایە ئەم کەسانە ئازان، لەوانەیە ئەوانیش باسی ئەو مەترسیانە بکەن کە ڕووبەرووی ئەو کەسانە دەبێتەوە.

∞

بە تێڕوانین لەو هەنگاوە گرنگانەی کە بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان دەینێین لەم چیرۆکەدا، دەتوانیت بزانیت تایبەتمەندییەکانی گفتوگۆی فەلسەفی چییە و چی جیای دەکاتەوە لە گفتوگۆکانی تر کە لەگەڵ منداڵان دەیکەین. یەکەم، لەو بیرۆکەیەوە دەست پێ دەکەین کە لە چیرۆکەکەوە وەری دەگرین – ئایا ڕێگەیەک هەیە بۆ ئەوەی ئازا دەربکەویت؟- دواتر خێرا لە بیرۆکەی ئەبستراکتەوە دەردەچین بۆ پرسینی ئەوەی کام دەرکەوتنە وەها دەکات کەسێک ئازایانە دەربکەوێت. ئەمە باسکردنە لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە ئەویش گشتگیرییە، لێرەدا دەتوانین ببینین ئەوە لە کوێوە دێت: لە دیاردە سەرەتاییەکانەوە دەست پێ دەکەین و دواتر باز دەدەین بۆ ئاستێک لە پرسیاری گرنگ کە تێڕوانینی منداڵان دەردەخات بۆ هەمان دیاردە بەشێوەیەکی ئەبستراکتتر و گشتگیرتر کە (لێرەدا، ئازایەتییە).

هەر کە گفتوگۆ سەرپێ کەوت، دەبێت بەوردی ئاگاداری ئەوە بیت کە منداڵەکان دەیڵێن. هەرچەندە ئێمە وەک یارمەتیدەرێک دەزانین لۆژیکێک هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی بابەتەکانی چیرۆکەکە کە پێمان خۆشە منداڵەکان بەدوایدا بچن، بەڵام پێویستە بەوردی و ئاگاییەوە گوێڕادێرین بۆ ئەوەی منداڵان دەیڵێن و دەتوانیت دواتر یارمەتیان بدەیت بەرەو ئاڕاستەی پرسیارە ئەبستراکتەکان بڕۆن، ئەمە پێویستە

بۆ ئەوەی ڕێز لە گفتوگۆکانی ئەوان بگریت نەک ئامانجەکانی خۆت. گفتوگۆکە هی ئەوانە، تۆ تەنها ڕێخۆشکەریت.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمە دەمانەوێت زۆر ئاگاداری ئەوە بیت کە منداڵەکان دەیڵێن، پێویستە تۆ دوای هەنگاوەکانیان بکەویت لەجێی ئەوەی کە گفتوگۆکە ببەیت بەرەو ئەو شوێنەی دەتەوێت. هەرچەندە ئێمە هەوڵەکانمان بۆ هاندانە بەرەو گفتوگۆی فەلسەفی بەڵام دەمانەوێت منداڵان خۆیان کۆنترۆڵی ئاڕاستەی گفتوگۆکان بکەن.

لەم حاڵەتەدا چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان. دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو کەسەی ڕووبەڕووی هەموو مەترسییەک دەبێتەوە کە دێتە ڕێی، بەڕاستی ئازایە، ئەگەر وەڵامەکانیان بەڵێ بوو دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت لەو جۆرە پرسیارەی کە فەیلەسوفەکان پێی دەڵێن "تاقیکردنەوەی هزر"

تاقیکردنەوەی هزر، کۆمەڵێک سیناریۆن لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە داهێنراون بۆ ئەوەی تێڕوانینەکانی خۆیانمان پێ بناسێنن. تۆ دەتوانیت لە منداڵان بپرسیت ئەگەر دێوێکی گەورە بێت بۆ شارەکەمان. ئەو کەسەی بچێت بەرەوڕووی دێوەکە و پێی بڵێت "بڕۆ دەرەوە! تۆ هەموومانت ترساند" ئایا ئەم کەسە ئازایە؟ بیرۆکەکە ئەوەیە بیانبەیتە ناو گفتوگۆکردنی ئەوەی کە کەسی ئازا ڕاستە بڕوابەخۆبوونی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدا، بەڵام پێویستە زیرەکی بڕیاردانی ئەوەشی هەبێت کەی ئەو کارە هەڵەشەییە و جۆرێکە لە نائاگایی. بەربەرەکانی لەگەڵ دێوێک کە لە تۆ زۆر گەورەتر و بەهێزترە هەڵەشەییە نەک ئازایەتی.

جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی بڕوابەخۆبوون و توانای بڕیاردان لە ئازایەتیدا، گفتوگۆکان نابات ئاستێکی ئەبستراکتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە تێڕوانینێکی باشترمان دەداتێ لەسەر پێکهێنەرەکانی ئازایەتی، جەختکردنەوە لەسەر ئەو دوو بنەمایە وەک دوو پێکهێنەری

سەرەکی ئازایەتی، دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕوانینێکی دروست دەربارەی ئازایەتی. ئەمە بەرەوپێشچوونە بۆ تایبەتمەندییەکی تری گفتوگۆ فەلسەفییەکان: بیرۆکەیەک لە سەرەتادا دەخرێتە بەر باس بەڵام دواتر دەردەکەوێت پێویستی بە باسکردنی زیاترە، ئەوە دێتە پێش ئایا پرسیارێک بەسە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەک.

لێرەدا ئێمە هانی منداڵان دەدەین بۆ ئەوەی وردتر بیر لە ئازایەتی بکەنەوە و لەو بڕوایەش کە دەڵێت دوو پێکهێنەری سەرەکی هەیە کە بڕوابەخۆبوون و بڕیاردانە. بەدڵنیاییەوە ئەوان بە سەرنجی زۆر ئاڵۆز ڕای خۆیان دەرنابڕن. لەوانەیە بڵێن "ئەوە ئازایەتی نییە، ئەوە گەمژەییە" بەڵام کاتێک ئەوەیان گوت، ئەوە ئەو تێڕوانینەیان وەرگرتووە کە ئێمە بە چەمک و دەستەواژەی ئاڵۆز دەری دەبڕین.

ڕێگە بدە لێرەدا دوو ئاگاداریت بدەمێ. دەبێت ئەو بڕوایەت هەبێت کە گفتوگۆکان پەرە دەستێنن بۆ سەر هێڵێکی فەلسەفی. تۆ دەتوانیت ڕێ بۆ ئەمە خۆش بکەیت بەوەی بزانیت کەی منداڵەکان پێشنیازێکی فەلسەفی دەکەن و تۆش گرنگی پێ دەدەیت و پشانی ئەوانی تری دەدەیت بە گوتنی ئەوەی " خاڵێکی زۆر گرنگت وروژاند ماسیلدا! کێ لەگەڵ قسەکانی ماسیلدادا هاوڕایە با پێشمان بڵێ بۆ هاوڕایە؟"

بەڵام دەبێت ئامادە بیت بۆ چۆنێتی وەڵامدانەوەی منداڵەکان بۆ پرسیارێک، کاتێک دەپرسیت "چ کارێک هەیە ئەنجامت داوە و بە ئازایەتی دادەنێیت؟" دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت زۆربەی ئەو منداڵانەی تۆ هانیان دەدەیت بۆ گفتوگۆی فەلسەفی پاشخانێکی کۆمەڵایەتییان هەیە کە جیاوازە لە تۆ، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەو وەڵامەی هەیانە. لێرەوە دەبێت ئامادە بیت بۆ هەموو جۆرە وەڵامێک.

چی دەکەیت ئەگەر قوتابییەکی وردیلە و جوانی پۆلی دووەم لە وەڵامدا بۆ کارێکی ئازایانە کە کردویەتی گوتی: "گەورەیەک بە بوتڵێکی شوشە لێی دام و منیش خۆم هەموو پارچە شوشەکانم لە دەموچاوم کردەوە و نەشگریام" قوتابییەکم لە کۆلێژ ئەمەی باس کرد

و گوتی یەکێک لە منداڵەکان بەم شێوەیە وەڵامی داومەتەوە، منیش تێکچووم و لە ناخی خۆمدا گوتم "ئەم منداڵە چییە وانەی ئازایەتی پێ بڵێمەوە؟"

ئەم جۆرە لە وەڵام پێویستە خۆتی لێ بەدوور بگریت، هەرچەندە بەخۆشحاڵییەوە زۆربەی خوێندکارەکانی زانکۆم توشی حاڵەتی نەخوازراو نەبوون. بەڵام ئەم منداڵە بێبەختە دوو شتی گوتووە دەربارەی ئازایەتی کە بابەتێکە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا: یەک لای وابوو گریان مانای وایە ئازا نییە، دووەمیش بۆ ئەوەی ئازا دەربکەوێت داوای یارمەتی لە کەس نەکرد. خوێندکارەکەم دەبوو کۆنترۆڵی خۆی بکردایە -یەکێک لەو بابەتانەی تر کە لە چیرۆکی بۆق و تۆددایە- و پرسیارێکی گونجاوی لە منداڵەکە بکردایە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم منداڵە ببێتە سەرەتای گفتوگۆیەکی فەلسەفی، وەک ئەوەی پێی بگوتایە "بۆچی لات وایە نەگریان و دەرهێنانی شوشەکان لەلایەن خۆتەوە ئازایەتییە؟"

بەو بۆنەیەوە، جارێک سەرم سوڕما لەوەی خەڵکی ئامادەن لە گفتوگۆدا باسی خۆیان بکەن، کاتێک گفتوگۆی "ئەژدیها و زەبەلاحەکان". مان دەکرد لە ۆرکشۆپێکدا بۆ هەندێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەی سەرەتایی جاکسۆن. سەرەتا چیرۆکەکەم خوێندەوە و دواتر داوام کرد قسە بکەن لەبارەی کارێک کە پێیان وابووە ئازایەتییە و ئەنجامیان داوە.

لە وەڵامدا، یەکێک لە مامۆستاکان باسی لەو ئازارانە کرد کە ڕووبەڕووی بووەتەوە لە کاتی شێرپەنجەدا و لای وابوو ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ئازایانەترین کارە کە کردوویەتی. یەکێکی تریان لای وابوو گەورەکردنی کوڕەکەی کە نەخوشی عەقڵیی لەگەڵدابووە کاتێک گوتی " ئەوە ئازایەتییەکی زۆری پێویستە کە دەبێت هەموو ئەوانە بکەیت کە ئەو داوای دەکات". هەریەکەیان باسی ڕوویەکی ژیانی خۆی کرد کە من نەمبینی بوو. بەڵام ئەوەیان نیشاندا کە زۆر

ئازایانە مامەڵەیان کردووە لە کاتی ئەو کێشە ڕاستەقینانەدا. هەروەها وانەکە لەوانەیە یارمەتی دابن لەوەی کە خۆیان وەک نموونەیەکی زیندووی ئازایەتیی ببینن.

∞

پرسیارەکانی کۆتایی کۆمەڵێک پرسیار و بابەتت دەدەنێ کە دەتوانیت بۆ بەردەوامبوون لە گفتوگۆکان بەکاریان بهێنیت. پرسیاری جیاوازی تێدایە لەسەر سروشتی ئازایەتی، وەک ئەوەی ئایا کەسێکی ئازا دەکرێت بەڕاستی بترسێت. لە ئەزموونی خۆمدا منداڵەکان قسەیان زۆر هەبوو لە پرسەکانی دەربارەی ئازایەتی لە چیرۆکی "ئەژدیها و زەبەلاحەکان".

زۆرم گوت دەربارەی سوودی زۆری ناساندنی فەلسەفە بە قوتابییانی سەرەتایی. بەڵام ئەوەی تا ئێستا نەم گوتووە ئەوەیە کە فەلسەفە یارمەتی منداڵان دەدات بەشێوەیەکی جیاواز بیر لەو دژواریانە بکەنەوە کە لەژیانیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم چیرۆکە نموونەیەکی باشە بۆ ئەو بابەتە و کاریگەری دەبێت.

یەکێک لەو بابەتانەی منداڵانی سەرەتایی لێی دەترسن، خراپ بەکارهێنانیانە. کەسانی خراپ هەن کە منداڵان دەبەن بۆ ئەوەی کاری مەترسیداریان پێ بکەن، بەجۆرێک منداڵەکان دەزانن نابێت بیکەن، بەڵام ناچاریان دەکەن بیکەن لە ترسی ئەوەی پێیان نەڵێن "ترسنۆک". لەم چیرۆکەوە ئێمە ئەوە دەگەیەنین، کردنی کارێکی زۆر مەترسیدار گەمژانەیە، ئەمەش وەها دەکات منداڵان جیاوازتر لە تێگەیشتنەکانی خۆیان بیر بکەنەوە، ڕەتکردنەوەی ئەو کارانە بە ئازایانەتر بزانن لەوەی کە کەسانی خراپ دەیانەوێت پێیان بکەن و ئەگەر نەیکەن بە ترسنۆک ناوزەندیان بکەن. ئەگەر گەیشتنە ئەم بڕوایە لە ئەنجامی گفتوگۆکردنی چیرۆکەکە ئەوە مانای ئەوەیە خۆیان شتێک فێربوون نەک ئێمە تێڕوانینی خۆمانمان بەسەردا سەپاندبن.

## چیرۆکی "ئەژدیها و زەبەلاحەکان"
## نووسینی: ئارنۆڵد لۆبڵ

### پرسیار بۆ گفتوگۆ:

**بابەت: ئازا دەرکەوتن،** بۆق و تۆد سەیری ئاوێنە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن ئازان. تۆدەکە پرسیار دەکات ئایا بەڕاستی ئازان؟

١. ئەگەر ئازا بیت شێوەت چۆن دەردەکەوێت؟
٢. دەتوانیت بە تەماشاکردن بە کەسێک بڵێیت ئازایە یان نا؟
٣.ئایا هەرگیز هەستت بە ئازایەتی کردووە بەڵام پێتەوە دیار نەبووبێت؟
٤. دەکرێت ترسنۆک دەربکەویت بەڵام ئازا بیت.
٥. چۆن بۆق و تۆدەکە توانیان بڵێن ئازا دەردەکەون؟

**بابەت: ئازایەتی و مەترسی:** بۆق و تۆدەکە گوتیان سەرکەوتن بەسەر شاخدا پێیان دەڵێ کە ئازان.

١. کردنی کارێکی قورس مانای ئەوەیە کە ئازایت؟
٢. ڕێگەیەک هەیە بۆ ئەوەی پشانی بدەیت کە ئازایت؟
٣. ئایا کردنی کارێکی مەترسیدار مانای ئەوەیە ئازایت؟
٤. ئەی ئازایت ئەگەر کەسێک کارێکی مەترسیدارت پێ بکات؟
٥. ئەگەر کارێکی مەترسیدار بکەیت کە خۆت نەزانی مەترسیدارە، ئایا تۆ هەر ئازایت؟

**بابەت: هەستکردن بە ئازایەتی** بۆق و تۆدەکە حەزیان دەکرد بزانن ئازان.

١.چۆن دەزانیت ئازایت؟
٢. ئەگەر کەسێک پێی گوتیت ئازایت، مانای وایە ئازایت؟
٣. چۆن خەڵک دەتوانن پێت بڵێن کەی ئازا بوویت؟
٤. ئایا دەشێت جارێک هەست بکەیت ئازایت و هەڵەش بیت؟
٥. ئایا خەڵکانی تر هەڵەن کاتێک پێیان وابێت تۆ ئازا نیت؟

**بابەت: ئازایەتی و ترس** کاتێک مارەکە ویستی بۆق و تۆدەکە بخوات، ئەوانیش ڕایان کرد و تۆدەکە کەوتە لەرزین.

١. ئایا بۆق و تۆدەکە ئازابوون کە ڕایان کرد؟
٢. دەیانتوانی چی تر بکەن؟
٣. ئایا ئازایەتییە لە شتێکی مەترسیدار ڕابکەیت؟
٤. ئایا تۆدەکە ئازا بوو سەرەڕای ئەوەی لە ترسا دەلەرزی؟
٥. ئایا ترسان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئازا نیت؟
٦. ئایا دەشێت لەهەمان کاتدا بترسیت و ئازاش بیت؟

**بابەت: ئازایەتی و کاردانەوە** کاتێک بۆق و تۆدەکە گەڕانەوە بۆ ماڵی تۆدەکە، تۆدەکە بازی دایە ناو جێگەکەی و داپۆشەرێکی بەسەر خۆیدا دا. بۆقەکەش چووە ناو مەعرەزەکەوە و دەرگاکەی داخست.

١. ئایا خۆداپۆشین یان چوونە ناو مەعرەزەوە مانای ئەوەیە کە ئازا نیت؟
٢. ئایا کەسێکی ئازا پێویستە هەموو کات ئازا بێت؟
٣. ئایا دەکرێت لە شتێکی مەترسیدار ڕابکەیت و هێشتا ئازا بیت؟

# بەشی نۆیەم

## گوتنەوەی فەلسەفەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی "فێدریک"[14]

پرسـیاری بنەڕەتـی فەلسـەفەی سیاسـی کـۆمەڵایەتی ئەوەیە، کـام لە ڕێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان گونجاوترە. بۆ نموونە، زۆرێک لە کۆمەڵگەکـان هەبـوونی جیـاوازی چینـایەتی و ئـابووری لەنێـوان تاکەکانـــدا پەســـەند دەکەن. لەم کۆمەڵگـــانەدا هەنـــدێک کەس دەوڵەمەنـــدترن لە هەنـــدێکی دی، هەمـــووانیش وەکـــیەک خـــاوەن شکۆمەندی نین. لە هەمـان کاتـدا لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا ئەگەر بۆ تیۆریش بێت، لەسەر بناغەی "یەک کەس، یەک دەنگ" بنیـاد نـراوە، لەسـەر ئەم شـکۆمەندیە، دیموکراتییەکـان ڕێـگە نـادەن لە دەسـەڵاتی سیاسـیدا نایەکسـانی لە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکاندا هەبێـت. ئەو پرســـیارە ســـەرەکییەی کە ڕووبەڕووی فەیلەســـوفانی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی دەبێـــتەوە ئەوەیە، بـــۆچی وا هەســـتدەکەین جـــۆرێکی نایەکسانی باشە و لە کاتێکدا دژی نایەکسانییەکیانی ترین؟

یەکێـک لە هۆکارەکـان کە دەهێنـریتەوە بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەوەی دەکرێت ئەو نایەکسـانییە گونجاوبێت لە دنیـای ئابووریـدا، ئەوەیە کە گونجاوترین ڕێگەیە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە. ئەو بەڵگەیەی دەیهێننەوە ئەوەیە کە نایەکسانی ئابووری هانی بەرهەمهێنانی زیاتر دەدات -یان "سـوودی گشـتی" لە زمـانی لێکـۆڵەران- لە سیسـتەمێک کە ئـابووری خەڵکی یەکسان بێت. ئەو بیرۆکەیەی لەپشـت ئەمەوەیە ناودەبرێت بە تیۆریای **تریکڵ-داون**[15]: ئەوەیە کە لێبگەڕێیت دەوڵەمەندەکان قازانج

---

[14] FREDERICK-

[15] trickle-down -

بکەن تا بەرهەمهێنان زیاد ببێت و بەم شێوەیە ژیانی هەموو خەڵک باشتر دەبێ. ئەگەر هێشتا ئەم بیرۆکەیە ڕێی تێ ناچێت لەلات کە ڕێگە بدەیت بە نایەکسانی بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی گشتی زیاد بکات، ئەوە بزانە لەلای زۆربەی خەڵک ئەو بیرۆکەیە پەسەند کراوە.

لەلایەکی ترەوە، هەندێک لە فەیلەسوفان لایان وایە یەکسانی بەهایەکی گرنگە و هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ ڕەتکردنەوە یان وازلێهێنانی. لەم تێڕوانینەوە، دەبێت هەموان بەیەکسانی لە سوودە ئابوورییەکاندا بەشداربن، و هیچ بەهانەیەکیش نییە بۆ ڕێگەدان بە هیچ کەسێک کە لە کەسێکی تر سامانی زیاتری هەبێت. ئەمەش بیرۆکەی سەرەکی سۆسیالیزمە[16]، هەرچەندە ئەمە ڕیشەیەکی هەیە لە ئاینێکی وەک مەسیحیەتیشدا.

هەندێک لە فەیلەسوفان لایان وایە کە ڕێگەچارەیەکی نێوەندگیر هەبێت لە نێوان قازانجی بێسنوور و یەکسانیی تەواو دا. ئەمان ڕێگە دەدەن بەوەی جیاوازی لە ساماندارییدا هەبێت بەڵام سنوورێکی دادەنێن بۆ زۆرنەبوونی ئەو جیاوازییە. لە (تۆریای عەدالەت ١٩٧١) **جۆن ڕاوڵز** بنەمایەکی خستە بەردەست کە هەوڵ دەدات بۆ دانانی سنوورێک بۆ نایەکسانیی زۆر، لای ئەو: تەنها ئەو جیاوازییە لە ساماندارییدا ڕێگەپێدراوە کە کەمترین ژمارەی دەوڵەمەند لە کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت. لەم بیرۆکەیەدا تەنها ئەو نایەکسانییە ڕێگەپێدراوە کە ڕێ لە دروستبوونی دۆخی خراپ دەگرێت. ئەم تێڕوانینە بیرۆکەکەی سۆسیالیزم پەسەند دەکات کە لای وایە یەکسانی گرنگە، بەڵام لەو شوێنەدا نەرمی دەنوێنێت بۆ ڕێگەدان بە جیاوازیی، کە کۆمەڵگە هەمووی سوودمەندبن لێی. لەبەرئەوە زەحمەتە هەر سووربێت

---

[16]- سیستەمێکی ڕێکخستنی کۆمەڵگایە کە هەبوونی سامانی تایبەت ڕەت دەکاتەوە و سامان دەگێڕێتەوە بۆ حکومەت، بەمەش کەس خاوەنی موڵکی خۆی نییە و حکومەت خاوەنی هەموو شتێکە و بەرپرسیشە لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران.

لەسەر یەکسانی ئەگەر بسەلمێنرێت کە کەمێک نایەکسانی دەتوانێت سوودی بۆ هەموو کۆمەڵگە هەبێت.

بەڵام ئەگەر بەڕوونی دیارە کە لە ئابووریدا نایەکسانی باشە و عەقڵانییە، ئەی بۆ لە دەسەڵاتی سیاسیدا جیاوازە؟ بۆ ئێمە ڕێگە نادەین کەسێک دەنگێکی زیاتر بدات؟ بۆچی لامان وایە یەکسانی پیرۆزە و نابێت لە بابەتی سیاسیدا بشکێندرێت بەڵام پێمان وایە لە ئابووریدا باشە؟

ئەم مامەڵە جیاوازە لەگەڵ یەکسانیی لەنێوان سیستەمی سیاسی و ئابووری بابەتێکی زۆر باشە بۆ بیرلێکردنەوە و باسکردن، من دەتوانم لێرەدا یەک بەڵگە بخەمە ڕوو بۆ یەکسانی سیاسی ئەویش ئەوەیە کە ئەمە دڵنیایی دەدات بەشەرعیەتی حکومەت. بیرۆکەکە ئەوەیە خەڵکی زیاتر پابەند دەبن بە یاساکانی حکومەت ئەگەر هەمووان وەکیەک بەشداربن لە دروستکرنی دەسەڵاتدا. ڕێگەدان بە کەسانێکی دیاریکراو کە دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت لە حکومەتدا، وەها دەکات خەڵکی هەستی دڵسۆزی و پابەندیان نەبێت بەرانبەری.

یەکێک لە بنەماکانی فەلسەفە کە فەلسەفەی ئابووری و سیاسی بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە فەلسەفە بیر لە چارەسەرە نموونەییەکان دەکاتەوە. لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا ئەم پرسیارە نییە، بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە "یەک کەس مافی یەک دەنگی هەیە" بەڵام هەندێک کەس دەسەڵاتیان زیاترە لەوانی تر لە حکومەتدا. ئەوە بەتەواوی ڕوونە کە دەوڵەمەند و کۆمپانیا گەورەکان بەهۆی هێزی ئابووریانەوە دەتوانن کاریگەری سیاسییان هەبێت، کە زۆرکەسی ئاسایی ئەوەی پێ ناکرێت. بەڵام لادان لەو دۆخە نموونەییە نابێتە هۆی ئەوەی ئەو گفتوگۆیە نەمێنێت کە چی ڕەوایەتی دەداتە سیستەمە جیاوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

∞

تا ئێرە گفتوگۆی پرسە سیاسی و ئابوورییەکانمان کرد. هەروەها ئەوەی چی بەتەواوی وەها دەکات پرسێک بچێتە خانەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە؟ یەکێک لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بەو پرسەوە بابەتی هاوڕەگەزخوازییە. ئەگەر دیوە ئایینیەکەی بخەینە لاوە، هاوسەرگیری پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە کە ئەرک و ماف دەخاتە سەر هەریەک لە هاوسەران. پرسی هاوڕەگەزخوازی لە دیوێکی کۆمەڵایەتیەوە ئەوەیە، ئایا کە بەڵگەی باش هەیە رێگە دەدات بە دوو ڕەگەزی جیا ئەرک و مافیان لەسەر یەکتر هەبێت ئەی بۆ بە دوو ڕەگەزی وەکیەکی نادات؟ هەرچەندە ئەمە پرسێکی یاساییە بەڵام ڕیشەیەکی قوڵتری هەیە. ئەگەر کەسێکیش لای وایە کە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی دوو هاوڕەگەزخواز مافیان نییە هاوسەرگیری بکەن، پرسیارێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کەی پێویستە نایەکسانی هەبێت لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا. -مافی پێکەوەبوونی هاوڕەگەزان، تەنها وەک نموونەیەکە- لەسەر بناغەی مافی هەڵبژاردنی سێکسی و هاوسەری.

وەک دەبینی کۆمەڵگەی ئێمە داخوازیەکی گشتی هەیە بۆ بوونی یەکسانی، هەرچەندە لەوانەیە یەکێک لە یەکسانییەکان وەلابنرێت بە هۆکارێک. بابەتی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوونکردنەوەی ئەوەیە لە چ کاتێکدا و بۆ چ مەودایەک ئەو لادانانە ڕێگەپێدراوە، هەروەها هێنانەوەی بەڵگە بۆ ئەو گریمانە سەرەکییەی کە یەکسانی بەهایەکی گەورە و گرنگە.

∞

کتێبەکەی لیۆ لیۆنی بەناوی **فێدریک** بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و نائاسایی ئەم باسە دەوروژێنێت. **فێدریک** چیرۆکی مشکێکی شاعیرە. لەکاتێکدا مشکەکانی تری خێزانەکەی **فێدریک** سەرقاڵی کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی زستانن، **فێدریک** بۆخۆی دەخولێتەوە و خەریکی ڕابواردنە. کاتێکیش مشکەکانی تر پرسیاری لێ دەکەن، پێیان دەڵێ

من وشه و ڕەنگم کۆ کردووەتەوە بۆ زستان، کاردانەوەکان لەوە ناچێ بڕوای پێ هێنابێتن. هەرچەندە لە کاتی زستاندا هەموو کۆکراوەکەیان بەکار هێنا، مشکەکان گەڕانەوە بۆ لای **فێدریک** و ئەویش کۆکراوەکەی خۆی لە پایزدا بۆ باس کردن. شیعریکی بۆ خوێندنەوە کە وێنای ڕەنگەکانی هاوینی دەکرد و شعرێکی تریش کە وەرزەکانی بە شێوەیەکی تایبەت باس دەکرد. لە کۆتایدا مشکەکان وایان زانی کە **فێدریک** شاعیرێکە کە دەتوانێت شتێکی تایبەتیان بۆ بکات لە سەختیی و درێژی زستان.

پرسی سەرەکی ئەم چیرۆکە وروژاندنی ئەوەیە، ئایا بەڵگەیەک هەیە بۆ ئەوەی هەمووان بەشداربن لە کۆمەڵگەکەیاندا و چی دادەنرێت بە بەشدارییەکی یەکسان. لە کاتێکدا قوتابییان لەگەڵ ئەوەدان کە هەمووان پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان بەشداربن لە کۆمەڵگەدا – لێرەدا بیر لە قوتابخانە و خێزان و هاوپۆلەکانیان دەکەنەوە- لێرەوە ناڕازیبوونێک دێتە پێشەوە دەربارەی ئەوەی ئایا **فێدریک** بەشدارییەکی یەکسانی کردووە کاتێک بە شیعر نووسین بەشدار بووە.

لەسەرەتای گفتوگۆکەدا گرنگە دڵنیابیت لەوەی کە منداڵەکان بزانن چالاکییەکانی **فێدریک** "کۆکردنەوەی وشە" و "تیشکی خۆر" بووە بە بڕێکی زۆر. ئەوە ڕوونە کە هەردوو کارەکە نووسینی شیعرە، دەبێت منداڵەکان لەمە تێگەیشتبن. هەروەها پێویستە کەمێک لەسەر شیعرەکانی فێدریک ڕابوەستیت و بزانیت ئایا منداڵەکان پێیان جوانە و بۆ؟

یەکێک لە ڕێگەکان بۆ بەرهەمداربوونی چیرۆکەکە ئەوەیە کە خشتەیەک بکێشیت لەسەر کارەکانی **فێدریک** لە پایزدا و بەراوردی بکەیت بەو کارانەی ئەوانی تر ئەنجامیان داوە (بڕوانە خشتەی 9.1 ) ئەمە یارمەتی منداڵەکان دەدات سەرنج بدەن لە پرسە فەلسەفییە بنەڕەتییەکانی ناو چیرۆکەکە.

کاتێـک خشـتەکەت تەواو کـرد، دەتەوێـت بزانیـت ئایـا منـداڵەکان هەموویان هاوڕان لەگەڵ گرنگی شیعر. دەتوانیت پرسیار لە منداڵەکان بکەیت، بۆ نووسینی شیعر هێندەی بەشداریکردن کۆکردنەوەی میوە و تۆوەکـان گرنـگ نیـیە؟ چـونکە ڕەنـگە ئەوان وەهـا بیـر بـکەنەوە بەگشتی، یان هیچ نەبێ یەکێکیان دەڵێت نووسینی شیعر ئیشکردن نییە. ئەمە وەها دەکات بکەونە گفتوگۆی ئەوەی چی کارە و چی کار نییە. لێرەوە گرنگە منداڵەکان بیر بکەنەوە لە ژیانی خۆیان و ئەو چالاکییانەی حەزیان لێیە. دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت کە شیکارکردنی ئەرکی ماڵەوەیان بەڕاستی کارە.

| | ئەوەی مشکەکانی تر کردیان | ئەوەی فێدریک کردی |
|---|---|---|
| **چالاکییەکان** | کۆکردنەوەی بەروبووم... | کۆکردنەوەی وشە.... |
| **کارەکە بۆ چی بوو؟** | بۆ مانەوەیان لە زستاندا | ؟ |
| **ئەو کارە پێویستە؟** | بەڵێ | ؟ |
| **ئایا ئەمە کارە؟** | بەڵێ | ؟ |

ئەو پرسـەی کەی و بـۆچی چـالاکییەک دەبێـت بە کـار دابنرێـت بـابەتێکی زۆر سـەرنجڕاکێش و ئـاڵۆزە. لە سـەرەتادا دەبێـت خوێنـدکاران لایەنگیـری ئەوە بـکەن چـالاکییەک بە کـار دادەنرێت کە شتێک نەبێت تۆ بۆ خۆشی و بەزم بیکەیت. پاشـان دەتـوانن جیاوازی یاریکردن (کە کار نییە) بکەن لەگەڵ کرێکاری (کە کارە). ئەمە دەبێتە ڕێگـایەک بـۆ سـەلماندنی ئەو ڕایەی کە **فێـدریک** کـاری نەکـردووە، لەبەرئەوەی یـارمەتی مشـکەکانی تـری نەداوە لە کـۆکردنەوەی ئازوقەی زستان.

لەوانەیە خوێندکارەکان ئەم جیاکارییەیان بۆ نەکرێت. دەتوانیت لە منداڵەکان بپرسیت تـا یـاریزانی پەسـەندی خۆیانت لە بەیسبۆڵ پـێ بڵـێن. یـاریزانەکە کارێـک دەکـات کە بـۆ خۆشـییە -یـاریکردن- بەڵام چەند ملیۆن دۆلار وەردەگرێت بۆ کردنەکەی. ئەو لە کاتی یارییەکەدا

کار دەکات، بەڵام بەشدارە لە چالاکییەک کە بۆ خۆشییە (ئەمە یەکێک لە مەبەستەکان دەپێکێت، ئەگەر خوێندکارێک وەڵام بداتەوە و بڵێت نابێت یاریزانی بەیسبۆڵ پارە وەربگرێت بۆ ئەوەی دەیکات. ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر باشە و تۆ دەتوانیت لەگەڵیاندا بەدوایدا بچیت).

ڕێگایەکی تری کەمێک ئاڵۆز بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی **فێدریک** کاری نەکردووە ئەوەیە، **فێدریک** بەشداری نەکردووە لە کارکردن لەگەڵ خێزان/کۆمەڵگەکەی خۆیدا بە پشتبەستن بەو بۆچوونە چالاکییەک بە کار دادەنرێت ئەگەر پێویست بێت بۆ بەردەوامبوونی کۆمەڵگە. بەم بۆچوونە کۆکردنەوەی بەروبووم کارە، لەبەرئەوەی پێویستە بۆ زیندوو مانەوەی هەر تاکێک لە تاکەکان لە زستاندا. ئەو پرسیارەش دەوروژێنێ ئایا کۆمەڵگە شیعری پێویستە.

بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بەرهەمدارتر بێت، باشترە لەجێی شیعر بگوترێت هەموو چالاکییە کلتورییەکان. لەبەرئەوەی منداڵەکان لەوانەیە لایان ئاسان بێت ئەگەر بڵێن شیعر پێویست نییە بۆ کۆمەڵگە، بەڵام لەوانەیە بە ئاسانی نەڵێن سینەما، مۆسیقا و تەلەفیزیۆن زیادەن.

لێرەدا بەسوودە ئەگەر "چالاکی جانتا" ئەنجام بدەن کە یەکێک لە خوێندکارەکانم لە زانکۆ دای هێناوە بە ناوی **ئاریێل سایکس**. گرنگی ئەم چالاکییە لەوەدایە منداڵان بیر بکەنەوە لەوەی پێداویستییەکانی ژیان چییە، چونکە پێویستە خەڵکی ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پەیوەستە بە ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان.

بۆ ئەوەی منداڵان دەست بکەن بە چالاکیی جانتا، شتێکیان بۆ بخوێنەرەوە وەک ئەمەی خوارەوە.

"ئێستا کاتی ئەوەیە جانتای خۆت بۆ زستان دروست بکەیت، بیر لە چوار شت بکەرەوە کە پێویستە بیهێنیت بۆ مانەوەت لە زستاندا، وەک ئەو کەرەستانەی مشکەکان پێویستیان پێی بوو، کەرەستەیەک یان دوانیش وەک ئەوەی **فێدریک**. وێنەیەک بکێشە کە دەرخەری پێداویستییە زۆر گرنگەکانت بێت بۆ مانەوە لە

زستاندا. ئاگاداربە زۆر وریا و ورد بیت لە هەڵبژاردنی کەرەستەکان، لەبەرئەوەی پێویستە ڕوونی بکەیتەوە بۆچی هەریەکێکیانت هەلبژاردووە."

بیرۆکەی پشت ئەم چالاکییە ئەوەیە خوێندکاران کێبڕکێیەک ئەنجام بدەن بۆ بیرکردنەوە لەو پێداویستیانەی کە لە زستاندا پێویستیانە بۆ مانەوە. بە ئامانجی ئەوەی بیرکردنەوەیان بخەنە کار، بۆچی دەکرێت ماناداربێت لایان کە شیعر دەگونجێت یەکێک بێت لە پێداویستییەکانیان بۆ ژیان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێویستە شیعری تێدا دابنێن، بۆ کەسێک لەوانەیە هەندێک چالاکی تەواو جیاواز بێت لەو چالاکیانەی کە بۆ ژیانی کۆمەڵگە پێویستن. جارێکی تر دەیڵێمەوە ئامانجی ئێمە دەبێت ئەوە بێت کە منداڵان بیر لە بابەتەکە بکەنەوە، نەک لایەنگیری بکەن. ئەنجامدانی ئەم چالاکییە تەنها بۆ ئەوە نییە لە ڕێگەی چیرۆکەکەوە بیر لە بابەتەکە بکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو بیرۆکانە لە ژیانیاندا بەرجەستە بکەن.

## چیرۆکی فێدریک
## نووسەر: لیۆ لیۆنی

### پرسیار بۆ گفتوگۆ:

**بابەت: سروشتی کۆمەڵگە** فێدریک ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو وشەی کۆکردووەتەوە بۆ زستان بۆ کاتێک کە لێی بڕا.

١. دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیە قسەبکە کە تۆی تێدایت.
٢.چی وەها دەکات کۆمەڵگە بە کۆمەڵگە دابنرێت؟

٣. لات وەهایە ئەگەر ئەندامی کۆمەڵگەیەک بیت دەبێت بەشداربیت لەگەڵیاندا؟
٤. مشکەکە چۆن بەشداری کرد لە کۆمەڵگەکەی؟ تۆ چۆن بەشداریت؟
٥. چی دەڵێیت دەربارەی فێدریک؟ ئایا ئەو بەشدار و هاوکاربوو لە کۆمەڵگەکەی (مشکەکان)؟

**بابەت: سروشتی کار** فێدریک لای وابوو ئەوەی دەیکات – کۆکردنەوەی تیشکی خۆر- کارە.

١. لات وایە ئەو کارەی فێدریک کردی کارە؟
٢. ئایا هەستێکی تایبەتی بۆ کار هەیە؟
٣. ئەگەر حەزت لە کردنی شتێک بێت، بە کار دادەنرێت؟
٤. ئایا دەبێت کار قورس بێت؟ بۆ بەڵێ و بۆ نەخێر؟
٥. نموونەیەک بهێنەرەوە بۆ شتێک کە دەیکەیت و بە کاری دادەنێیت و بۆ شتێکیش کە بە یاریی دادەنێیت. چی وادەکات شتێک کار بێت و شتێکیش یاری؟
٦. کێ یاریزانی پەسەندی تۆیە؟ ئایا پارە وەردەگرێت بەرانبەر یارییەکەی؟ ئایا کار دەکات؟
٧. چ بابەتێکت زۆر حەز لێیە لە قوتابخانە؟ چ بابەتێکیش کەم؟ ئایا شیکارکردنی ئەرکی ماڵەوەی هەردووکیان کارە؟ بۆچی؟
٨. ئایا بەس گەورەکان کار دەکەن؟
٩. ئایا بیرکردنەوە کارە؟

**بابەت: بەهای شیعر** لە کۆتایدا هەموو مشکەکان فێدریکیان بە شاعیر دادەنا.

١. تۆ شیعرەکانی فێدریکیت لەلا جوانە؟ بۆ بەڵێ بۆ نەخێر؟

٢. بۆچی مرۆڤ شیعر دەنووسێت؟
٣. ئایا بوون بە شاعیر کارە؟ ئایا گرنگە؟ بۆ بەڵێ بۆ نەخێر؟
٥. ئایا کارکردن لە تەلەفیزۆن کارە؟ یان مۆسیقا ژەنین کارە؟
٦. ئایا لات گرنگە مرۆڤ کاری هونەریی وەک وێنە و مۆسیقا و شیعری هەبێت، دەتوانیت هۆکارەکەی بڵێیت؟

# بەشی دەیەم

## گوتنەوەی مێتافیزیک
## " کتێبە گرنگەکە[17] "

جیـــاواز لە بابەتەکـــانی تـــری فەلســـەفە، مێتافیزیـــک[18] لەوانەیە لە ســـەرەتادا گـــران بێـــت بـــۆ تێگەیشـــتن، لەبەرئەوەی بـــابەتی ســـەرەکی مێتافیزیـــک بـــریتییە لە ڕوونکـــردنەوەی ئەوەی هەیە یـــان ئەوەی دەبێت[دێتە بوون][19]. ئەمە سەرکێشییە بۆ بابەتێکی زۆر ئەبستراکت، بـۆیە لەوانەیە قـورس بێـت بگەیـنە ئەوەی بەتەواوی چـی بە بـابەتی لێکـۆڵینەوەی مێتـافیزیکی دادەنرێت. تێگەیشـتنی کـۆنی مێتافیزیـک کە لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی هەبووەکان، تەنها قورگرتنەوەیە و هیچی تر.

بۆ ئەوەی مامەڵە بکەین لەگەڵ ئەوەی مێتافیزیک چییە، لە سـەرەتادا دەبێت بە بیرکردنەوە لەو شـتانە دەسـت پێ بکەین کە هەبوون: واتە تـۆ دەتوانیـت بیـان بینیـت وەک (کورسـی و مێـز) دواتـر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕاستیدا هەموو شتەکان چەند جۆر و ڕەگەزێکن. (بۆ نمـوونە وەک قەنەفە جـۆرێکە لە ڕەگەزی کورسـی چـونکە کورسـی چەنـدەها شـێوەی هەیە). هەمـوو شـتەکان لە ڕاسـتیدا جـۆرێکن لە ڕەگەزێک یان ڕەگەزێکی تر. بۆیە من و تۆ تەنها تاکێک نین بەڵکو

---

[17] - THE IMPORTANT BOOK

[18] - مێتافیزیـک: وشـەیەکی یۆنـانییە لە دوو بـڕگە پێکـدێت؛ بـڕگەی مێتا(سـەروو، ئەودیو) و بڕگەی فیزیک (سروشت)، کە بریتییە لەو بەشەی فەلسەفە کە لە بنەمای یەکەمیی شتەکان دەکۆڵێتەوە، وەک هەبووەکان، کات، شوناس و شوێن...

[19] – هەبوو: لەبری موجودی عەرەبییە، کە بە واتای ئەو شتانە دێت کە بوونیان هەیە لە دەوروبەرمان.

نموونەین بۆ جۆرێک کە پێی دەگوترێت مرۆڤ. بەهەمان شێوە درەختی maple کە لە بەردەم ماڵی ئێمەیە یان سپیدار[20] کە لەوبەری شەقامەکەیە تەنها تاکێک نین، بەڵکو درەختیشن [بەوپێیەی هەر کاتێک دەپرسیت تاکێک چییە بە جۆرەکەی وەڵام دەدەینەوە].

بەڵام ئەمە هەموو ئەو شتانە نییە کە لە دەوروبەرمان بوونی هەیە، ئەو جۆرانە دەکەونە ژێر چەندەها ڕەگەزەوە. درەخت و گوڵەکان جۆرن بۆ ڕەگەزی فراوانتری سەروو خۆیان لە ڕووەکەکاندا، هەروەها مرۆڤ و سەگەکانیش دەبنە جۆر بۆ ڕەگەزە گشتییەکانی سەرەوەیان. ئەم ڕەگەزە گشتییانەش دەبنە کۆمەڵێک دەستە کە پۆلە(class) زیندوو و نازیندووەکانی سەروو خۆیان دەگرێتەوە. کە دواتر بەرد و قوڕیش دێتە ناو پۆلێنکردنەکانەوە. دوای ئەوان دەچین بەرەو ئەوەی بۆ هەموو شتە بنەڕەتییەکان هەبووی سەربەخۆ هەیە. لە کۆتاییشدا ڕۆحدارەکان و بیرۆحەکانیش لە چەند شتێکدا هاوبەشن بەوپێیەی کە هەموو شتەکان لەوەدا هاوبەشن کە قەوارە یان هەبوون.

ئێستا ئێمە لەو خاڵەداین لە کوێدا ئەو پرسە مێتافیزیکییانە دەست پێ دەکات کە دەتوانین لێیان بپرسین، چی وەها دەکات شتێک قەوارە بێت؟ ئەمە پرسیارێکی گرانە بۆ هەرکەسێک بەدوای وەڵام بگەڕێت. یەکێک لە ڕێنماییە گرنگە فەلسەفییەکان ئەوەیە بیر لەو بابەتە ئەبستراکتانە بکەینەوە بە بەراوردکردنی بابەتەکان (لێرەدا قەوارە) لەگەڵ دژەکەیدا (ئەو هەبووانەی قەوارە نین). بەڵام ئەمە لەوانەیە کەمێک یارمەتیدەر بێت، لەبەرئەوەی ڕوون نییە کە چ شتێک قەوارەی نییە.

---

[20]- birch

یەکێــک لە جیاکــارییە مێتــافیزیکییە هەرە بنەڕەتییەکــان لەنێــوان جەوهەر (کە مـــــن بە قەوارە نــــاوم بــــرد) لەگەڵ ســــــیفەت و تایبەتمەنـدییەکانی جەوهەرەکەیە (کە هەبـووی سـەربەخۆ نـین). گیـا نموونەیەکە بۆ جەوهەرێک و ڕەنگەکەی -زۆرجار سەوزە- یەکێکە لە سیفەتەکانی. بە هەمان شێوە **سەگ** جەوهەرێکە و چوار قاچی هەیە کە سـیفەتن بـۆی. ئەگەر دیـقەت بـدەین هەمـوو شـتەکانی تـریش جەوهەرن و سـیفەتی جیاوازیـان هەیە. لە ڕاسـتیدا ئەم جیاکـارییە فەلسـەفییە ڕەگی داکوتـاوە لە تێگەیشـتن و گریمـانەی زۆرێکمـان بـۆ جیهان و ئەوەی کە لێی دروست بووە، زۆر ئاشکرایە ناتوانین بزانین بۆچی ئاڵۆزە بۆ تێگەیشتن.

لێرەدا دەچینە سەر ئەوەی بۆ بە شتێک دەڵێین جەوهەر بەڵام بە شتەکانی تر دەڵێین سیفەت. بۆچی بە گیا دەڵێین جەوهەر بەڵام بە ڕەنــگە ســــەوزەکەی دەڵێــین ســـیفەت؟ یەکێــک لەو وەڵامـــانەی مێتافیزیکییەکان دەیدەنەوە ئەوەیە کە جەوهەرەکان بە سەربەخۆیی و بەبێ پێویستیی بە شتەکانی تر دێنە بوون بەڵام سیفەتەکان وەها نین. مەبەستەکە ئەوەیە گیا کە هەبوویەکی سەربەخۆیە بەبێ ئەوانی دیکە دێتە بوون، بەڵام ڕەنگە سەوزەکەی دەکرێت دەربکەوێت و دەکرێت دەریـش نەکەوێـت. بـۆیە جیـاوازی لەنێـوان جەوهەر و سـیفەتەکانی بەهۆی هەبووە سەربەخۆ و ناسەربەخۆکانەوەیە.

ڕەنگە خێـرا پرسـیار لە راسـتی ئەم جیـاوازییە بکەیـت و بڵێـت خـۆ گیـاش بـۆ دەرکەوتنـی لانـیکەم پێویسـتی بە ئـاو و کانزاکـان هەیە و ئەمەش بە ڕوونــی دیــارە کە هەبــوویەکی ســەربەخۆ نیــیە. لێــرەوە گفتوگۆ لەسـەر جیـاوازی نێـوان جەوهەر و سـیفەتەکانی دەسـت پـێ دەکات.

لە ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم کێشـــەیەدا فەیلەســوفەکان ڕێگەیەکـی تریـان دانـا بـۆ جیـاوازی نێـوان جەوهەر و سـیفەتەکانی. لێـرەدا بـۆ نموونە لە گیادا فەیلەسوفەکان بەڵگەیان بەوە هێنایەوە کە دەکرێت گیا

بەبێ ئەوەی ڕەنگی سەوز بێت دەربکەوێت، ئەمەش لە کاتی وشکبوونەوەدا ڕوو دەدات و دەبێت بە قاوەیی. بەڵام سەوزیی گیاکە بەبێ بوونی گیاکە دەر ناکەوێت. ئەمەش ڕێگەی دووەمە بۆ جیاوازی نێوان جەوهەر و سیفەتەکانی.

با لێرەوە بیر لە پەیوەندی نێوان جەوهەر و هەندێک لە سیفەتەکانی بکەینەوە. لێرەوە با بیر لە ئامێرەکان بکەینەوە کە مرۆڤ هەر یەکەیانی بە مەبەستێک دروست کردووە. کورسی ئامێرێکە مرۆڤ دروستی کردووە بۆ دانیشتن. ئایا دەتوانین بڵێین شتێک کورسییە کە نەتوانین لەسەری دابنیشین؟ هەرچەندە ئەو وەڵامەی دەمەوێت بیدەمەوە گفتوگۆی لەسەرە، بەڵام بەڵێ دەتوانین پێی بڵێین کورسییەکی ناکارا. دەکرێت بڵێین شتێکە دروستکراوە بۆ ئەوەی بیکەین بە کورسی بەڵام ئێستا شکاوە. بەڵام ئەگەر نەتوانین دابنیشین لەسەری ئەوە هیچکات ناتوانین پێی بڵێین کورسییەکی کارا.

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بەگشتی وەربگرین، ئینجا لانیکەم بۆ پۆلێکی جەوهەرەکان -ئامێرەکان- ئەوا سیفەتێک هەیە کە ناتوانرێت لە جەوهەرەکە جیا بکرێتەوە بەبێ گۆڕینی سروشتەکەی. فەیلەسوفەکان بەم تایبەتمەندییە دەڵێن سیفەتی جەوهەری، مانای ئەوەیە لەبارەی جەوهەری شتەکەوە دەدوێین، واتە "ئەو شتە دەبێت چی بێت" کە جەوهەری ئەو شتە دەخاتەڕوو و شتێکی تر ناخاتەڕوو. بۆیە بوونی کورسی "شتێکە بۆ دانیشتن" بۆیە ئەگەر نەمانتوانی لەسەر شتێک دابنیشین ئەوا چیتر کورسی نییە.

چەندەها پرسیاری تری میتافیزیکی هەن دەربارەی ئەوەی ئایا جیاکردنەوەی سیفەت- ڕاستە. بۆ نموونە فەیلەسوفەکان بەدوای ئەو شتانەدا دەچن کە بەڕاستی دەرکەوتەیان هەیە. ژمارەکان یەکێکن لە نموونەکان بۆ جۆرێک لە قەوارە کە هەندێک لەو فەیلەسوفانەی کە بە

"نۆمینالیستەکان"[21] ناو دەبرێن، دەڵێن ژمارەکان لەڕاستیدا دەرکەوتەیان نییە. لەبەرئەوەی ئێمە لە ئەزموونی ڕۆژانەماندا هەرگیز خودی ژمارە ناژمێرین بەڵکو ئەو شتانە دەژمێرین کە دەتوانین بە ژمارە جیایان بکەینەوە.

بەبێ چوون بۆ بوارێکی تر، ئێستا ئامادەین بچینە سەر کتێبی میتافیزیکی قوتابخانە سەرەتاییەکەمان چیرۆکی: (**کتێبە گرنگەکە**) ئەم کتێبە لە ڕووکاردا زۆر سادەیە. لە هەر بیست لاپەڕەکەیدا وەسفی شتێک دەکات، ئەو شتانەی باسکراون (کەوچک، گوڵە بەیبوون، باران، گیا، بەفر، سێو، با، ئاسمان، پێڵاو، لە کۆتایشدا تۆ[وەک مرۆڤ]) بۆ هەریەک لەو شتانە هەندێک سیفەت دانراوە بۆ ئەوەی ببێت بە "گرنگترین شتی" ئەو شتە. بۆ نموونە کاتێک باسی کەوچک دەکات کتێبەکە لای وایە گرنگترین شتی کەوچک ئەوەیە "نانی پێ دەخۆیت". و سیفەتی شتەکانی تریش دانراوە لە لیستێکدا. پاشان دەڵێت کەوچک قووڵە نەک تەخت. لە کۆتاییدا، تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو شتانە دووبارە باس کراوەتەوە لە کتێبەکەدا، بەم شێوەیە "بەڵام گرنگترین تایبەتمەندی کەوچک ئەوەیە کە نانی پێ دەخۆیت"

بە تێڕامانێکی کەم دەزانیت کتێبەکە گریمانەیەک دروست دەکات لەسەر ئەوەی چی بە تایبەتمەندی بنەڕەتی هەریەک لەو شتانە دادەنرێت. دەربارەی کەوچک ئەوە دانراوە کە نانی پێ دەخۆیت، بۆ شتەکانی تریش کە باسکراوە بەهەمان شێوە، ئەم کتێبە هەلێکی باش بە منداڵان دەدات کە بیر لە سروشتی شتەکان بکەنەوە و ئەوەش کە ئایا تایبەتمەندی بنەڕەتییان هەیە یان نا.

∞

---

[21]- گروپێکن فەیلەسوف و سکۆلاستیکەکان(مەدرەسییەکان) کە بوونی شتە گەردوونی و ئەبستراکتەکان ڕەت دەکەنەوە.

یەکێـک لە هەرە تایبەتمەنـدییە باشـەکانی کتێـبەکە باسـکردنە لەو شـتانەی تەواو هەڵەن بەڵام بە گرنـگ دانـراون دەربـارەی قەوارە جۆراوجۆرەکان. بۆ نموونە، دەڵێت گرنگترین شت دەربارەی سێو ئەوەیە کە خڕە. دوو کێشـە لەم بۆچوونەدا هەیە: یەکەم، لە ڕاستیدا سێو خڕ نییە، ئەگەر مەبەستی لەوە بێت لە شێوەی بازنەدایە، بەڵام ڕاستە کە گۆشـەی نییە ئەمەش ڕێگەیەکی تاڕادەیەک گونجاوە بۆ خڕیی سێو، بەڵام تەواو نییە. دووەم، دەشێت سێوێکی چوارگۆشـە هەبێت و هیچ شتێک نییە ئەوە پێویست بکات سێو خڕ بێت.

لەڕاستیدا کەس نایەوێت هەڵەی ئاشکرا لە کتێبەوە بڵێتەوە وەک ئەوەی ئەم کتێبە دەربارەی سێو دەیڵێت. لێرەدا هەرچەندە هەلێکی زۆر باشمان دەداتێ: کە بتوانین هەڵەکانی کتێبەکە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی منداڵەکان خۆیان بیر بکەنەوە لە شتەکان و شتێک بە ڕاست دانەنێن کە هەڵەیە لە ڕاستیدا، تەنها بەهۆی ئەوەی کە لە کتێبێکدا بینیویانە بەڕاستی بزانن. ئەمە پەند و وانەی سەرەکی گوتنەوەی فەلسەفەیە، ئەم کتێبەش ڕێگەیەکی باش دابین دەکات بۆ ئەوەی منداڵەکان فێری ببن.

∞

پێشنیاز دەکەین وانەکەت بە سەرنجدان لەو شتە جیاوازانە دەست پێ بکەیت کە کتێبەکە گفتوگۆی دەکات و لە خشتەیەکدا دایان بنێیت. زۆر باشتریش دەبێت ئەگەر ئەو شتانە هەڵبژێری کە سەر بە چەند لقێکی جیاوازن، وەک کەوچک، سێو، بەفر و تۆ[وەک مرۆڤ]. بۆ هەریەک لەم شتانە پرسیار لە منداڵەکان بکە کە کتێبەکەی چی دەڵێت هەروەها چی دیکە ڕاستە دەربارەی ئەو شتانە (بڕوانە خشتەی 10.1).

کاتێک خشتەکەت دروست کرد، بگەڕێوە بۆ یەکەم شت -کەوچکە لە خشـتەکەی منـدا- پرسـیار لە منـداڵان بـکە ئایـا گرنگتـرین شـت دەربارەی کەوچک ئەوەیە کە نانی پێ دەخۆیت؟ هەروەها بپرسە ئایا ئەگەر چیتر نان بە کەوچک نەخۆین، ئەوە کەوچک نییە؟ دواتریش

بەهەمان شێوە دەربارەی هەموو شتەکانی تر کە کتێبەکە دەربارەی کەوچک دەیڵێت بپرسە. ئەگەر هیچکام لەوانەی باسکران گرنگترین شت نین دەربارەی کەوچک، شتێک هەر دەبێت کەوچک بێت و هیچکام لەوانە نەبێت کە کتێبەکە باسی دەکات. لێرەدا هەلی ئەوەش دێتە پێش پرسیار بکەی دەکرێت کەوچک تەخت بێت؟

لەوانەیە منداڵەکان لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ ئەوەدا نەبن کە کتێبەکە هەڵەیە لە باسکردنی سیفەتی بنەڕەتیی هەریەک لە شتەکان. بەڵام وردەوردە دەگەنە ئەوەی ڕازی نەبن بە وەسفەکانی کتێبەکە بۆ هەریەک لەو شتانەی کە

**خشتەی 10.1 شتە گرنگەکان دەربارەی.....**

| | کەوچک | سێو | تۆ |
|---|---|---|---|
| گرنگترین شت | نانی پێی دەخۆیت | خڕە | تۆ تۆیت |
| شتەکانی تر | قوڵە ، هتد | سورە، هتد | تۆ منداڵ بوویت |

کتێبەکە دەربارەی سیفەتی شتەکان باسی کردووە. یەکێک لەو شتانەی پێشتر باسمان کرد دەربارەی سێو. لەکۆتاییدا سێو هەڵگری تۆوە لە دارسێودا ئەگەر سیفەتێکی ڕاست هەبێت ئەوەیە کە تۆوەکەی هەڵگرتووە. بەڵام لێرەدا دەکرێت داری سێو بەرێک دروست بکات تۆوی تێدا نەبێت وەک ئەو شوتیانەی کە بێناوکن. هەرچەندە هێشتا هەڵگرتنی تۆو باشترین وەسفە بۆ سیفەتی بنەرەتیی میوەیەکی وەک سێو.

∞

گرنگە بیربکەیتەوە چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵ ناسینەوەی هەڵەکانی کتێبەکە لەلایەن منداڵانەوە. خاڵێکی دیار ئەوەیە هەموویان بەباشی ئەوە بزانن "ناتوانین باوەڕ بە هەموو ئەوانە بکەین کە

دەیخوێنینەوە" ئێستا ئەوان نموونەیەکی باشیان هەیە بۆ باوەڕکردن بەو ڕستەیە.

پاشان پێویستە سەرنجی منداڵان ڕابکێشیت بۆ ئەوەی کە چەند گرنگە چالاکبن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەبێت. دەتوانین جەخت بکەیتەوە لەسەر ئەوەی خوێندنەوەی زیاتر وایان لێ دەکات بیرۆکە و وەڵامی خۆیان هەبێت بۆ پرسیارەکان نەک بەئاسانی بروا بە قسەی کەسانی تر بکەن.

∞

بەپێی ئەوەی گفتوگۆکان چەند دەخایەنێت، دەتوانیت ئەو پرسە بخەیتە بەر باس کە گرنگترین شت دەربارەی تۆ چییە. لە کتێبەکەدا گوتویەتی "تۆ تۆیت" ئەمەش وادەردەکەوێ قورس بێت بۆ تێگەیشتن. ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت هەموو شتەکان دەربارەی تۆ[تایبەتمەندییەکانت]، بنەڕەتییە بۆ بوونی تۆ. ئەمەش لەوانەیە وادەربکەوێت کە هەڵەیە. دەتوانیت بڵێیت من هەر خۆمم ئەگەر ڕیشیشم بتاشم ئەوە تەنها وادەکات من لە ڕیشدارەوە ببم بە بێڕیش. ئەوە بۆ زۆربەی شتەکانی تریش دەربارەی من ڕاستە. هەرچەندە ئەو پرسیارەی چی وەها دەکات تۆ[مرۆڤ]  تایبەت بیت، پرسیارێکی بەچێژی میتافیزیکیە کە دەتوانیت وەک بابەتێکی تەنزئامێز لەگەڵ منداڵەکان گفتوگۆی بکەیت.

یەکێک لە پرسەکانی ئەم باسە کێشی شوناسی خودە: چۆن دەکرێت گۆڕابیت بەبێ ئەوەی کەسێکی تر بیت؟ وەک باسم کرد کەمێک ڕوونە، تۆ بە لابردنی ڕیش نابیت بە کەسێکی تر. بەڵام دەتوانیت داوا لە منداڵەکان بکەیت بیر لە هەموو ئەو دۆخانە بکەنەوە کە ئایا ئەو گۆڕانکاریانە وەها دەکات تێڕوانینیان بەرانبەر تۆ بگۆڕێت و چیتر تۆ هەمان کەس نەبیت کە ئێستا هەیت. بۆ نموونە ئەگەر پەلێکت لەدەست بدەیت؟ زۆربەیان دەڵێن ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی تۆ بگۆڕێیت. دواتر بپرسە ئەی ئەگەر حەزت لەو یارییە نەمێنێت کە

لەلات خۆشترینە، وەک ژەنینی پیانۆ یان تۆپپێ؟ ئایا تۆ هەر خۆتیت ئەگەر ئەوە ڕوو بدات.

جارێکی تر دەڵێم ئەوە گرنگە کە تێبینی ئەوە بکەین وەڵامێکی تەواو بۆ ئەم پرسیارە نییە، یان بۆ هیچ بابەتێکی فەلسەفی لەڕاستیدا. فەیلەسوفان بەردەوام لە بەڵگەهێنانەوەدان بۆ ئەوەی چی وەها دەکات ئەو مرۆڤە ئەو بێت. وەک پێشتر باسم کرد، بۆ ئەوەی پاڵپشتی بۆ وەڵامەکانیان بهێننەوە فەیلەسوفەکان سیناریۆ و خەیاڵی زانستیی نامۆیان بەکار هێناوە، کە پێیان گوتراوە تاقیکردنەوەی ناو خەیاڵ. بۆ نموونە ئەگەر تۆ و ئەنیشتاین (دەتوانیت هەرکەسێکی کە تۆ لەلات زیرەکە لەجێی ئەو دابنێیت) بە تەکنیکێکی پزیشکی مێشکتان ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئایا کام لەوەی دروست دەبێت تۆی، ئەو جەستەیەی کە مێشکی ئەنیشتاینی تێدایە یان ئەوەی مێشکی تۆی تێدایە؟ بردنە ناوەوەی منداڵان بۆ بیرکردنەوە لەو گریمانانە، ڕێگایەکی باشە بۆ زیاد کردنی توانا فەلسەفییەکانیان. کە دواتریش دەچینە ناو بابەتەکانی ترەوە لە بەشەکانی داهاتوو.

**ناوی کتێب: کتێبە گرنگەکە**
**نووسینی: مارگرێت وایس براون**

**پرسیارەکان بۆ گفتوگۆ:**

ڕێگەیەکی باش بۆ دەستکردن بە گفتوگۆکردنی ئەم کتێبە دروستکرنی خشتەیەکە لەگەڵ منداڵەکان لەسەر پەڕەیەکی گەورە یان تەختەڕەشێک، وەک ئەو خشتەیەی پێشتر باسمان کرد. لەگەڵ منداڵەکاندا پێویستە باسی هەندێک (یان هەموو) ئەو بابەتانە بکەیت کە کتێبەکە گفتوگۆی کردووە و خشتەکە پڕ بکەیتەوە و شتەکان لە خشتەکەدا دابنێیت، هەروەها ئەوەی کتێبەکەش دەربارەی ئەو شتانە

به گرنگ داینـاوه و شـتە گرنگەکـانی تـریش کە نووسـیویەتی. دڵنیـا ببەرەوە لەوەی کە با ئامێرێکی وەک کەوچک، شتێکی سروشتی وەک سێو و "**تۆ[مرۆڤ]**"یشی تێدا بێت.

کاتێـک ئەوە تەواو بوویـت -یـان لە کـاتی پڕکـردنەوەی خشـتەکە- پرســیار بــکە ئایــا منــداڵەکان لەگەڵ ئەوەدان کە کتێــبەکە دەیڵێــت. بیرۆکەکە ئەوەیە ئەوان بیر لە دوو شت بکەنەوە: یەکەم، ئایا کتێبەکە ڕاستە لە پۆلێنکردنی شتە گرنگەکان دەربارەی ئەو شتانە؟ بەگشتی ئەوان ڕازی نابن بە زانیاری ناو کتێبەکە. دووەم، ئایا بەڕاستی "شتی گرنگ" دەربارەی ئەو شتانە هەیە؟ لێرەدا لەوانەیە ئەوان قایل نەبن بەوەی کە گفتوگۆمان کرد.

دەتوانیت لە کاتی گفتوگۆدا ئەم پرسیارانەیان لێ بکەیت:

**بـابەت: ئامێرەکـان و تایبەتمەنـدییە بنەڕەتییەکانیـان** لە کتێـبەکەدا هـاتووە کە گرنگتـرین شـت دەربـارەی کەوچـک ئەوەیە کە نـانی پـێ دەخۆیت.

١.ئایا هەرگیز کەوچکێکت بینیوە هەمان ئەو کەوچکە نەبێت کە نانی پێ دەخۆیت؟
٢. چ تایبەتمەندییەکت لەلا گرنگە دەربارەی کەوچک؟
٣. ئایا یەک "تایبەتمەندی گرنگ" هەیە بۆ کەوچک؟ ئەگەر وایە کامەیە و بۆ؟ ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە، بۆ؟

**بـابەت: مـاددە ئەنـدامییەکان و تایبەتمەنـدییە بنەڕەتییەکانیـان** لە کتێبەکدا هاتووە کە گرنگترین شت دەربارەی سێو ئەوەیە کە خڕە.

١. چ تایبەتمەندییەکی گرنگتر هەیە دەربارەی سێو؟
٢. ئایا تایبەتمەندی گرنگی سێو شێوە خڕەکەیەتی؟

٣. ئایا دەکرێت سێوێک هەبێت شێوەیەکی تری هەبێت؟
٤. ئایا تایبەتمەندییەکی گرنگ بوونی هەیە بۆ سێو؟

**بابەت: شوناسی خود:** لە کتێبەکەدا هاتووە کە گرنگترین شت دەربارەی **تۆ** ئەوەیە کە خۆتیت.
١. تایبەتمەندییەکی گرنگمان پی بڵێ دەربارەی خۆت؟
٢. دەکرێ تۆ هەر خۆت بیت و تایبەتمەندییەکی گرنگیشت نەبێت؟
٣. چی وای کردووە تۆ، تۆ بیت[سیفەتەکان]؟

## بەشی یازدەیەم

# گوتنەوەی فەلسەفەی عەقڵ
# "جادووە سەرنجڕاکێشەکەی ئۆز[22]"

پرسی سەرەکی فەلسەفەی عەقڵ ئەوەیە چی وای کردووە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە تایبەتە بێت کە هەیە. هەموومان خاوەنی جەستە و عەقڵ یان ئاگایین. ئایا ئەم دوو تایبەتمەندییە گرنگە بۆ مرۆڤ؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە، ئایا دەکرێت یەکێکیان بکرێتە بنەما بۆ ئەوی دیکە؟ ئەم پرسیارانە پرسی سەرەکین لەم کێڵگەیەی فەلسەفەدا.

فەلسەفەی عەقڵ بەم دواییانە زۆر کاریگەرە بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە زانستییەکان. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە زاناکان وردەوردە زیاتر دەزانن دەربارەی مێشکی مرۆڤ و پەیوەندی مێشک بە ئاگاییەوە. بۆ نموونە ئێستا زاناکان دەزانن کە ئەو هەست و سۆزانەی هەمانە دەکەوێتە چ بەشێکەوە لە مێشک. ئەمەش بۆتە پشگیریەک بۆ فەلسەفەی مادیی[23] کەلای وایە ئاگایی بەرهەمی چالاکییە عەقڵییە ئاڵۆزەکانە لە مێشکدا و لێی جیا نابێتەوە و دوالیزمێکیان پێک هێناوە.

یەکێک لە بابەتەکانی تری فەلسەفەی عەقڵ شوناسی خودە، ئەوەی چی وەها دەکات ئێمە هەمان کەس بین لە ئێستا و کاتێکی تریشدا، ئەو پرسەی کە لە بەشی پێشودا باسمان کرد. شتە جیاوازەکان دۆخ و "شوناسی" جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵێک گەڵا بەهەمان جۆر دادەنرێن ئەگەر هەموویان (یان زۆربەیان) وەکیەک بن. ئەگەر

---

[22] - THE WONDERFUL WIZARD OF OZ

[23] – materialism : بیرۆکەیەکی فەلسەفییە کە لای وایە ماددە سەرچاوەی هەموو شتە سروشتیی و بوونەوەر و بیرکردنەوەکانە.

هەموو گەڵاکان بگۆڕین بە جۆرێکی جیاواز، تەنانەت ئەگەر لە شوێنی ئەوانەی پیشووشدا بێت، ئەوا هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە کۆمەڵێکی جیاوازن. لەبەرئەوەی لامان وایە شوناسی کۆمەڵە گەڵاکە بەپێی هاوجۆری گەڵاکان دیاری دەکرێت، یان ئەگەر قوڵتر قسەبکەین بەپێی ڕێژەی پێکهاتەی شتەکان دیاری دەکرێت.

بابەتەکە کەمێک ئاڵۆز دەبێت ئەگەر باسی شتێک بکەین کە پێکهاتەی ئاڵۆزی هەبێت، بۆ نموونە کەشتی. ئەگەر بپرسین ئایا کەشتی هەر کەشتییە لەچاو ئەو کەشتییە کۆنەی کە لەسەردەمی زیوسدا هەبووە ئەگەر پێهکاتەکانیشی بگۆڕدرێت. بەپێی ئەفسانەکە، ئەو کەشتیەی زیوس بەکاری هێنا پارێزرا لەلایەن ئەسینایییەکانەوە بە گۆڕینی هەموو تەختە خراپبووەکانی بە پارچەی نوێ. ئەو پرسەی کە فەیلەسوفەکان لەو کاتەدا گفتوگۆیان دەکرد ئەوەبوو، ئایا ئەوە دەکرێت بە هەمان کەشتی دابنرێت سەرەڕای ئەوەی هەموو پارچەکانی گۆڕاوە.

تاقیکردنەوە لە خەیاڵدا دەتوانێ ئەو کێشەیە ڕوون بکاتەوە. لە ئەفسانەکەدا هاتووە کە پارچەکان ڕاستەوخۆ گۆڕان لە کاتی خۆیدا ئەمەش بەلایەنی کەمەوە عەقڵانییە کە بڵێین هەمان کەشتییە. بەڵام ئەی چی دەڵێین ئەگەر کەشتییەکە بسوتێنین و دواتر دروستی بکەینەوە بە پارچەی تازە؟ ئایا عەقڵانییە ئێستاش بڵێین ئەوە هەمان کەشتییە؟ ئەوانەی کە وەها بیردەکەنەوە هەمان کەشتییە ئەوە بە بەڵگە دەهێننەوە کە ئەوە شێوەی پێکهاتنە(structure) کە شوناسی کەشتییەکە دیاری دەکات نەک ماددەکە(material)، هەرچەندە ئەوانی تریش لەوانەیە لایان وابێت لەبەرگیراوەیەکی هەمان کەشتییە و کەشتییەکە خۆی نییە.

پرسی شوناس لە مرۆڤدا لە چیدا جیاوازە؟ لەبەر هۆکارێک هەرگیز ناگونجێت مانەوەی شوناسی مرۆڤێک بەستراربێت بە ئەو ماددانەی لێی پێک هاتووە. چونکە زاناکان ئێستا پێمان دەڵێن هەموو ماددەکانی

لەشمان شەش ساڵ جارێک دەگۆڕێت (هەرچەندە چەندێتی ساڵەکە گفتوگۆی لەسەرە بەڵام گۆڕانەکە بەتەواوەتی ڕاستە) بۆیە ناکرێت شوناسی ئێمە ئەو بەشە گۆڕاوانەمان بێت. دواتر ئەو پرسە دێتە پێشەوە ئەی چی دەربارەی بەشە نەگۆڕەکانمان؟ ئایا دەکرێت ئەوانە ببنە شوناسی خودییمان؟

وەڵامێکی ڕوون نییە بۆ ئەم پرسیارە. بەهۆی بوونی تەکنیکی گواستنەوەی ئەندامەکان و ئەندامی دەستکرد چیتر ئەندامەکانیش بەشێک نابن لە شوناس. گرنگە وەها بڕوانین ئەو شوناسەی بەهۆی پێکهاتەی جەستەوەیە نابێتە وەڵامێک بۆ شوناسی خودیی. فەیلەسوفەکان تاقیکردنەوەی خەیاڵیی و زۆر بیرۆکەی ژیرانەیان هەیە بۆ ئەم باسە. بۆ نموونە بڕوانە ئەم بیرۆکەیە: وای دابنێ ئامێرێکی نوێ هاتووە کە دەتوانێت ئاگایی کەسێک بگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر، بیرەوەری و هەموو شتەکانی تریش. ئەگەر تۆ و **ئۆباما** بێنین و ئاگاییتان ئاڵوگۆڕ بکەین کامتان **ئۆبامان**؟

بۆچوونێکی باش هەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسە **ئۆبامایە** کە جەستەی تۆی تێدایە لەگەڵ ئاگایی **ئۆباما**. پاڵپشتی ئەم بۆچوونە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو کەسەی جەستەی تۆی تێدایە بەڵام ئاگاییەکەی کە هی **ئۆبامایە** هەموو بیرەوەری، توانا، بیرۆکە و هەستەکانی ئەوی تێدایە. بەڵام ئەو کەسەی جەستەی **ئۆبامای** تێدایە و ئاگاییەکەی هی تۆیە، زۆرتر لە تۆوە نزیکە. ئەگەر لەم باسە تێدەگەیت ئەوە دەگەیتە ئەو بڕوایەی کە شوناسی ئاگایی ئەو شتەیە کە شوناسی خود دیاری دەکات.

بەدڵنیاییەوە لێکۆڵەری فەلسەفی هەن کە ئەمە ڕەت دەکەنەوە. بۆ پاڵپشتیکردن لە بۆچونەکەیان ئەوانیش تاقکردنەوەی ناو خەیاڵ دەکەن و دەڵێن: ئەگەر بتوانین ئاگایی کەسێک کۆپی بکەین و لەناو کەسێکی تردا دای بنێین، ئێستا بێین و ئاگایی تۆ کۆپی بکەینە ناو **ئۆباماوە** بەدڵنیاییەوە ناتوانین بڵێین ئەو کەسە تۆیت کە ئاگایی تۆی

خراوەتە ناو و جەستەکەی **ئۆبامایە**، لەبەرئەوەی تۆ هەیت ئێستا و خۆت لێرەیت و ناکرێت ئەویش ببێت بە تۆ. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ناکرێت شوناسی کەسێک بریتی بێت لە شوناسی ئاگاییەکەی.

∞

**ودمانی تەنەکە** لە چیرۆکی **جادووە سەرنجڕاکێشەکەی ئۆز** ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ بیرکردنەوەی مندالان لە پرسی شوناسی خود. ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی نووسیەنە و وێنەدار نییە. لەبەرئەوەی لام وابوو کە چیرۆکی وێنەدار بەشێوەیەکی ڕوون و زۆرباش پرسی فەلسەفەی عەقڵ ناجولێنێت. پاشان بەربلاوی فیلمی ئەم چیرۆکە ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە مندالان ئاشنان بە **ودمانی تەنەکە**، وەک ئەوەی کە لە فیلمەکەدا پێی بانگ دەکرێت. هەرچەندە چیرۆکەکە زۆر ڕوون نییە و ئەمەش وەها دەکات مندالان بەزەحمەت لەگەڵ تۆ بمێننەوە کاتێک چیرۆکەکەیان بۆ دەخوێنیتەوە. دەتوانیت تۆش کەمێک وینەی فیلمەکە کۆپی بکەیت لە کاتی خویندنەوەدا لایان بێت بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێت. یان دەتوانیت بەشێک لە فیلمەکەیان نیشان بدەیت.

**ودمانی تەنەکە** لەبنەڕەتدا پیاوێکی ئاساییە. بەڵام کاتێک خلیسکاوە هەموو گیانی براوە و لێبووەتەوە بەهۆی تورەبوونی ساحیرێکی شەڕەنگێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتەوە. میکانیکیەک پارچە براوەکانی لەشی بە تەنەکە بۆ داناوەتەوە. لێرەدا دوو شت گرنگە: یەکەم، هەرچەندە هیچ ئەندامێکی هی خۆی نییە، بەڵام **ودمانی تەنەکە** وەک هەمان پیاوی سەرەتا دەردەکەوێت. دووەم، هەرچەندە دەتوانێت بەتەواوەتی قسە بکات بەڵام دڵ و مێشکی نییە. ئەو ڕاستیانە بنەمایەکی باشمان دەداتێ بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەسەر فەلسەفەی عەقڵ.

کاتێـک ئەو بەشـەی کتێـبەکە بـۆ منـداڵەکان دەخـوێنیتەوە بەنـاوی "**ڕزگارکردنی ودمانی تەنەکە**" دەتوانیت گفتوگۆکە بە پرسینی ئەوە لە منداڵەکان دەست پێ بکەیت، چۆن **ودمانی تەنەکە** بەشەکانی جەستەی لە تەنەکە دروست کرایەوە. کاتێک چیرۆکی دروستکردنەکەیان پێ گوتی، دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت کە بۆت ڕوون بکەنەوە چۆن **ودمانی تەنەکە** لە مرۆڤی ئاسایی جیاوازە، دەتوانیت لەوێدا خشتەکە دروست بکەیت لە وەڵامەکانیانەوە (بڕوانە خشتەی 11.1).

کاتێـک خشـتەکەت دروسـت کـرد، گفتوگۆکـان لەوانەیە بەرەو شـوێنێکی تـر بـڕوات. لەوانەیە یەکێـک بپرسـێت ئایـا **ودمـانی تەنەکە** ئێستا هەمان ئەو کەسەیە کە لە خۆشەویستیدا بوو لەگەڵ کچێک لە کورتەباڵاکـان، سـەرەڕای ئەوەی جەستەشـی تەنەکەیە. دەتوانیـت داوایان لێ بکەیت بیر لەوە بکەنەوە. یەکەم، ئەو کەسـەی ئێسـتا تەواو جیـاوازە و لەشـی بەتەواوی گـۆڕاوە بە تەنەکە. دواتـریش هەسـتی نەماوە هەروەها بەپێی کتێبەکە دڵیشی نەماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ناتوانێـت چیتـر هەسـت بە خۆشەویسـتی بکـات لەگەڵ کـچە کورتەباڵاکەدا. ئەو بەتەواوەتی جیاوازە بەڵام هێشتا وادەزانێ هەمان کەسە. ئایا ئەمە مانای هەیە؟

**خشتەی 11.1 ودمانی تەنەکە لەچیدا جیاوازە لە مرۆڤەکانی تر**

| تایبەتمەندییەکان | ودمانی تەنەکە | مرۆڤی ئاسایی |
|---|---|---|
| قۆل، قاچ و هتد.. | بەڵێ | بەڵێ |
| مێشک | نەخێر | بەڵێ |
| دڵ | نەخێر | بەڵێ |
| قسەکردن | بەڵێ | بەڵێ |
| ڕۆشتن | بەڵێ | بەڵێ |
| **پێکهاتە** | کانزا | گۆشت |

فەیلەسوفەکان سەریان سوڕماوە لەو پرسەی ئایا ئامێرەکان دەتوانن بیر بکەنەوە. هەرچەندە ئەم پرسە لە چیرۆکەکەدا ڕاستەوخۆ باس نەکراوە، بەڵام دەتوانیت ئەم پرسە بوروژێنیت چونکە ئەویش هەموو پارچەکانی لە تەنەکەیە. پرسەکە ئەوەیە ئایا تەنها ئەو دروستکراوانە هەستوسۆز و بیرکرنەوەیان هەیە کە لە گۆشت دروست کراون.

پرسێکی تر سەرهەڵدەدات لەوەوە ئەویش ئەوەیە کە **ودمانی تەنەکە** مێشک و دڵی نییە و دەتوانێت قسەبکات و بجوڵێت بەڵام توانای هەستکردنی نییە، ئەمەش مەتەڵئامێزە. دەتوانیت لە منداڵەکان بپرسیت ڕایان چییە دەربارەی ئەوەی، ئێمە پێویستمان بە دڵە بۆ هەستکردن بەڵام پێویستمان بە مێشک نییە بۆ بیرکردنەوە. ئەمەش دەچێت بۆ گریمانەکەی **ودمانی تەنەکە** کە لای وایە دڵ گرنگترە لە مێشک. ئایا ئەمە مانای هەیە؟ ئایا هەستوسۆز و خۆشەویستی گرنگترە یان بیرکردنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیت؟ ئایا پێچەوانەکەی ڕاستە؟ یان هەردووکیان وەکیەک گرنگن؟ ئایا شتێکی تر هەیە کە ئێمە بکات بەوەی ئێستا؟ دەکرێت هەموو ئەم پرسیارانە پێشنیاز بکەیت بۆ منداڵان تا گفتوگۆیەکی بەچێژ بکەن لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی عەقڵ.

**چیرۆکی: جادووە سەرنجڕاکێشەکەی ئۆز**
**نووسینی: فرانک باوم**

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

**بابەت: شوناسی خود** "لەشم لەبەر خۆر زۆر بەڕوونی دەدرەوشێتەوە بەوە زۆر هەست بە شانازی دەکەم"

١. **ودمانی تەنەکە** چیتر ئەو جەستەیەی پێشوی نییە. لات وایە کە ئەو هەمان کەسەکەی پێشترە؟
٢. ئایا تۆ هەمان کەسی پێشوی ئەگەر عەقڵت لەسەر هاوڕێکەت دابنرێت؟ چی دەبێت ئەگەر ئەو یارییەی یان ئەو ئامێرەی لات خۆشە وەک پێشتر نەتوانیت بیکەیت؟
٣. **ودمانی تەنەکە** چیتر ناتوانێت کچە کورتەباڵاکەی خۆش بوێت لەبەرئەوەی دڵی نەماوە. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کەسەکەی پێشوو نییە؟
٤. چی وادەکات کەسێک بەدرێژایی گۆڕانی کات هەمان کەس بێت.

**بابەت: عەقڵ یان دڵ سکارکۆو** پێچەوانەی ودمان دەیەوێت مێشکی هەبێت.

١. بۆچی دەیەوێت مێشکی هەبێت؟
٢. بۆچی **ودمانی تەنەکە** دەیەوێت دڵی هەبێت؟
٣. ئایا لای تۆ کامیان گرنگترە، دڵ یان مێشک؟ بۆ؟

**بابەت: خۆشبەختی** "دڵێک پەیا دەکەم" **ودمانی تەنەکە** بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە "مێشک خۆشبەختی بۆ مرۆڤ ناهێنێ و خۆشبەختیش باشترین شتە لە دنیادا"

١. چی تۆ دڵخۆش دەکات؟
٢. چ شتێکی تر لە ئاستی خۆشبەختیدایە، ئایا لات وایە ئەو شتەش باش یان بەهادارە؟
٣. تۆ هاوڕایت لەگەڵ **ودمانی تەنەکە** کە دەڵێت، باشترین شت لە دنیادا خۆشبەختییە؟

## بەشی دوازدەهەم

# فێرکردنی فەلسەفەی ژینگە
# "درەختە بەخشندەکە"[24]

فەلسەفە ڕێیەکی کۆنە، ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییە کۆنەکان، نزیکەی سێ هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر. هەندێک بابەت بەم دواییانە ناسێنران وەک بابەتێکی شیاو بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفیی. ئەمە بۆ فەلسەفەی ژینگە ڕاستە. هەرچەندە هەموو تێڕوانینە فەلسەفییەکان پێویستە بیرکردنەوەی دەربارەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ژینگەی تێدا بێت، بەڵام تەنها لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ئەم باسە بووە بابەتی گفتوگۆ فەلسەفییەکان.

دیارترین هۆکار بۆ گەشەکردنی ئەم بابەتە ئەو کاریگەرییە بوو کە تەکنەلۆژیا لەسەر ژیانی مرۆڤ بەم دواییە لەسەر زەوی دای نا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بووینەوە کە ڕەنگە کارەکانی خۆمان ژیانی زۆرێک لە زیندەوەران و تەنانەت خۆشمان بشێوێنێ. ئەم ئەگەرە هێزی دا بە کۆمەڵێک جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بانگەشە لە دووبارە بەکارهێنانەوەوە بگۆڕن بۆ کەمکردنەوەی پیسکردنی ژینگە و سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی ماددە پیسکەرەکان.

فەیلەسوفەکان ئاگایان لە گرنگیی ئەم بابەتە هەبوو. بۆیە دەستیان کرد بە چڕکردنەوەی کارەکانیان نەک تەنها لەسەر بابەتە ژینگەییەکان، بەڵکو هەستان بە دەرخستنی ئەوەی چۆن پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە تیۆریزە کراوە لە مێژووی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا. لەئەنجامدا هەستان بە دووبارە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەکی

---

[24]- THE GIVING TREE

دروست بۆ ژیانی مرۆڤ لەناو ئەو ژینگەیەدا کە بەردەوام سەرچاوەکان سنووردار دەبن و لە کەمبوونەوەدان.

یەکێک لەو مەترسیانەی کە ئەم ئاگاداربوونە نوێیەی لە پەیوەندیی ژینگە و مرۆڤ بەرهەم هێنا، ئەو ڕاستییە بوو کە لە ڕۆژئاوا وەها بیریان دەکردەوە، دەتوانرێت بە هەموو شێوەیەک ژینگە لەلایەن مرۆڤەوە بەکار بهێنرێت. ڕیشەی ئەم بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی دروستکردن لە تەوراتدا کاتێک خودا بە ئادەم و حەوا دەڵێت کە مافی ئەوەیان پێ دەدات، زاڵبن بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی تری زەویدا. ئەوەی چیرۆکەکەش مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری زەوی و سەربەستە لە بەکارهێنانی سەرچاوە و دروستکراوەکانی ناوی، بە هەرشێوەیەک کە بە باشی دەزانێت.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هیچ دژوەستانەوەیەک تا سەدەی بیستەم بۆ ئەم تێڕوانینە نەبوو. هەرچەندە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) لە بیرکردنەوەکانیدا ویستی گەشە بە ڕێگایەک بدات بۆ جێگرتنەوەی ئابووری سەرمایەداری. ئەو بەپیشەسازیبوون و سامانی بە شێوەیەک دەبینی کە لە پێشردا بەو شێوەیە وێنا نەکرابوو، سامانی بە شتێکی تەواو خراپ دەبینی و ڕای وەها بوو کە پێویستە لەژێر دەستی ستەمکاریی موڵکییەتی تایبەت دەربهێنرێت. هەرگیز بەجۆرێک لە خێروبەرەکەتیی نەدەبینی بۆ مرۆڤایەتی -لەناویشیدا داهێنانە تەکنەلۆژییەکان- بەڵکو وەک شتێک لێی دەڕوانی کە هەمیشە ڕەگێکی وێرانکاری تێدایە و ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووی ئەو وێرانکارییە ببینەوە.

کاتێک دەست دەکەین بە دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ مرۆڤ لەجێی ئەو تێڕوانینەی کە فەرمانڕەوای سروشت بێت، پرسیاری دۆزینەوەی ڕوانینێکی تازە بۆ پەیوەندی مرۆڤ و سروشت دێتە پێش. یەکێک لە باشترین جێگرەوەکان ڕۆڵی چاودێریکردنی سروشتە لەلایەن

مـــرۆڤەوە. ئەو سروشـــتەی کە پاشـــماوەی بنەچەکـــانی ئـــێمەیە و بەشـــێوەیەکی شایســـتە و ڕاســـت و تەندروســـت لەگەڵـــی ژیـــاون. ئەو بیـــرۆکەیەی کە ئـــێمە چـــاودێری سروشـــت بـــین کـــاریگەریەکی زۆر گەورەی هەیە لەســـەر ئەوەی چـــۆن مـــامەڵەی لەگەڵ دەکەیـــن. لەجێـی ئەوەی وەک شـتێکی سـادە لە سروشـت بـڕوانین، کە بێسـنوور مـافی بەکارهێنانیمان هەیە، دەبێت چـاودێریکردنی وەک ئەرکێک ببینین، بۆ ئەوەی هەمیشـە بەباشـی بمێنێتەوە. ئەمە مانـای ئەوەیە پاراسـتنی لە ئەستۆی ئێمەدایە، لێرەوە دەبێت کۆنتڕۆڵی خۆمان بکەیـن و گەورەتر لەوەی دابیـــنکەری ویســـت و ئارەزووەکانمـــان بێـــت، لە سروشـــت بڕوانین.

نمـــوونەیەک بـــۆ ئەو ڕۆڵـــی چـــاودێریکردنە سیســـتەمی بـــاخچەی نەتەوەییە (national park) لە ئەمەریکا. کاتێک کۆنگرێس لەساڵی ١٩١٦ دا بڕیارێکی دەرکرد لە بەرژەوەندی ناوچە سروشتییەکان و قەدەغەی کرد ئەو نـاوچە سروشـتییانەی کە وەک خۆیـان مـاونەتەوە بکرێـت بە شـــوێنی نیشـــتەجێبوون. هـــۆیەکیش بـــۆ ئەمە پاراســـتنی سروشت بوو بۆ نەوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی **بتوانن** هەست بەوە بـــکەن ژیـــان پـــێش کـــاریگەریی مـــرۆڤ و تەکنەلۆژیـــا چـــۆن بـــووە. هەرچەنـــدە ئەم بڕیـــارە بەبـــێ ڕەخـــنە لێگـــرتن نەرۆیشـــت، بەڵام نموونەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی چۆن هەڵسوکەوتی چاودێریکارانە بەرانـــبەر سروشـــت کـــاریگەری دەبێـــت لەســـــەر هەڵســـوکەوتمان بەشێوەیەکی باش بەرانبەر ژینگە.

هەرچەنـدە ئەگەر کەسـێک ڕازی بێـت بەو بیـرۆکەیەی کە باشـترە مرۆڤ خۆی بەچاودێریکەری ژینگە بزانێت نەک فەرمانڕەوای، بەڵام گفتوگـــــۆیەکی زۆر هەیە لەبـــــارەی ئەوەی چ پێویســـــتییەکمان بە سیاسـەتێکی ژینگەیـی دیـاریکراو هەیە. لەکۆتاییدا ئێمە نـاتوانین بژین بەبێ ئەوەی سروشت بەکار بهێنین بۆ ژیانی خۆمان. تەنانەت ئەگەر شـــێوەژیانێک کە "کەمتـــرین کـــاریگەری" هەبێـــت، هەر دەبێـــت شـــتە

زینـدووەکان بخـۆین - ئەگەر تەنهـا ڕووەکـیش بێـت- و هەروەهـا سەرچاوەکانی تریش بەکار بهێنین بۆ جلوبەرگ و شـوێنی حەوانەوە. بۆیە پێویسـتە پرسـیار لەخۆمـان بکەیـن دەربـارەی بـڕی گونجـاو لە بەکارهێنـانی ئەو سـەرچاوانە و دەبێـت هـۆی بەکارهێنـانەکەش ڕوون بکەینەوە.

ئەو فەیلەسوفانەی ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە مرۆڤ مافی بەکارهێنانی سروشـتی هەیە بەهەرجۆرێـک بـیەوێ، هەموویـان ئەوە بە پێویسـت نازانن کە ئێمە چاودێریکەری سروشت بین. لەجێی ئەوە تێڕوانینێکی تـر گەشـەی کـرد کە ئەویـش ئەوەبـوو کە شـتە سروشـتییەکان شایستەی ڕێزن. بیرۆکەی ڕێزیش بنەمایەکی سەرەکییە لە فەلسەفەی ئەخلاقـدا، کە زیـاتر لە ڕێکخسـتنی پەیوەنـدییەکانمان لەگەڵ یەکتـردا بەکار دێت. لەڕاستیدا لە یاساکانی خۆمان بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆی منداڵان ئەم بیرۆکەیەمان وەرگرت بۆ ئەوەی منداڵان مامەڵەی لەگەڵ یەکتـردا پـێ بکەن. جێبەجێکردنـی ئەمە بەسـەر سروشـتدا جـوڵەیەکی پێچەوانەی تێڕوانینی باوە و بەبێ کێشـە نییە. بۆ ئەوانەی لایـان وایە کە هەموو شتە سروشتییەکان دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، ئایا ئەمە بۆ مێشولەیەکی زیانبەخشیش ڕاستە!

چەنـد پرسـێکی تـری بنەڕەتـی هەن کە دەبێـت چارەسـەر بکـرێن. یەکێکیـان ئەوەیە ئایـا شـتە سروشـتییەکان خۆیـان بەهایـان هەیە و بەنرخن، یاخود لە پەیوەندیان لەگەڵ مرۆڤدا ئەو بەهایانە وەردەگرن و مـرۆڤ تـاکە بـوونەوەرێکە کە خـۆی بەهـایەکی نـاوەکی هەیە. ئەم نمـوونەیە دەتوانرێـت ڕوون بکـرێتەوە لە پەیوەندیمانـدا لەگەڵ پـارکە نیشـتیمانییەکان: ئایـا ئەم پارکـانە دروسـت کـران لەبەرئەوەی کە سروشت خـۆی بەهـایەکی نـاوەکی هەیە، یـان لەبەرئەوە بەهـای هەیە کە قـازانجە بـۆ مـرۆڤ؟ یـان بەهـای هەیە لەبەرئەوەی سروشـت لە پەیوەندیـدا لەگەڵ مـرۆڤ بەهـا پەیـدا دەکـات؟ یـان لەبەرئەوەی کە شـوێنێکە بۆ ئەوەی ماندوێتیی ڕۆژانەیانی لێ بەتاڵ بکەنەوە؟ یان

لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی دەگمەنە کە دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو بگـــوازرێتەوە؟ ئەمە ڕەنگـــدانەوەی پرســـیارێکی بنەڕەتیـــیە کە بە شـیکارنەکراوی دەمێنێـتەوە، تەنـانەت بـۆ کەسـێک ئەگەر ڕای وابێـت مرۆڤ دەتوانێت بەهەوەسی خۆی سروشت بەکار بهێنێت.

∞

پرسـی پەیوەنـدی تەندروسـتی مـرۆڤ لەگەڵ ژینگەدا خـراوەتە ڕوو لەلایەن چیرۆکـــی کوڕێـــک لەگەڵ درەختێکـــدا، بەنـــاوی **درەخـــتە بەخشندەکە** لە نووسینی **شێڵ سیلڤیسترۆن**. لە چیرۆکەکەدا پەیوەندی نێـوان کـوڕە و درەخـتەکە بە چەنـد گۆڕانکارییەکـدا تێـپەڕ دەبێـت. سەرەتا وەک هەرزەکارێک بە درەختەکەدا سەر دەکەوێت و یاری بە گەڵاکـانی دەکـات و جـۆلانە بە لقەکـانی دەکـات و لە سێوەکانیشـی دەخـــوات. کـــوڕەکە درەخـــتەکەی خـــۆش دەوێـــت و درەخـــتەکەش کـوڕەکەی خـۆش دەوێـت. لە شـیعریکدا کە دواتـر لە چیـرۆکەکەدا دووبـارە دەبێتەوە بەدەستکارییەوە ئەمە دەخـوێنینەوە "درەختەکەش خۆشـحاڵ بـوو" بەڵام کاتێک کوڕەکە کەمێک گەورە دەبێت شـتەکان دەگۆڕێن. کاتێک وەک گەنجێک پارەی پێویستە، درەختەکە سێوەکانی خۆی دەداتێ بۆ ئەوەی بیفرۆشیت، کاتێک کوڕەکە دەبێت بە گەنجێکی پێگەیشتوو و دەیەوێت خێزانی هەبێت، درەختەکە پێی دەڵێت پەلەکانی لێ بکـاتەوە بـۆ ئەوەی خـانوویەک دروسـت بکـات. کاتێک گەورەتـر دەبێت و دەچێتەوە لای درەختەکە نائومێد بووە و دەیەوێت بەلەمێک دروست بکات، درەختەکەش خۆنەویستانە قەدەکەی خۆی دەداتێ و بەلەمەکەی پـێ تەواو دەکـات. کاتێـک کـوڕە ئەوە دەکـات درەخـتەکە نیوەمردوو بووە و تەنها بنکێکی ڕووتـی مـاوەتەوە. لە بەشـی کۆتـایی چیـرۆکەکەدا کـوڕە وەک پیـاوێکی پیـر دەگەڕێتەوە لای درەخـتەکە و دەیەوێـت شـوێنێک بـدۆزێتەوە بـۆ پشـوودان و دانیشـتن. دەبینێـت درەخـتە هەمیشـە بەخشـندە و دڵسـۆزەکە ئێسـتا تەنهـا بنکێکـی لـێ ماوەتەوە.

له گفتوگۆی ئەم چیرۆکەدا لەگەڵ منداڵان ئامانجی ئێمە ئەوەیە بیر لە گۆڕانی پەیوەندی لە نێوان کوڕە و درەختەکە بکەنەوە بەدرێژایی گۆڕانی تەمەنی کوڕەکە. لە سەرەتادا هەرچەندە کوڕەکە درەختەکەی بەکار هێنا بۆ یاریکردن و چێژوەرگرتن بەڵام زیانی بە درەختەکە نەگەیاند. دەتوانین بەم شێوەیە وەسفی ئەم پەیوەندییە بکەین: کوڕەکە ڕێزی لە درەختەکە و پەیوەستبوونی نێوانیان گرت. بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنیدا - هەرزەکاری و گەنجی و پیری- پەیوەندی نێوانیان زیاتر تێکدەرانە بوو، لەسەرەتادا کوڕە سێوەکانی برد بۆ فرۆشتن و دواتر پەلەکانی بڕییەوە و لەکۆتاییدا قەدەکەی بڕییەوە. کاتێکیش بەپیری گەڕایەوە کەمتر هێرشی کردە سەر ئەو پاشماوە کەمەی لە درەختەکە مابووەوە و زۆر بەئاسانیش لەسەری دانیشت. کارێکی قورس نییە ئەم چیرۆکە ببێتە چیرۆکێکی مانادار بۆ پەیوەندییە جیاوازەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت و دواتر بەکاری بهێنیت بۆ دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵاندا دەربارەی ئەوەی چۆن مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکات.

شوێنێکی باش بۆ دەستپێکردن دروستکردنی خشتەیەکە کە پەیوەندییە جیاوازەکانی نیوان کوڕە و درەختەکەی تێدا بێت. ئەگەر چوارچێوەیەک دابڕێژیت وەک ئەوەی لە خشتەکەدا هەیە لەسەر کردارەکانی کوڕەکە و کاردانەوەی درەختەکە منداڵەکان زۆر چێژ وەردەگرن لە پڕکردنەوەی خشتەکە و سوودیشی دەبێت. (بڕوانە خشتەی 12.1).

کاتێک لە دروستکردنی خشتەکە تەواو بوویت، پێویستە پرسیار لە منداڵەکان بکەیت دەربارەی ئەوەی کوڕەکە لە کام قۆناغ و هەڵسوکەوتدا کارێکی خراپی کردووە بەرانبەر درەختەکە. لێرەدا گفتوگۆی چڕوپڕ و ناکۆکی دروست دەبێت، هەندێک لە منداڵان لەوانە بڵێن فرۆشتنی سێو نەشیاوە. لەوانەشە هەندێکیان بڕینی قەدەکەی و هێشتنەوەی تەنها بنکێک بە شیاو بزانن. دوای ئەوەی ڕای منداڵەکانت

نووسی -ئەگەر کات هەبێت ڕای هەموویان وەربگریت و ناویشیان بنوسیت لە تەنیشت وەڵامەکانیان- دواتر پێویستە لێیان بپرسیت کە ڕوونی بکەنەوە بۆچی لە وەڵامەکەیدا ئەو کردەوەیەی ئەو قۆناغەی بە شیاو داناوە و کردەوەیەکی تریشیان بە نەشیاو.

∞

مەبەستی سەرەکی ئێمە دوو شتە. یەکەم، ئەوەی ئایا منداڵان دیقەت دەدەن لەو بەشانەی چیرۆکەکە کە پەیوەندیدارە بە گفتوگۆکەمانەوە: ئەو پەیوەندییەی کوڕە هەیەتی لەگەڵ درەختەکە ڕێزدارانەیە و مامەڵەکردنە لەگەڵ درەختەکە وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ، یان مامەڵەیەکی توندوتیژانە و بێڕێزانە بووە بەرانبەر درەختەکە. دووەم، دەمانەوێت منداڵان تێبینی ئەوە بکەن -

**خشتەی 12.1 کوڕەکە چۆن مامەڵەی لەگەڵ درەختە بەخشندەکە کرد.**

| قۆناغەکانی ژیانی کوڕەکە | ڕەفتاری کوڕەکە چی بوو؟ | بۆ؟ | درەختەکە دڵخۆش بوو؟ |
|---|---|---|---|
| -هەرزەکاری | جۆلانەکردن بە درەختەکە | خۆشی | بەڵێ |
| -گەنجیی | فرۆشتنی سێوەکان | پارەپەیداکردن | بەڵێ |
| -گەنجێکی پێگەیشتوو | بڕینەوەی پەلەکانی | دروستکردنی خانوو | لەوانەیە |
| -گەورەیی | بڕینەوەی قەدەکەی | دروستکردنی بەلەم، | نەخێر |
| -پیریی | دانیشتن لەسەر بنکەکەی | حەوانەوە | ؟؟ |

**بزانە منداڵان ڕای جیاوازیان هەیە؟**

کۆمەڵێک پەیوەندی جیاواز هەیە لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا. ئەمەش ئامادەیان دەکات بۆ گفتوگۆی قوڵتر لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، بابەتێک کە لەلایەکی ترەوە لەوانەیە قورس بێت بۆ ئەوان دەستی بۆ ببەن.

دواتر لە چوون بەرەو بابەتە ئەبستراکتەکان، لەوانەیە بچیتە سەر ئەوەی کە داوا لە منداڵەکان بکەیت وەک چیرۆکێکی پەندئامیز تەماشای بکەن، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند لە بنەماکانی چیرۆکەکە تێ دەگەن. چیرۆکی پەندئامێز[25] چیرۆکێکە دەربارەی کەسایەتییەک یان بابەتێکی دیاریکراو کە هەوڵدراوە مانای گشتی و گەورەتر یان بابەتی ئەخلاقی لەپشتەوە بێت. **درەختە بەخشندەکە** چیرۆکێکی پەندئامێزە دەربارەی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا. لە کاتی گوتنەوەیدا دەبیت لە کردارەکانی کوڕەکەوە بەرانبەر درەختەکە بپەڕینەوە بۆ ئەو باسەی کە چۆن مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ سروشت و هەموو شتەکانی ناویدا دەکات.

∞

کاتێک وەهات لە منداڵەکان کرد بەڵگە بهێننەوە بۆ تێڕوانینەکانیان لەسەر ڕەفتاری کوڕەکە – لەیادت بێت کە نابێت ڕێککەوتنێک هەبێت لەسەر ئەوە، –کە لەوانەیە هەشبێت – پێویستە پرسیار لە منداڵەکان بکەیت دەربارە کێشە گشتییەکان لە چۆنێتی مامەڵەی نێوان مرۆڤ و سروشت. دەتوانیت پرسیاریان لی بکەیت ئایا ئەو تێڕوانینانەی هەیانە بۆ کورەکە، ئایا کەی و بۆچی کوڕە هەڵەی کردووە بەرانبەر درەختەکە و ئایا ئەوان بەهەمان شێوە پشتگیری ئەوە دەکەن خەڵکیش دەبێت پێداچوونەوە بکەن بە مامەڵەیان لەگەڵ سروشتدا. هەرچەندە پرسیارەکەش قوڵە. دوای ئەوەی کە بە منداڵەکانت گوت

---

Parable -[25]

گفتوگۆکەیان بەم شێوەیە باشترە، دەبێت چەند ڕێگەیەک بگریتە بەر بۆ ئەوەی بەردەوامی بە گفتوگۆکان بدەن.

یەکێک لە ڕێگەکان ئەوەیە پرسیاری واقیعی و دیاریکراویان لێ بکەیت تا مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بیری لێ بکەنەوە. وەک ئەوەی ئایا گۆشتخواردن ڕەوایە؟ هەروەها پرسیاری باشتریش هەیە کە بۆ ئەو قۆناغەی ئەوان گونجاوە. (بیرت نەچێت سەیری ئەو کۆمەڵە پرسیارە بکەی کە لە کۆتایی بەشەکە دامان ناوە) دووبارە ئەوە زۆر گرنگە کە منداڵان بیر لەو کارانە بکەنەوە کە دەیکەن بۆ ئەوەی بیانبەینە ناو ئەوەی بیروڕایان چۆنە بەرانبەر ئەو شتانە.

کارێکی تر ئەوەیە کە پرسیار لە منداڵەکان بکەیت ئایا ئەو بنەما ئەخلاقیانەیان قبوڵە کە خۆیان بەرانبەر چیرۆکی کوڕە و درەختەکە دەریان بڕیوە. بۆ نموونە ئەگەر گوتویانە بڕینەوەی قەدی درەختەکە هەڵەیە لەبەرئەوەی چیتر درەختەکە ناتوانێت گەشە بکات، (لێرەدا پێویستە فێری ئەوە ببن لە نموونەیەکی دیاریکراوەوە یاسای گشتی دەربکەن) پرسیار بکە ئایا لایان وەهایە کە هەمیشە هەڵەیە کارێک بەرانبەر شتێکی ناو سروشت بکەیت کە چیتر نەتوانێ بژی. چی دەربارەی بنیادنانی خانوویەک؟ یان خواردنی ماسییەک؟ ئەوانەی ئەم بنەما گشتیانە پەسەند ناکەن. ئەگەر بنەماکە ڕاستە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە چیرۆکەکەدا گوتراوە دووبارە بیر لەوە بکەنەوە کە دەیڵێن. ئەمە گفتوگۆیەکی گرنگە لەنێوان یاسای گشتی و ئەو بنەمایانەدا کە پێکی هێناوە.

∞

بەکارهێنانی چیرۆکی **درەختە بەخشندەکە** بۆ هێنانەوەی نموونەیەک بۆ سەلماندنی یاسایەکی گشتی و مامەڵەکردنە لەگەڵ کتێبەکە وەک تاقیکردنەوەیەکی ناو خەیاڵ. وەک ئەوەی بینیمان تاقیکردنەوەی ناو خەیاڵ یەکێکە لە گرنگترین تەکنیکەکان لە فەلسەفەدا، بۆ جوڵاندنی مێشک و ژیریی مرۆڤەکان و یارمەتیدانیان لە بیرکردنەوە لە بنەما

گشتییەکان. لێرەدا چیرۆکەکە بۆ ئەوەیە منداڵەکان بخەینە دۆخێکەوە کە تێڕوانینەکانیان دابڕێژنەوە بەرانبەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت. لێرەدا سوودی تاقیکردنەوەی ناو خەیاڵ ئەوەیە کە تیۆرییە ئەبستراکتەکان دەهێنێتە ناو نموونەیەکی دیاریکراوەوە و ئەمەش زانینی بابەتەکان ئاسانتر دەکات.

**چیرۆکی: درەختە بەخشندەکە**
**نووسینی:شێڵ سیڵڤسترۆن**

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

**بابەت: بەخشین و خۆنەویستی** درەختەکە بەردەوام بوو لە بەخشین هەتا ئەو کاتەی هیچی نەما بیبەخشێ، بەڵام کوڕەکە هیچی نەبەخشی بە درەختەکە.

١. لات وایە کوڕەکە خۆویست بوو؟ بۆ بەڵێ و بۆ نەخێر؟
٢. ئەی درەختەکە ئایا ئەویش خۆویست بوو؟
٣. ئایا وشەیەک هەیە بۆ کەسێک کە بەردەوام ببەخشێ بەبێ ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە یان چاوەڕێی پاداشتێک بکات؟
٤. بەڕای تۆ بۆچی درەختەکە دڵخۆش نەبوو کە قەدەکەی خۆی دا بە کوڕەکە؟

**بابەت: سروشتی بەخشین و دیاریی** لە چیرۆکەکەدا درەختەکە دیاریی زۆری دا بە کوڕەکە.

١.ئایا هەرگیز شتێکت بەخشیوە و دواتر ئاواتت خواستبێ کە نەتبەخشیایە؟
٢. ئایا بەخشین ئاسانترە بە کەسێک کە بەڕاستی ڕێزی دیارییەکەی تۆ بگرێت؟
٣. کاتێک شتێک دەبەخشیت بە کەسێک، چاوەڕێیت پاداشتێکت بداتەوە؟
٤. کاتێک شتێک دەبەخشی بە کەسێک، وا هەست دەکەیت ئەو کەسە شتێکت قەرزارە و ئەویش دەبێت دیارییەکت پێ بدات؟
٥. ئایا شتێکی خۆت کە پێویستتە دەبەخشی بە ئەزیزێکت کاتێک ئەویش بەڕاستی پێویستی پێی هەبێت؟

**بابەت: سروشتی خۆشەویستی** لەپێشتردا لە کتێبەکەدا ئەوەمان بینی کە درەختەکە دەڵێت کوڕەکەی خۆش دەوێت.

١.پێت وایە بۆچی درەختەکە لە سەرەتادا کوڕەکەی خۆش دەویست؟
٢. بۆچی لات وایە کوڕەکە درەختەکەی خۆش دەویست؟
٣. ئایا دوو خۆشەویست بەهەمان شێوە یەکتریان خۆش دەوێ و خۆشەویستی بۆ یەکتر دەردەبڕن؟
٤. ئایا پێویستە خەڵکی هۆکاریان هەبێت بۆ خۆشویستنی ئەوانی تر؟
٥. ئایا ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن لەچاو خەڵکانی تر جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت.
٦. کاتێک کەسێکت خۆش دەوێت چۆن پشانی دەدەیت کە خۆشت دەوێت؟
٧. ئایا هەرگیز لە خۆشەویستێکت توڕەبووی بەهۆی ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر دووربوون لەیەک، یان شتێکی کردبێت تۆ حەزت لێی نەبووبێ؟

٨. ئایا دەگونجێت لە کەسێک تووڕەبیت و خۆشیشت بوێت لەهەمان کاتدا؟

**بابەت: خۆشبەختی** درەختەکە دڵخۆش نەبوو دوای ئەوەی قەدەکەی بەخشی بە کوڕەکە.

١. ئایا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کوڕەکە دڵخۆش بوو؟
٢. ئایا درەختەکە دڵخۆش بوو؟
٣. ئەگەر تۆ لەو چیرۆکەدا درەخت بوویتایە دڵخۆش دەبووی؟ بۆ؟
٤. هەرگیز شتێکت کردووە بۆ دڵخۆشکردنی کەسێک؟
٥. ئایا کردنی شتێک بۆ دڵخۆشکردنی کەسێک دڵخۆشت دەکات؟
٦. ئایا هۆکارێکت پێویستە بۆ ئەوەی دڵخۆش بیت ، یان دەتوانیت بەبێ هۆ دڵخۆش بیت؟
٧. ئایا دەتوانیت لە هەمان کاتدا دڵخۆش و دڵتەنگیش بیت؟

**[کۆمەڵێک پرسیاری تر:**
١. ئایا بە چ پێوەرێک ئێمە مافی بەکارهێنانی سروشتمان هەیە؟
٢. ئەگەر مافی بەکارهێنانی سروشتمان هەیە بەپێی پێویستیی، چی ئەو برە دیاری دەکات؟
٣. ئایا ئێمە پێمان خۆشە زیندەوەرێک پەیدا ببێت و بەسەرماندا زاڵ بێت و بەهەوەسی خۆی بەکارمان بهێنێت.] وەرگێڕ

# بەشی سیازدەهەم

## فێرکردنی ئیبستمۆلۆژیا
## مۆریسی ئاسکەکێوی[26]

لەکاتێکدا پێشتر فەلسەفەی ڕۆژئاوا مێتافیزیکی وەک بابەتی سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوەی بوون وەک بنەمایەکی سەرەکی وەرگرتبوو، فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا -کە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە دەست پێ دەکا- بەوە تایبەتمەندە کە **ئیبستمۆلۆژیای**[27] وەک بابەتی سەرەکی فەلسەفە وەرگرتووە. ئیبستمۆلۆژیا لە مەعریفەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەدوای سروشت و مەودای ئەو زانینەدا دەچێت. هۆکاری ئەوەی کە فەیلەسوفە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا ئیبستمۆلۆژیایان لە سەروو مێتافیزیکەوە داناوە ئەوەیە کە لایان وایە دەبێت ئێمە لەپێشدا بانگەشەکانمان لەبارەی مەعریفە یەکلایی بکەینەوە پێش ئەوەی ڕەوایەتی بەو ستەرەکچەرە بدەین کە واقیع دەبێت هەیبێت و ئێمە دەیخەینەڕوو، بەو پێیەی سترەکچەری واقیع تەنها لە ڕێی بانگەشەکانمانەوە لەبارەی مەعریفەوە دیاریی دەکرێت.

گومانگەراکان گرنگترین کەسایەتین بۆ تێگەیشتن لە ئیبستمۆلۆژیا. گومانگەرا ئەو کەسەیە کە شێوەیەک بۆ بوونی حەقیقەت ڕەت دەکاتەوە، بۆ نموونە زۆربەی خەڵک وادەزانن کە دەکرێت لە هەستی ئەوانی تر تێبگەن. بەڵام گومانگەراکان بەڵگە بۆ ئەوە دەهێننەوە کە ناتوانین لە بارودۆخی دەروونی کەسانی تر تێبگەین. لەدوایدا

---

[26]- MORRIS THE MOOSE

[27]- مەعریفەناسی: لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی زانین و چۆنێتی دروستبوونی لەلای مرۆڤ.

گومانگەراکـان ئامـاژە بەوە دەکەن کە خەڵکـی هەڵمـان دەخەڵەتێـنن کاتێک پڕوپاگەندەی زانینی شتێک دەکەن کە هەستی پێ ناکەن.

کاتێک تۆ پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەیت کە لە هەستی کەسێکی تر تێ دەگەیـت، ناتوانیـت دڵنیابیـت ئەوە پێشـبینیکردن نیـیە -گومـانکردن بەتەواوی پێویسـتە بـۆ دڵنیـابوونەوە-، گومانگەراکـان ڕایـان وەهـایە پێویسـتە لە مەعـریفەدا پێشـبینی نەکەیـن [یـان مەعـریفە پێشـبینیکردن نەبێـت]. یـان ئەگەر کەسـێک گریـا و تـۆ پێـت وەهـابی کە دڵـتەنگە، گومانگەراکـــان دەپرســـن چـــۆن دەزانیـــت کە تـــۆ هەڵنـــاخەڵەتێنی؟ گومانگەراکان دەڵێن تۆ ناتوانیت، لەبەرئەوەی توانای زانینی حاڵەتە دەروونییەکانی ئەوانـی ترمـان نیـیە تـا بەپێـی حاڵەتە دەروونییەکـانی خۆمان شیکاریان بۆ بکەین. لێرەدا لەبەرئەوەیە ئێمە ناتوانین هەرگیز لە دەروون و عەقڵی ئەوانی تر تێبگەین.

گومانگەراکـان پرسـیار دەخەنە سـەر زۆربەی ئەو مەعـریفەیەی کە ئێمە هەمـانە. بـۆ نمـوونە هەمـوومـان لامـان وەهـایە کە بەیانیـان خـۆر هەڵدێت (مەگەر بەهـۆی تەم و هەورەوە نەتـوانین ببینیـن) بەڵام ئایـا هەرگیـــز بیـــرت لەوە کـــردووەتەوە کە بنەمـــای ئەم بـــڕوایە چیـــیە؟ دیـارترین وەڵام ئەوەیە کە بڵێیت لەبەرئەوەی هەمـوو ڕۆژێـک ڕووی داوە لە ڕابـــردوودا، ئیتـــر هۆکارێـــک نیـــیە بـــۆ ئەوەی بڵێیـــت بەیـــانی دەگۆڕێـت. بەڵام گومانگەراکـان لایـان وایە ئەم پێشـبینیکردنەی تـۆ بێبەڵگەیە. چۆن دەزانیت سبەینێ جیاواز نابێت، لەوانەیە ڕۆژێک خۆر هەڵـنەیەت. لەڕاسـتیدا هەمـوو ئەو شـتانەی تـۆ بە یاسـا و جێگیـری دەزانیت بۆ هەموو حاڵەتێک ڕاست دەرناچێت و هەڵاوێردنی[28] هەیە. هـــیچ شـــتێک هەیە بیســـەلمێنێ ســـبەینێ ئەو ڕۆژە نیـــیە کە خـــۆر هەڵنایەت؟

---

[28]- استثناء : exception

پێشتر چەند ڕەخنەیەکی گومانگەراکانمان بینی بەرانبەر مەعریفە و هەستەکانمان، هەروەها بەرانبەر پێشبینییەکانمان بۆ داهاتوو. بەڵام گومانگەراکان تەنها بە ئەوە ناوەستن کە ڕەخنە لە باوەڕەکانمان بگرن، بەڵکو ڕەخنە لە هەموو زانست و زانیارییەکانمان دەگرن و دەیخەنە ژێر پرسیارەوە.

بۆ نموونە ڕەخنەیەکی تری دیاری گومانگەراکان ئەوەیە کە چۆن دەزانین شتێکی تر جگە لە ئێمە لە جیهاندا هەیە. (ئەمە پرسێکی بنەڕەتی ترە لەو ڕەخنەیەی گومانگەراکان کە پەیوەندی بە هەستەوەرەکان و ئاوەزی ئەوانی ترەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەم ڕەخنەیەی ئێمە دەیخەینەڕوو ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە بەراستی سەیری کتێبەکە دەکەیت، کاتێک ئەزموونی خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەکەیت). سەرەتای ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ باسکردن لە "بەڵگەی خەون" لەلای دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠). ئاماژەی بەوە کرد کە هەموومان خەونێکمان بینیوە کە زۆر واقیعی دەرکەوتووە، بۆیە لە خەونەکەدا وەها هەستمان کردووە کە هەر ڕاستیی بەخەبەرین و خەون نابینین. دیکارت کە خەونەکانی لە خەونەکانی ئێمە هزرمەندانەتر بووە، دەڵێت خەونی بەوەوە بینیوە بەخەبەر بوو و لەسەر مێزەکەی شتی دەنووسی، لە ڕاستیشدا خەوتبوو- بەڵام نەیدەزانی لە کاتی خەونەکەیدا یان تەنانەت ڕێک دوای بەخەبەرهاتینیشی خەوی دەبینی.

لام وایە ئێمە هەموومان لەم خەونانەمان هەیە، ئەو خەونانەی کە بەخەبەرین و دڵنیانین لەوەی کە تەنها خەون بووە. دواتر دێکارت دەڵێت چۆن دەزانیت ئێستا لەخەودا نیت؟ ناکرێت هەموو ئەو شتانەی ئێمە وەک ڕاستی دەیبینین خەون و خەیاڵ بێت، وەک ئەو شوێنە خەیاڵیەی ناو جیهانی فیلمی ماتریکسی **برایانی واچۆوسکی** کە جیهانی ناو بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی بە جیهانێکی ڕاستەقینە

دادەنێن؟ لێرەدا ڕات چۆنە ئەگەر ڕۆژێک هەستیت و هەرچی پێت وابووە واقیعییە، ساختەکارییەکی واقیع بێت لە ڕێی کۆمپیوتەرەوە؟

ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکان بابەتی سەرەکی ئیبستمۆلۆژیا بەو پرسە دەزانن، کە بۆچی گومانگەراکان هەڵەن؟ لەم تێڕوانینەدا دەیانەوێت بزانن بۆ ئێمە بەڵگەکانمان ڕاستە لەبارەی ئەوەی دەتوانین هەموو ئەو شتانە بزانین کە ڕامان وایە دەتوانین بیزانین: یان جیهانێک هەیە "لە دەرەوەی ئێرە" کە کۆمەڵێک شتی تێدایە هەروەها ئەو مرۆڤانەش کە هەستەکانیان شارەزاین.

هەرچەندە هەندێک لە فەیلەسوفەکان دان بە ڕاستیی هەندێک ڕەخنەی گومانگەراکاندا دەنێن، لەبەرئەوەی ناتوانین هەموو بانگەشە مەعریفییەکانمان بەڕاست بزانین. بەڕای ئەم فەیلەسوفانە جیاکردنەوەی مەعریفە راستەقینەکانمان لەگەڵ بیروڕا هەڵەکانمان پرسی سەرەکی ئیبستمۆلۆژیایە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و بەردەوام لە کێبڕکێدا بن لەگەڵ گومانگەراکان.

**مۆریس** ئاسکەکێوییەکی گەورەیە و ناوی پاڵەوانێکی کتێبەکەی **بێرنارد ویسمانە** (١٩٨٩). **مۆریس** گومانگەرا نییە. بەڵام باوەڕێکی هەڵەی هەیە کە وادەزانێت هەموو ئاژەڵەکانی تر کە دەیانبینێت ئەوانیش وەک خۆین. ئاسایی ئێمە وەها بیردەکەینەوە کە ئاسانە بیروڕا هەڵەکانمان بگۆڕین. هەموو ئەوەی پێویستە دۆزینەوەی ئەزموونێکی ڕاستکەرەوەیە کە وامان لێ بکات هەست بەهەڵەکانمان بکەین و بەباشی چارەسەریان بکەین.

لەم دۆخەی **مۆریس**دا ئەو بەرپەرچی قسەی هەموو ئاژەڵەکانی دارستانەکە دەداتەوە کە هەوڵ دەدەن بڕوای پێ بهێنن کە ئەوان ئاسکەکێوی نین و ئەو هەڵەیە. بۆ نموونە کاتێک گامێشەکە لەبەردەمیدا پێی دەڵێت تۆ ئاسکەکێویت بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەو ئاسکەکێویە و ئەویش گامێش، **مۆریس** خۆی ڕادەهێنێت لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بەوەی کە وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت تۆ

ئاسکەکێوییەکی ئاساییت. لە تێڕوانینی **مۆریس**دا گامێش جۆرێکی نائاساییە لە ئاسکەکێوی و دەتوانێت -بۆڕەبۆڕ- بکات و زۆربەی ئاسکەکێوییەکان ناتوانن، بەڵام هێشتا گامێش هەر جۆرێکە لە ئاسکەکێوی. **مۆریس** بەردەوام هەموو ئاژەڵەکانی تر وەک خۆی سەیر دەکات و هەوڵ دەدات بنەماکەی خۆی جێگیر بکات بەوەی هەموو زیندەوەرەکانی تریش کە سیفەتێکی جیاوازیان هەیە جۆرێکی نائاساییین لە ئاسکەکێوییەکان.

∞

**ڤان ئۆرمان کواین** (١٩٠٨-٢٠٠٠) یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم، کە بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە ئیبستمۆلۆجیستەکانی پێشوو تێگەیشتنێکی ناتەواویان هەبووە لەوەی کە مەعریفە چییە و چۆن کار دەکات. ئەوان ڕایان وابووە کە مەعریفەی مرۆڤ وەک بینایەکە کە بنەمایەکی باشی پێویستە بۆ ئەوەی پشتیوانی لە هەموو بەشەکانی تر بکات و ڕای بگرێت بەپێوە. بەڵام ئەوەی ئەوان بە ئەساسی دەزانن لە مەعریفەی مرۆڤدا لە پرسیاری گومانگەراکان ڕادەکات. تێڕوانینی باومان دەربارەی ئەزموونەکانی ڕۆژانە - وەک ئەوەی من ئێستا پەڕەیەک دەبینم سپییە و پیتی ڕەشی لەسەرە- لەسەر ئەو ئەساسە ڕاستەقینەیی مەعریفەکانی تریشیان گەشە پێ داوە، بۆیە وەهای دادەنین کە بەرانبەر مەعریفەکانی تریش لە هەڵەدا نین.

**کواین** دەڵێت ئەمە هەڵەیە، ئەم پێکچواندنە فەیلەسوفانی هەڵخەڵەتاندووە تا مۆدێلێکی نەگونجاو بۆ مەعریفە پەرەپێبدەن. لە جێی ئەو مێتافۆرە[29] ماندووکەرە کۆنانە، پێشنیازی ئەوەی کرد ئێمە مەعریفە وەک تۆڕێکی تەواو پێکبەستراو ببینین کە ئەو ئەزموونانە کاری تێ دەکەن کە لە کۆتایی تۆڕەکەدا بەری دەکەون. بەدڵنیاییەوە

---

[29]- metaphor: استعارە: خواستن

ئەزموونی تازە پەستانێک دەخاتە سەر تۆڕەکە، بەڵام توانای کشانی تۆرەکە دلنیایی ئەوەمان دەداتێ کە ڕێکبخرێتەوە و خۆی لەگەڵ هەموو ئەو شتانە بگونجێنێت کە بەم شێوەیە کاری تێ دەکەن.

بۆیە لەجیاتی ئەوەی وەک فەیلەسوفانی پێشوو بڵێین ئەزموون بناغەی سیستەمی مەعریفی ئێمەیە، **کواین** گوتی ئەزموون تەنها یەکێکە لە ڕێگەکان بۆ وەرگرتنی بیروڕاکانمان لەبارەی ئەو جیهانەی تێیداین. وەک ئەوەی کواین باسی کردووە هەر بیروڕایەک دەکرێت وەربگیرێ -تەنانەت ئەگەر پێچەوانەش بێت- بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی باش لە سیستەمی مەعریفیماندا بکەین.

∞

لە چیرۆکەکەی ئێمەدا، **مۆریس** بە یەکێک لە ڕێگەکانی **کواین**دا دەڕوات: بۆ بەرگریکردن لە بۆچوونەکەی خۆی کە دەڵێت هەموو گیاندارانی تری دەوروبەری ئاسکەکێوین، **مۆریس** لێرەدا تەنها دەیەوێت دڵنیابێتەوە لە بنەماکەی خۆی، ئەوەی چی وادەکات شتێک ئاسکەکێوی بێت. بۆ نموونە ئەو کێشەی نییە لەگەڵ ئەوەی ئاسکەکێوی دەتوانێت بۆڕەبۆڕ بکات و شیریش بۆ مرۆڤ دابین بکات. ئەمانە تەنها گۆڕانکارییەکی بچوکن لای **مۆریس** و پێویستە ئاژەڵەکان بەڵگەی باشتر بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی کە ئەوان ئاسکەکێوی نین.

بۆیە ئامانجی ئێمە لەم بەشەی گفتوگۆکان ئەوەیە منداڵەکان بیر لەوە بکەنەوە چۆن کەسێک دەتوانێت پارێزگاری لە بۆچونەکەی بکات لە کاتی بەرکەوتنی بەڵگەی پێچەوانە. ئێمە دەمانەوێت بیر بکەینەوە لە پەیوەندی بیروڕا و مەعریفەکانمان لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە ئێمە ئەو بیروڕایانەمان لەسەر هەڵچنیوە. چیرۆکەکە هانیان دەدات بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان بنەما و بۆچونەکانماندا نییە و لەبەرئەوە پێویست ناکات ئێمە بە تەنها بەرکەوتنمان بە بەڵگەیەکی پێچەوانە دەستبەرداری بیروڕاکانمان ببین.

بەهۆی ئەوەی ئەو کێشە فەلسەفییەی ئەم چیرۆکە وروژاندویەتی زۆر ئاڵۆزە، گرنگە بەوردی بابەتەکە بجولێنین لەگەڵ منداڵەکاندا. یەکێک لە ڕێگەکان بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان ئەوەیە وێنەی گامێشیان پشان بدەیت و پرسیار بکەیت ئایا گامێش لە ئاسکەکێوی دەچێت.

لەوانەیە وەڵامی زۆربەیان "نەخێر" بێت، و تۆش دەتوانیت بڵێیت ئەوە زۆر "باشە". بەڵام تۆ دەزانیت **مۆریس** دەیگوت گامێشیش ئاسکەکێوییە، لەبەرئەوەی فەلسەفییانە لە ئاسکەکێوی دەڕوانی و بەردەوام بەڵگەی بۆ قسەکانی دەهێنایەوە. بڵێی بیرتانە بۆچی مۆریس لای وابوو گامێشیش ئاسکەکێوییە؟ (دەتوانیت لاپەڕە ٧ی چیرۆکەکەیان بۆ بخوێنیتەوە) دوای ئەوە دەست بکەن بە دروستکردنی خشتەکە. (بڕوانە خشتەی 3.1)

دەتوانیت دواتر پرسیاریان لێ بکەیت بۆ **مۆریس** پێی وایە ئەو گامێشەش کە ئەم سێ تایبەتمەندییەی هەیە مانای ئەوەیە هەر ئاسکەکێویە. ئەگەر خێرا بەوە وەڵامیاندایەوە کە **مۆریس** لای وایە هەرشتێک چوارقاچ و کلکێک و شاخی هەبوو ئەوە ئاسکەکێوییە، ئەوان لێرەدا دەزانن کە ئاسکەکێویش وەک ئاژەڵێک ئەم سێ تایبەتمەندییەی هەیە. ئەگەر ئەو وەڵامەیان نەدایەوە ئەوا دەتوانیت بپرسیت ئایا ئەم سێ تایبەتمەندییە بەسەر **مۆریس** و هەموو ئاسکەکێویەکانی تریشدا جێبەجێ دەبێت؟ ئەگەر هەستیان کرد دەزانن، دەتوانیت دواتر پرسیار بکەیت، ئەی بۆچی **مۆریس** پێی وابوو گامێش ئاسکەکێوییە.

∞

لێرەدا دوو ڕێگە هەیە بۆ بەردەوام بوون، یەکێکیان ئەوەیە کە منداڵەکان گوتیان **مۆریس** لای وایە هەر شتێک ئەو سێ تایبەتمەندییەی هەبوو ئاسکەکێوییە. ڕێگەیەکی تریش ئەوەیە پشانیان

**خشتەی 13.1 ئایا گامێش ئاسکەکێوییە؟**

| بۆچی مۆریس لای وابوو کە گامێش ئاسکەکیوییە؟ | گامێشکە چی گوت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت گامێشیە | مۆریس چۆن وەڵامی دایەوە |
|---|---|---|
| چوار قاچی هەیە | گوتی من بۆڕەبۆڕ دەکەم. | منیش دەتوانم بۆڕەبۆڕ بکەم. |
| شاخی بەسەرەوەیە | گوتی من شیر دەدەم بە مرۆڤ. | مێیەکەی ئەویش شیر دەدات بە مرۆڤ. |
| کلکی هەیە | من گامێش دایکمە. | دایکی ئەو ناتوانێت مانگا بێت لەبەرئەوەی ئاسکەکێوییە |

بدەیت کە **مۆریس** هەڵەیەکی زۆر باوی لە بەڵگەهێنانەوەدا کردووە کە لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە:

هەموو A = B
هەموو C = B
لەبەرئەوە هەموو C = A

ئەمە پێی دەگوترێت هەڵەی لۆژیکی لە **ئەنجامگیریدا**.

ئەو بەشەی فەلسەفە کە لە یاساکانی بیرکردنەوە دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێت **لۆژیک**. یەکەمجار **ئەرستۆ** پەرەی پێداوە و کەم تا زۆر هەر وەک خۆی ماوەتەوە، تا سەدەی نۆزدەیەم لەلایەن گۆتلۆب **فریگە**وە[30]، کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو، گۆڕانکاری بنچینەیی

30- Gottlob Frege (1848–1925)

بەسەردا هێنرا، کاری لەسەر جیاکردنەوەی پەیوەست و ناڕوونی دەکرد. ئێستاش لۆژیک بووەتە بەشێکی سەرەکی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان.

ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوە تێبگەین کە بۆچوونەکەی **مۆریس** کە مانگا ئاسکەکێوییە لەسەر هەڵەیەکی لۆژیکی بنیات نراوە. هەندێک لە هەڵە لۆژیکییەکان زۆر باون کە دەیانبینین لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا. هەرچەندە لۆژیک دەکرێت تەکنیکێکی زۆر ماتماتیکی بێت، بەڵام بناغەی ئەو بیرۆکەیە چونکە دەبێت و گرنگە ڕێگەیەک هەبێت بۆ بەڵگەهێنانەوەی تەندروست.

بەڵگەهێنانەوەی **مۆریس**یش بەم شێوەیە هەڵەیە:

لەسەرەتادا بە بۆچوونێکی ڕاست دەستی پێ کردووە:

هەموو ئاسکەکێویەکان چوار قاچ، کلک و شاخیان هەیە.

دواتریش تێبینییەکی باشی هەبووە:

ئەم ئاژەڵە چوار قاچ و کلک و شاخی هەیە

بەپێی یەکەم ڕستەی لۆژیکی ئەم گریمانەیەی دواتری داناوە کە ڕاستە:

ئەگەر ئەم ئاژەڵە ئاسکەکێوی بێت، دەبیت چوار قاچ و کلک و شاخی هەبێت.

لێرەدا مۆریس ئەنجامێکی ناتەواوی هەیە:

ئەم ئاژەڵە ئاسکەکێوییە.

وەک ئاماژەم پێ کرد، ئەمە نموونەی هەڵەی لۆژیکییە لە ئەنجامگیریدا. کاتێک کەسێک **قەزیەیەکی مەرجی** دادەنێت بۆ نموونە وەک "ئەگەر ئەم شتە ڕاست بێ، ئەوا ئەوەش ڕاستە"، ئەوە هەڵەیە

چونکە دەبێت بزانیت ئەو شتەی دووەم کە ڕاستە چییە بەگوێرەی شتەکەی یەکەم. ئەمە هەڵەکەی **مۆریس**ە.

∞

هەوڵدان بۆ ئەوەی منداڵان لە هەڵە لۆژیکیەکان تێ بگەن لەوانەیە کارێکی قورس بێت. بەڵام ئەگەر پێت خۆشە زیاتر بۆیان ڕوون بکەیتەوە، دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت کام لەم ڕستانە ڕاستە:

هەموو قۆخەکان میوەن

ئەم سێوەش میوەیە

کەواتە ئەم قۆخە سێوە.

لێرەدا ئەوانیش دەزانن شتێک هەڵەیە و هەوڵ دەدەن ڕوونکردنەوەی بۆ بکەن و بیدۆزنەوە.

ڕێگەیەکی تر بۆ ئەوەی تێبگەن ئەوەیە کە منداڵان بخەیتە بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی ئایا قسەکەی **مۆریس** ڕاستە کە دەڵێت هەر شتێک چوار قاچ و کلک و شاخی هەبێت ئاسکەکێوییە. بۆ ئەمەش دەتوانیت پرسیار بکەیت گامێشەکە چۆن بە **مۆریس**ی گوت ئەو قسانەی هەڵەیە. ئەو سێ سیفەتە چی بوو کە گامێشەکە ئاماژەی پێ کرد کە لە خۆیدا هەیە و **مۆریس** نییەتی. یەکەم ئەوە بوو کە گوتی "بۆڕەبۆڕ" دەکەم، دووەم گوتی شیر بۆ مرۆڤ دابین دەکەم، سێیەمیش گوتی من دایکم هەر گامێشە. گامێشەکە ئەم شتانەی بەلاوە ڕاست بوو بۆ خۆی بەڵام بۆ ئاسکەکێوییەکە نا.

لێرەدا دەتوانیت بڵێیت ئایا گامێشەکە فەیلەسوفێکی باشە یان نا؟ یان دەتوانیت بپرسیت ئایا ئەو کارەی گامێشەکە کردی ئێوەش هەوڵ دەدەن بەو شێوەیە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن. گامێشەکە هەوڵی دا نموونەی پێچەوانە بهێنیتەوە بۆ **مۆریس** کە نیشانی بدات پێناسەی ئاسکەکێوی چییە، هەروەها گوتی کە ئەو هەندێک سیفەتی هەیە کە ئاسکەکێوی نییەتی: بۆڕاندن، دابینکردنی شیر بۆ مرۆڤ، هەروەها ئەوەی کە دایکی گامێشە.

**مۆریس**یش وەڵامی گامێشکەی بە سێ ڕێگەی جیاواز دایەوە. گوتی ئەویش دەتوانێت ببۆڕێنێت، ئەمە بەرپەرچدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو بۆچوونەیە کە شتێک سیفەتە بۆ شتێک و بۆ ئەوانی تر سیفەت نییە. نموونەی دژ دەتوانرێت هەندێک جار ڕەت بکرێتەوە لەبەرئەوەی تۆ دەتوانیت بڵێیت ئەوە نموونەیەکی دژ نییە. ئەوە یەکەم ڕێگەی **مۆریس**ە بۆ ڕەتکرنەوەکە.

دووەم وەستانەوەی بەرانبەر نموونە پێچەوانەکە، ئەوەبوو کە باسم کرد، ڕای خۆی بەرانبەر ئاسکەکێویی گۆڕی، پێش بینینی گامێشەکە لەوانەیە **مۆریس** ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبێ کە ئاسکەکێویش دەتوانێت شیر بە مرۆڤ بدات. بەڵام ئێستا ئاژەڵێکی بینیوە کە بە ئاسکەکێوی دەزانێت و شیریش دەدات بە مرۆڤ، لێرەدا **مۆریس** بە بۆچوونی خۆی تایبەتمەندییەکی تری بۆ ئاسکەکێوی زیاد کرد. لێرەوە **مۆریس** پێویست بوو بڵێت دوو جۆر لە ئاسکەکێوی هەیە: ئەوانەی کە شیر بۆ مرۆڤ دابین دەکەن و ئەوانەی نایکەن. لەجێی ئەوەی **مۆریس** بیروڕاکەی خۆی ڕەت بکاتەوە کە گامێش ئاسکەکێوییە، **مۆریس** بەئاسانی بۆچوونی خۆی گۆڕی بەرانبەر ئەوەی ئاسکەکێوی چییە.

ڕێگەی کۆتایی **مۆریس** بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی گامێشەکە ئەوە بوو، بیروڕای خۆی بەکار هێنا بۆ سووربوون لەسەر ئەنجامێکی هەڵە، کاتێک گوتی گامێشیش ئاسکەکێوییە، زۆر بەئاسانی سووربوو لەسەر ئەوەش کە دایکی ئەو گامێش نییە و ئاسکەکێوییە، لەبەرئەوەی بەچکەکەی ئاسکەکێوییە، نابێت دایکی گامێش بێت. ئەمە بریتییە لە بەکارهێنانی بیرۆکەیەکی پێشوەختەی خۆت بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاستییەک کە کەسێکی تر دەیڵێت. بەداخەوە ئەمە ڕێگایەکی باوی خەڵکییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانی تر و سووربوون لەسەر بیروڕاکانیان. "ئەوە ڕاست نییە" و ڕێگەیەکی باشیش نییە بۆ

پێچەوانەبوون لەگەڵ بیروڕای کەسێکی تر و هەڵەیە ئەم شێوەیە لەگەڵ منداڵاندا بەکار بهێنیت.

لێرەدا باشترە بەشی کۆتایی چیرۆکەکە واز لێ بهێنیت کاتێک **مۆریس** و ئاژەڵەکانی تر دەچن سەیری وێنەی خۆیان لە ئاوەکەدا بکەن. دەتوانیت لە منداڵەکان بپرسیت بۆ **مۆریس** دوای تەماشاکردنی ئاوەکە چیتر ڕای وانەبوو کە گامێشەکە یان ئاسک و ئەسپەکانیش ئاسکەکێوین و ڕاکەی گۆڕی. هەروەها ڕاستەوخۆ گوتی "تۆ......تۆ هەرگیز لە من ناچیت......تۆ ناکرێت ئاسکەکێوی بیت"

لێرەدا مۆریس لەسەر ئەم بنەمایە کاری کردووە:

دوو شت کە لەیەکتر ناچن لە شێوەدا هەرگیز ناکرێت هەمان شت بن.

لەڕاستیدا ئەمە بنەمایەکی میتافیزیکییە نەک ئیبستمۆلۆژی، و پەیوەندی بە سروشتی شتەکانەوە هەیە نەک مەعریفەی ئێمە بەرانبەریان، لێرەدا با چیتر لەسەر ئەمە نەڕۆین و بچینە سەر بابەتێکی تر. لێرەدا هەوڵ بدە منداڵەکان بیر لەم بابەتە بکەنەوە.

دوو پرس هەیە لێرەدا:

١. چی دیاری دەکات کە ئایا دوو شت لەیەک دەچن؟

٢. ئەگەر دوو شت جیاواز دەربکەون، ئایا پێویستە دوو شتی جیاواز بن؟

لێرەدا با بیر لە هەریەکێکیان بکەینەوە.

خاڵی یەکەم ئەوەیە ئایا شیاوە بەتەواوەتی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە دوو شت لەیەک دەچن یان ئایا ئەو بڕیاردانە بەندە بە ناوکۆیی(سیاق) ئەو دوو شتە کە ناڕاستەوخۆ گریمانەکراوە. بۆ ئەوەی خوێندکارەکانت ئەمەیان لەلا روون بێت دەتوانیت سێ وێنەیان نیشان بدەیت -وێنەی پیاوێک و پەیکەری پیاوێک و وێنەی

گامێشـێک- پرسـیار بـکەی کامیـان لەیەک دەچـن. بیـرۆکەکە ئەوەیە هەنـدێک لە منـداڵەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبـن دوو شـتی تێـدایە لەیەک بچێت. ئەگەر وایان وت بلێ بۆچی؟ و ئەگەر هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون لەیەک دەچێت بڵێ من لەگەڵ ئەوەدا نیم. پاشان پرسیاریان لێ بکە چۆن بیر لە ئەو وەڵامەی خۆیان و وەڵامەکەی تۆش دەکەنەوە.

لێرەدا ئامـانجی ئێمە ئەوەیە کە دیـاری بکەیـن ئایـا لێکچوون یـان وەکیەکیی بەندە لەسـەر نـاوکۆیی ئەو گریمانەیەی کە تۆ پێی دیاری دەکەیـت. لێـرەدا ئەگەر مەبەسـتت لە نـاواخنی کارەکـانە، پەیـکەر و وێـنەی پیـاوەکە لەیەکتـر دەچـن لەڕووی بـابەتەکەی ناویـان[کە پیـاوەکەیە]. ئەگەر مەبەستیشـت لە کـارە هونەرییەکـانە ئەوا دوو وێنەکە لەیەکتر دەچن و پەیکەرەکە کارێکی هونەری جیاوازە. لێرەدا مەبەست و ناوکۆیی پرسیارەکە وەڵامەکە دیاری دەکات.

دووەم شـت دەمانەوێـت منـداڵان بیـر لە ڕاسـتییەکەی بکەنەوە، ئەو بنەمایانەیە کە **مۆریس** لە سەرەوە داینا. دەتوانیت داوایان لێ بکەیت کە نموونەی زیاتر بهێننەوە بۆ ئەو بنەمایانە. لەوانەیە ئەوانیش بڵێن قەڵەم و دەفتەر لەیەک ناچن بۆیە دوو شتی جیاوازن. دەتوانیت تۆش سـێوێک و مۆزێک لە جانتاکەت دەربکەیت و بڵێیت ئایا هیـچ شـتێکی لێکچوو دەبینن. ئەوانیش بەدڵنیـاییەوە دەڵێن نـا. بەڵام دەتوانیـت لێیان بپرسیت ئەی لێکنەچوونیان مانـای ئەوەیە کە هەردووکیـان میوە نین. ئەوانیش لێرەدا ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو یاسایە گشتی نییە.

بەڵام لە ناوکۆیی(سـیاق) بـابەتی ئەم کتێـبەدا ئەنجـامگیرییەکەی **مـۆریس** ڕاسـتە کە لە کۆتاییـدا لێکنەچـوونی وێـنەی خـۆی دەکـاتە جیـاوازی خـۆی و ئاژەڵەکـانی تـر. بـۆیە دەبێت پرسـیار لە منـداڵەکان بکەیت لەکوێدا ڕاستە بڵێیت دوو شتی لێکچوو هەمـان شـتن و دەبێت هەوڵ بـدەیت فێـری ئەو ئەنجـامگیرییە بـبن. ئەمەش مەتەڵێکـی تەواو فەلسەفییە کە منداڵەکان دەکرێت چێژ ببینن لە بیکردنەوە لەو بابەتە.

له یەکێک له وەڵامەکاندا زانست پێمان دەڵێت چ کاتێک ئەو لێکچوونه ڕاستە. لێرەدا کاتێک زانست دەڵێت دوو شت لەوەدەچێت جیاوازبن و لەڕاستیدا هەمان شتن، یان دەڵێت دوو شت هەمان شتن و لەڕاستیشدا هەمان شتن. دەتوانیت ئەو نموونەیە بکەیتە پرسیار کە ئایا هەڵم و بەفر لەیەک دەچن یاخود سەهۆڵ و بەفر. ئەوان لێرەدا دەڵێن لەیەک ناچن، بەڵام بەڕاستی لەگەڵ ئەوەشدان هەمان شتن کە ئاوە. کاتێک پرسیار دەکەیت ئەمە چۆنە، ئەوان دەڵێن ئەوە زانست وەها دەڵێت و ڕوونی دەکاتەوە بەوەی کە له هەمان مادده پێک هاتوون.

∞

یەکێک له تایبەتمەندییە ناوازەکانی چیرۆکی **مۆریس**ی ئاسکەکێوی ئەوەیە، **مۆریس**، گامێشەکە، ئاسک و ئەسپەکەش وەها دەردەکەوێت کە له گفتوگۆی فەلسەفیدا بن. هەریەکەیان تێڕوانینێکی دەربارەی بابەتێک هەیە و پێکەوە دێن گفتوگۆی دەکەن و هەوڵی تێگەیاندن و ڕازی کردنی بەرانبەرەکانیان دەکەن و هەڵەی یەکتر دەردەخەن. "تۆ هەلەیت من ڕاستم"، ئەوەی کە پێی دەگوترێت بەڵگە بۆ بیروڕاکانیانی دەهێننەوە. ئەمەش ئەوەبوو کە پێشتر ئێمە هیوامان دەخواست قوتابییەکان بەو شێوەیە بن له پۆلدا. بۆیە گرنگە کۆتایی گفتوگۆکان بەوە بهێنیت کە بە منداڵەکان بڵێیت بڕوانن لەو گفتوگۆ فەلسەفییەی کە ئاژەڵەکان دەیکەن. لێرەدا دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت کوێی گفتوگۆی ئاژەڵەکان لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆیەکی خۆیان بیر دەخاتەوە له یەکێک له وانەکاندا؟ هیوامان وایە ئەوە ڕووی دابێت و دواتریش دەتوانیت بپرسیت چ تایبەتمەندییەک وەهای کردبوو کە گفتوگۆی ئاژەڵەکان فەلسەفی بێت، یاخود گفتوگۆکە لەکوێدا فەلسەفی بوو؟

**چیرۆکی: مۆریسی ئاسکەکێوی**

**نووسینی: بێرنارد ویسمان**

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

**بابەت: باوەڕ و ئەزموون** کاتێک **مۆریس** گامێشەکەی بینی و پێی وابوو کە گامێشەکەش ئاسکەکێوییە. و کاتێکیش گامێشەکە گوتی ئاسکەکێوی نییە، و **مۆریس**یش ڕوونی کردەوە بۆ بڕوای وایە کە ئاسکەکێوییە.

١. بەڵگەکانی **مۆریس** چی بوو، کە دای بە گامێشەکە بۆ ئەوەی قسەکەی بسەلمێنێت؟
٢. بەڵگەکانی **مۆریس** ڕوون بکەرەوە کە بەکاریهێنا بۆ گەیشتن بەوەی کە گامێشەکە ئاسکەکێوییە.
٣. کوێی بەڵگەهێنانەوەکەی **مۆریس** هەڵە بوو؟

**بابەت: مەعریفە و ڕاستی** **مۆریس** باوەڕی وابوو کە دەزانێت گامێشەکە ئاسکەکێوییە.

١. ئایا تۆ لەگەڵ **مۆریس**دا هاوڕایت کە گامێشیش ئاسکەکێوییە؟
٢. ئایا شتێک زیاتر لە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بۆچوونێک ببێت بە مەعریفە؟

**بابەت: جۆرەکانی مەعریفە** بۆئەوەی **مۆریس** بیسەلمێنێت کە پێی وایە گامێش ئاسکەکێوییە. **مۆریس** بەڵگەی هێنایەوە بۆ بیروڕاکەی، لەوانە گوتی: تۆش چوار قاچ و کلک و شاخیشت هەیە.

١. نموونە بە شتێک بهێنەرەوە کە دەیزانیت و بەڵگەشت بۆی هەیە.
٢. نموونە بە شتێک بهێنەرەوە کە دەیزانیت و بەڵگەشت بۆی نییە.
٣. ئەی ئەو شتەی کە بەڵگەت بۆی نییە چۆن دەیزانیت؟
٤. بەپێی ئەوەی کە گوتت لە پێشودا، ئایا بۆ هەموو شتێک کە دەیزانیت بەڵگەت بۆی هەیە؟

**بابەت: ڕازیکردنی بەرانبەر** گامێشەکە ویستی **مۆریس** ڕازی بکات بەوەی کە ئەم ئاسکەکێوی نییە و گامێشە.

١. گامێشەکە چۆن ئەوەی کرد؟
٢. **مۆریس** چۆن وەڵامی دایەوە؟
٣. هەرگیز شتی وا لای تۆ ڕووی داوە؟
٤. بۆچی خەڵکی سوورن لەسەر ئەوەی دەڵێن شتێک دەزانن و بەڵام لەڕاستیدا نایزانن؟

**بابەت: تووڕەیی** کاتێک ئاسکەکە **مۆریس** و گامێشەکەی بینی، ئاسکەکە لای وابوو هەردووکیان ئاسکن. کاتێک **مۆریس**یش قسەی ئاسکەکەی بیست، تووڕە بوو لە ئاسکەکە و بەسەریدا هاواری کرد.

١. ئایا هاوارەکەی مۆریس بەجێ بوو؟
٢. بۆچی هاواری کرد؟
٣. پێتوایە دەبوو **مۆریس** چی بکردایە بۆ ئەوەی قەناعەتی بە ئاسکەکە بهێنایە کە ئەو هەڵەیە و ئەم ئاسک نییە؟

**بابەت: ئەزموونە هەستەکییەکان و بڕواکان** کاتێک ئاژەڵەکان چوون ئاو بخۆنەوە، وێنەی خۆیان لە ئاوەکەدا بینی.

١. بۆچی بینینی وێنەی خۆیان لە ئاوەکەدا بڕوای بە ئاژەڵەکان هێنا کە هەڵەن؟
٢. لەوێدا گوتیان "بینین باوەڕپێهێنەرە" ئەوە مانای چییە؟ تۆ لەگەڵ ئەوەدا هاوڕایت؟
٣. بۆچی **مۆریس** باوەڕی نەکرد کاتێک ئاژەڵەکانی دیکە پێیان گوت هەڵەیت؟
٤. هیچ حاڵەتێکت بیرە کە کەسێک لە هەڵەدا بووبێت و سوور بووبێت لەسەر هەڵەکەی، سەرەڕای ئەوەی بەڵگەشیان بۆ هێنابێتەوە؟
٥. هیچ حاڵەتێکت بیرە کە کەسێک بەڵگەیان پێ دابێت و ڕای خۆی گۆڕیبێت؟
٦. بۆچی زۆر گرانە بۆ **مۆریس** کە دان بەوەدا بنێت کە هەڵەی کردووە؟
٧. لات وایە کە زۆری پێدەچێت کە خەڵکی بڕوا بکەن بەوەی لە هەڵەدا بوون؟ ئەمە بۆ وایە؟

**بابەت: سروشتی فەلسەفە** هەموو ئاژەڵەکان ناکۆکبوون لەسەر ئەوەی کێ چییە.

١. کاتێک ئاژەڵەکان ناکۆکبوون لەگەڵ یەکتر، چییان کرد بۆ ئەوەی بڕوا بە یەکتر بهێنن لەسەر ڕاستیی بۆچوونی هەریەکێکیان؟
٢. هیچ شتێک هەبوو لە گفتوگۆی نێوان ئاژەڵەکان کە بیرت بخاتەوە یان ڕێنمایت بکات کە چۆن گفتوگۆی فەلسەفی ئەنجام بدەیت؟
٣. ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان گفتوگۆی فەلسەفی و ئەو شێوە گفتوگۆیەی کە ئاژەڵەکان کردیان کاتێک ناکۆکبوون لەگەڵ یەکتر؟
٤. ئایا دەکرێت گفتوگۆی فەلسەفی بە بینین ئەنجامی هەبێ؟

## بەشی چواردەهەم

# فێرکردنی فەلسەفەی زمان
# نەفڵی کەروێشک[31]

تاوەکو سەدەی بیستەم، زمان بەشێک نەبوو لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان. ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی فەیلەسوفەکان لایان وابوو بیرکردنەوە لە مێشکدایە و زمان تەنها ئامێرێکە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی لە عەقڵدا دروست بووە. فەیلەسوفەکانی پێشتر دەیان گوت زمان گوێزەرەوەیەکە، وەک شوشەیەک ڕێگە خۆش دەکات بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکان لە عەقڵەوە بەبێ بەشداریکردن.

ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا لە بنەڕەتەوە گۆڕا، ئەوەبوو فەیلەسوفان گەیشتنە ئەو بیرکردنەوەیەی زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێکهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوەماندا و تەنها ناوەندێکی ڕوون نییە بۆ گواستنەوە. لێرەوە فەلسەفەی زمان کەوتە چەقی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، بەهۆی ئەو بۆچوونەی کە پێویستە لە زمان تێبگەین پێش وروژاندنی هەر پرسێکی تری فەلسەفی. لەڕاستیدا فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم پرسی باوی فەیلەسوفە کۆنەکانیان گواستەوە بۆ ناو پرسی زمان. لە جێی ئەوەی بپرسن چی وا دەکات کارێک ڕاست یان هەڵە بێت، جەختیان لەو پرسیارانە کردەوە کە لەبارەی زمانی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقییەوەن، و هەوڵیانادا لەوە تێ بگەن چۆن وشەی ئەرک بەکار هاتووە.

کاتێک پەی بە گرنگییە بنچینەییە فەلسەفییەکەی زمان برا، کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگی دیکە سەریان هەڵدا، بۆ نموونە ئەو

---

KNUFFLE BUNNY -[31]

پرسیارە ئیبستمۆلۆژیەی کە چۆن ئایدیاکانمان دەتوانن وێنەدەرەوەی سروشتی جیهان بن دەگۆڕێت بۆ ئەو پرسیارەی ئەی چۆن زمان دەتوانیت پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ واقیعە نازمانییەکان. یەکێک لە تیۆرییە سەرەکییەکانی فەلسەفەی زمان دامەزرابوو لەسەر جیاوازی نێوان دوو توخمی "مانا"ی وشە: **مەرجەع و مەغزا** [32] (فرێگە ١٩٦٠). لەم ئایدیایەدا وشە دوو چەشن لە واقیعی هەڵگرتووە. لەلایەک وشە، ئەو تەنە و تایبەتمەندییەکانیشی لە جیهاندا هەڵگرتووە بەهۆی ئاماژەکردنی بۆیان. بۆ نموونە لەم تێڕوانینەوە وشەی "کەروێشک" ئاماژە بۆ مەرجەعەکە دەکات کە کەروێشکێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام وشەکە "**مەغزایەک**"ی هەڵگرتووە، کە ئێمە بە شێوەیەکی باو لە ڕێی وشەکەوە ئاماژە بۆ مەغزای وشەکە دەکەین. مەغزای وشەی کەروێشک بریتییە لە هەندێک تایبەتمەندی وەک توکنی و چوارپێیی، چونکە ئەم تایبەتمەندییانەی وشەکە یارمەتیمان دەدات بزانین وشەکە لە جیهاندا چ شتێک لەخۆ دەگرێت.

هەرچەندە ئەم تێگەیشتنە بۆ زمان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ناو فەلسەفەی زمان، بەڵام زۆر پرسیاری لەسەرە. بۆ نموونە ئەم بیروڕایە ئەوە دەخاتەڕوو کە ماناکان دەکرێت هەڵبواسرێن بە وشەیەکی دیاریکراوەوە وەک ئەو پارچە وەرەقەیەی لەسەر جانتاکەت ناو و ناونیشانتی لەسەر نووسراوە کاتێک بە فڕۆکە گەشت دەکەیت. بەڵام ئەو فەیلەسوفانەی بەڵگەیان هەیە کە وشە ناکرێت بەو شێوەیە مانایەکی پێوە بنووسێت. دەڵێن وشەکان مانا هەڵدەگرن بە ئاماژەکردن بۆ کۆمەڵێک چەمکی هاوشێوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. بۆ نموونە  کاتێک دەڵێیت ئەم کتێبە سوورە دەتوانیت بڵێیت سەوزە یان شین نییە و بەو شێوەیە

[32]- مەرجەع (reference) مەغزا (sense)

بەردەوام بیت لە دانانی ڕەنگی تر. لێرەدا ڕەنگەکان مانای خۆیان هەڵدەگرن لە چوارچێوەی سیستەمێکی گشتیدا. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە ڕاست بێت ئەوا ماناکانیش پێکهاتەیەکی سیستەماتیکیان هەیە کە ناکرێت سنووردار بکرێت بەهۆی تیۆریای مەغزا و مەرجەعەوە.

لەلایەکی ترەوە گومانی فەلسەفیی تەواو هەیە بەرانبەر چەمکی مانا بەگشتی. لە یەکێک لە بەناوبانگترین بەڵگەکانیدا **کواین** -کە پێشتریش باسمان کرد لە گفتوگۆی ئیبستمۆلۆژیادا- بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە خودی چەمکی مانا بێمانایە، و باشترە وازی لێ بهێنین بۆ بیرۆکەیەکی زانستیتر کە پاڵپشتی کرابێت بە تیۆریایەکی ڕەفتاری مرۆیی. ئێمە دەتوانین ئەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ بزانین کە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوە بەڵام لە ڕوانگەیەکی گومانگەراییەوە نا، بەڵکو لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی ڕاستییەک نییە دەربارەی ئەوەی مانای وشەکانمان لە ڕاستیدا چییە، هەروەها ئەوانەی کە تیۆریای جیاوازیان گەشەپێداوە لە بەکارهێنانی زماندا بەشێوەیەکی یەکسان بەڵگەیان هەیە.

ئەوەمان بینی کە بۆچوونەکان لەسەر دروستبوونی زمان بەگەرمی گفتوگۆ دەکرێن لەنێوان فەیلسوفەکان. یەکێکی تر لە تیۆریاکان بۆ ئەو پەیوەندییە نواندن یان **ئاماژەکردنە.** کاتێک ئاماژە بۆ شتێک دەکەین لەو کاتەدا وشەیەک دەڵێین -وەک ئەوەی کاتێک دەڵێین "کەروێشک" ئاماژە بۆ ئەو گیاندارە توکنە دەکەین- وشەیەکی پەیوەندیدار دروست دەکەین. بەڵام فەیلەسوفەکانی تر بەڵگەیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە ئەو ئاماژەکردنە پێشگریمانەیەکە کە ئێمە لەوە تێبگەین چۆن شتێک لە کۆمەڵێک شت جیا بکەینەوە نەک ئاماژەکە سەرچاوەی دروستکردنی وشەکە بێت.

بیربکەرەوە لەوەی ئەگەر کەسێک لەبەر دەرگای ژوورێک وەستابێ و تەماشای ژوورەکە بکا و بڵێت "تەماشای ئەوە بکە"

بەبێ ئەوەی حاڵەت و ناوکۆیی بابەتەکە بزانیت، لێرەدا ئەستەمە لە بابەتەکە تێبگەیت. بەڵام کاتێک شوێنەکەیمان زانی -بۆ نموونە ئەگەر ئاماژە بۆ وێنەیەکی دڵخوازی بکات کە لە دەرگەکەوە دیارە- لێرەدا دەزانین ئاماژە بۆ چی دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی شوێن و ناوکۆییەکەی بزانین ئەستەمە لە ئاماژەکەی تێبگەین و بزانین مەبەستی چییە. لێرەدا فەیلەسوفەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بۆ بڕوایان وایە ئاماژەکان پێشگریمانەی بوونی پەیوەندی نێوان وشەکان دەکەن نەک ڕوونکردنەوەی ماناکەی.

پرسێکی سەرنجڕاکێشی تر ئەوەیە چۆن منداڵان فێری زمان دەبن. ئەوە سەرسوڕهێنەرە کە منداڵان توانای فێربوونی زمانیان هەیە لەسەر بنەمای بەڵگەیەکی کەم لە واقیعدا. ڕاستە دایک و باوکان کاتێکی زۆر بە قسەکردن لەگەڵ منداڵە بچوکەکان بەسەر دەبەن، بەڵام لەو کاتەشدا چەند وشەیەکی پچڕپچڕ و ناتەواو دەڵێن کە مانا نابەخشێ وەک "بڕۆ بڕۆ" چۆن منداڵان دەتوانن ئەم زمانە ناتەواوە جیا بکەنەوە و دواتر بەشێوەیەکی خێرا و ئاسان فێری زمانی دایک ببن؟ ئەمەش یەکێکە لە مەتەڵەکانی ژیانی مرۆڤ.

یەکێک لە سادەترین تیۆرییەکان بۆ فێربوونی زمان لەلای منداڵ ئەوەیە کە منداڵان پێویستیان بەوەیە "ناوەکان" بۆ "شتەکانی" ناو جیهانی خۆیان فێر ببن. لێرەدا ئەگەر منداڵەکان وەک گەورەیەکی بچووک تەماشا بکەین -*واتە تێگەیشتنی مرۆڤێکی پێگەیشتوویان هەبێت بەڵام نەزانن کام وشەیە بۆ کام شتە دەبێ*- ئەمە وەک بیرۆکەیەکی شیاو دەردەکەوێت. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، منداڵ لێرەدا بەئاسانی تەنها ئەوە دەدۆزێتەوە چۆن وشەکان و شتەکان پێکەوە ببەستێتەوە.

کاتێک کەسێک بیر لە سروشتی زمان دەکاتەوە، کەموکورتی ئەم ڕوانینە دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی زمان وەک نەخشەیەکی جیهان سەیر دەکات، کە ئەرکی منداڵ لێرەدا ئەوەیە نیشانەی ڕاست بۆ

هەریەک لە شـــتەکان بـــدۆزێتەوە لەســـەر نەخشـــەکە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە فەیلەسوفەکان بەڵگەیان بۆ ڕۆڵی بنەڕەتیتری زمـان هێنـاوەتەوە لە هەمـاهەنگی نێـوان جـوڵە و تێگەیشـتنەکانمان. لەجیاتی ڕوانین لە وشەی (slab) وەک بەکارهێنانە باوەکەی کە بە مانـای خشـتی نـاو دیوارێـک دێـت، ئەم تێـڕوانینە بۆچوونی وایە کە بنەڕەتیتـرین بەکارهێنـانی وشـەکە فرمـانی "!slab"ە بەو مانـایەی کەسێک بمبات خشتێکم پێ هەڵبگرێت بۆ ئەو شـوێنەی کە کۆمەڵە خشـتێکی تـری لێیە. دروشـمی ئەم تێـڕوانینە ئەوەیە "مانـای وشـە بەکارهێنـانەکەیەتی" ئەم تێـڕوانینەش لەلایەن یەکێـک لە فەیلەسـوفە گەورەکـانی سـەدەی بیستەمەوە گەشـەی پـی درا بەنـاوی **لودویگ ڤیتگنشتاین** (١٨٨٩-١٩٥١)[33].

یەکێـک لە پرســە زۆر سەرنجڕاکێشـەکان ئەوەیە کە سیســتەمی هێماکـان چ تایبەتمەنـدییەکی پێویسـتە بـۆ ئەوەی ببێـت بە زمـان. یەکێک لە وەڵامەکـان، پێشـگریمانە کـراوە بە نمـوونەی "خشـت"ەکە، ئەوەیە کە دەبێت زمـان زیاتر لە کەسێک تێی بگات. -وەک ئەوەی زۆرێک لە فەیلەسوفان جەختی لەسەر دەکەن- نابێت زمانی تـایبەت هەبێت، زمانێک کە کەسایەتییە سەرەکییەکەی کە کاری پێ دەکات و کەسێکی تریش کە لێی تێ دەگـات (واتە دوو کەس). لەم تێڕوانینەدا زمان دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بـوونی ئەوانـی تـری پێویسـتە بـۆ ئەوەی گەشە بکات.

یەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی تـر ئەوەیە کە زمـان دەبێـت توانـای چوونە ناو دۆخە تازەکانی هەبێت. فەیلەسـوفەکان ئەم تایبەتمەندییە نــاو دەنــێن **توانــای بەرهەمهێنــان**، ئەوەی کە دەبێــت بتوانێــت لە حاڵەتێکدا بەکار بهێنرێت کە پێشتر تێیدا بەکار نەهێنراوە. بۆ نموونە

---

33- Ludwig Wittgenstein

تـۆ دەتوانیـت لە هەمـوو ڕسـتەکانی ئەم کتێـبە تێبگەیـت لەکاتێکـدا لەوانەیە پێشتر هیچ کام لەو ڕستانەت بەرگوێ نەکەوتبێت.

تەنـانەت لە ئاسـتێکی بنەڕەتیتـردا، زمـان پێویسـتە کە کۆمەڵێـک دەسـتەواژەی هەبێـت بـۆ ئامـاژەکردن بە شـتەکان و کۆمەڵێـک دەستەواژەش بۆ کردارەکان، لێرەدا نموونەکەی ئێمە "slab"ە[34] کە دەکرێت هەر دوو ئەرکەکە ئەنجام بدات.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە کە پێویست نییە دەنگی هەبێت. زمـانی ئیشـارەت زمـانە و لە کۆمەڵێک جوڵە و نیشـانە پێک هـاتووە بەبێ دەنـگ. ئەمەش نمـوونەیەکی باشـە بـۆ گفتوگـۆکردنی لەگەڵ منداڵان.

∞

زۆرێک لە پرسـەکان دەربارەی سروشتی زمان کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە چیرۆکی **نەفلی کەروێشک** ئاماژەی پێ کراوە، **نەفل** ناوی کەروێشکە خۆشەویستەکەی **ترێکسییە**. کاتێک **ترێکسی** لەگەڵ باوکیدا دەچێت بـۆ دوکـانی جلشـتنەکە، کەروێشـکەکەی لـێ بەجـێ دەمێنێ لەپشت ئامێری جلشتنەکەوە. **تریکسی** کە زمـانی نەگرتـووە، هەوڵ دەدات باوکی تێبگەیەنێت کە چی ڕووی داوە، هەرچەن هـاوار دەکـات و هەوڵ دەدات تێی بگەیەنیت کە خەمبـارە و کەرویشـکەکە بەجێ ماوە- بەڵام لێی تێ ناگات. کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوە، دایکی **ترێکسـی** پرسـیار دەکـات کەروێشـکەکە کـوا، ئەو کـاتە بـاوکی تـێ دەگـات کە کەروێشـکەکەیان لـێ بەجـێ مـاوە. کاتێـک پشـیلەکە و **ترێکسـی** بەیەکتـر شـاددەبنەوە، وەک ئەوەی چـاوەڕوان دەکەیـت،

---

[34]- **slab**: لە زمـانی ئینگلیزیدا وەک **نـاو** بە مانـای خشـت یـان شـتایگەر دێت کە قاڵبێک چیمەنتۆیە و بۆ ڕووپۆشکردنی زەوی یان سـەقف بەکاردێت یان پارچەی شـتێک کە پارچەپـارچە بکرێـت وەک (درەخـت، کێـک، نـان، بەرد)، وەک **کـرداریش** بەمانای لابردنی توێکڵی درەخت و پارچەپارچەکردنی دێت بۆ بەکارهێنان.

دواتــر یەکەم وشــە کە بەتەواوی ترێکســی دەیڵێــت "**نەفڵــی کەروێشک**"ە.

جێیەکی باش بۆ ئەوەی گفتوگۆکانی لێوە دەست پێ بکەن ئەو پرسیارە ڕوونەیە، بۆچی **ترێکسی** نەیتوانی باوکی تێبگەیەنێت. بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە ئەوەیە -ناتوانێت قسە بکات- ئەو وەڵامە منداڵان هەموویان لەسەری کۆکن، بەڵام دەتوانیت ئەو هاوڕاییەیان بۆ دەستپێکردنی پرسیارێکی تر بەکار بهێنیت کە **ترێکسی** چی دەزانی و چیشی نەدەزانی. ئاشکرایە کە **ترێکسی** نەیدەتوانی قسە بکات و ڕستەی تەواو بڵێت، بەڵام توانی وڕکەوڕکێک بکات. بەڵام ئایا دەیتوانی بیر بکاتەوە؟ ئەو بەڕوونی هەندێک ئاماژەی بە ونبوونی کەروێشکەکە کرد کاتێک وڕکەوڕکی کرد بۆ داوای یارمەتیی یان کە دواتر هاواری کرد "وااااا". پرسەکە لێرەدا ئەوەیە کەی منداڵان دەتوانن بیر بکەنەوە یان کەی دەتوانن بەئاسانی هەستەکانیان دەرببڕن بە دەنگ کە ئاسانترە بۆ نیشاندانی ئازار، وەک ئەوەی گریان ئاسانترە بۆیان لە قسەکردن.

بۆ دەستکردن بەم گفتوگۆیە، دەتوانیت داوا بکەیت لە منداڵەکان کە بەراوردی وڕکەوڕکەکەی **تریکسی** بکەن لەگەڵ گریانەکەی. لێرەدا بەسوودترە ئەگەر وێنەی گریانەکەی **تریکسی** و وڕکەوڕکەکەی پیشانی منداڵان بدەیت، لەبەرئەوەی دوو تایبەتمەندی گرنگن لە منداڵاندا بۆ ئاماژەدان بە ویستەکانیان. لێرەشدا بۆ تۆمارکردنی بیرۆکەکان خشتەکە بکێشە (بڕوانە خشتەی 14.1).

ڕێگەیەک بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان وروژاندنی پرسی پەیوەندیدارە بە **ئاماژەکردن** کە پێشتر باسمان کرد، ئەوەیە پرسیار لە منداڵەکان بکەیت بۆچی باوکی **تریکسی** تێنەگەیشت لەوەی کچەکەی دەیویست پێی بڵێت کەروێشکەکە لەپشت جلشۆرەکەوە

بەجێ ماوە. دواتر خۆ وادیاربوو کە **تریکسی** دەیەوێت شتێک بڵێت وەک بڵێت "بۆستە" بۆچی باوکی بەوە هەستی بە هەڵەکەی نەکرد؟

∞

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە مندالان بیر بکەنەوە لەوەی زمان چی جیاوازە لە ڕەفتارەکانی تری مرۆڤ. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی تریشەوە لەگەڵ خەڵکانی تردا پەیوەندی ببەستین. کاتێک یەکێک دەگریا مانای ئەوەیە هەستی دڵتەنگی دەردەبڕێت، وەک ئەوە وایە کەسێک بڵێت "من دڵتەنگم" ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە کە مندالان بیر بکەنەوە لەوەی چی وای کردووە زمان گرنگ بێت لە پەیوەندییەکاندا و هەروەها کارەکانی زمان چییە.

## خشتەی 14.1 ئایا ترێکسی بەڕاستی قسەی کرد؟

| | کاتێک وڕکەوڕکی دەکرد؟ | کاتێک دەگریا؟ |
|---|---|---|
| مەبەستەکەی | گەیاندن | پشاندانی دڵتەنگی |
| ناوەڕۆک | وشەی بەکار هێنا | بەهەر جۆرێک |
| جۆری ڕەفتار | ئاماژەی دەکرد و دەستی دەجولاند | جۆرێکی تر لە ئاماژەی بەکار دەهێنا (گریان) |
| چی دەویست | بیربکەرەوە (کەرویشکەکەمان بەجێ هێشتووە) | هەستی خۆی دەدەبڕی (دڵتەنگبوو) |

وەک پرسێکی پەیوەندیدار بەم باسەوە کە سروشتی زمانە، گرنگە باسی پەیوەندی هزر و زمان بکەین. هەندێکیان لەوانەیە ڕایان وابێت کە **ترێکسی** دەیزانی کەرویشکەکە ون بووە، بەڵام لەوانەیە هەندێکیان وایان زانیبێت هەر دەگریا. دواتر باشترە ئەگەر ئەمە ببێتە بابەتی گفتوگۆکان، بۆ ئەوەی لە قوتابییەکان بپرسیت چۆن ئەم تێڕوانینە جیاوازانە دەکرێت بەراورد بکرێن و بزانین کامیان تیۆریایەکی گونجاوترە.

له پرسـی "هەڵبژاردنـی تیۆریـادا" کە بـابەتێکی گـرنگە لای فەیلسەسوفەکان. هەندێک لە فەیلەسوفەکان ڕایان وایە کە هەموو تیۆرییەکان دەکرێت بەراورد بکرێن لەژێر ڕۆشنایی هەندێک بنەمادا، وەک سادەیی و توانای شیکاریی. بەڵام هەندێکیان ئەوە پەسەند دەکەن کە تیۆریا جیاوازەکان دڵنیاکەرەوە نین، و ڕێگەیەک نییە بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردن لەنیوان تیۆریاکاندا، لەبەرئەوەی خاڵێکی یەکلاکەرەوە نییە تا بەو خاڵە بەراوردیان بکەین. لێرەدا هاندانی منداڵەکان بۆ بیرکردنەوە لە هەریەک لە تیۆریاکان، ئەمە بابەتێکی سەرنجڕاکێش دەبێت لەسەر سروشتی زمان.

∞

بابەتێک کە لە گفتوگۆکانی ئێمە زۆر سەرنجی منداڵەکانی ڕاکێشا، قسەکردن بوو لەسەر ئەوەی چی دەبوو ئەگەر زمان نەبووایە. هەموومان ئاشنای چیرۆکی **بورجەکانی بابلین** لە تەوراتدا، کاتێک خودا فەرمان دەکات کە مرۆڤەکان ئەو سنورە تێ نەپەڕێنن کە بۆی داناون بە دروستکردنی زمانی جیاواز، لەبەرئەوە بیناسازەکان ناتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکدا بکەن بەهۆی زمانەوە. لێرەدا دەتوانیت پرسیار لە منداڵەکان بکەیت چی دەبوو ئەگەر نەیانتوانیایە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن؟ چۆن یاریان لەگەڵ یەکتر دەکرد؟ ئایا دەیانتوانی ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە کەسێک بڵێن شتێکی سادە بکات، بۆ نموونە بڵێیت ئەو لاسیکە هەڵگرە؟ ئەمە دەبێتە بابەتێکی خۆش و سەرنجڕاکێش لە لایان و ئاگاداری ئەوە دەدات بە منداڵان کە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زمانی ئێمە چییە.

یەکەم گریمانەی سەرەکی ئەوەیە زمان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، دەتوانیت پرسیار لە منداڵان بکەیت تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمان چییە کە پێویستە هەیبێت (ئەوەی پێشتر باسمان نەکردووە). دەتوانیت بپرسیت ئایا چۆن بیر دەکەنەوە لەوەی کە زمانێک هەبێت یەک کەس لێی تێ بگات و

کەسی تر نەتوانێت لێی تێ بگات.  یان ئایا پێویستە زمان قسەی پێ بکرێت. وەک نموونەی **زمانی ئیشارەت**، بۆچی ئەمە بە زمان دادەنرێت لەکاتێکدا وەها دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک جوڵە بێت لە جەستەی کەسێکدا.

**زمانی ئیشارەت** زمانێکە کە دەنگ بەکار ناهێنێت. بەڵام تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنی زمانی تێدایە. لە چەند یەکەیەکی مانا پێک هاتووە کە وەک وشە وایە و بەڵام ئیشارەتە، وەک ئەوەی دانانی هەردوو دەست لەسەر دڵ ئاماژەی خۆشەویستییە. ئەم ئاماژانەش دەکرێت پێکەوە بلکێنرێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵێک مانا و گەیاندنی بیرۆکە و بەڵگەهێنانەوە، وەک ئەوەی گوتنی "خۆشم دەوێیت" پێیان بە زمانی ئیشارەت، یارمەتی منداڵەکان دەدات کە بیر بکەنەوە زمان چییە و چۆن کار دەکات، پرسە بنەڕەتییەکانی ناو فەلسەفەی زمان چییە.

**چیرۆکی: نەفڵی کەروێشک**
**نووسەر: مۆ ولیامز**

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

**بابەت: سروشتی پەیوەندیکردن**  پێش ئەوەی **ترێکسی** بتوانێت قسە بکات لە پیاسەیەکدا لەگەڵ باوکی چوو بۆ جلشۆرگەکە.

١. پێش ئەوەی **ترێکسی** بتوانێت قسە بکات چۆن پەیوەندی لەگەڵ باوکی دەبەست؟
٢. ئایا جگە لە گریان **ترێکسی** کارێکی تری کرد بۆ ئەوەی باوکی تێبگات کە کەروێشکەکە دیار نەماوە؟
٣. ئایا هەرگیز کێشەت هەبووە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسێکدا؟

أ.چی وای کرد پەیوەندییەکە قورس بێت؟
ب. چۆن کێشەکەت چارەسەر کرد؟
٤. بۆچی ئاماژەکردن یارمەتی باوکی **ترێکسی** نەدا بۆ ئەوەی تێبگات لەوەی چی کچەکەی بێزار کردووە؟

**بابەت: زمان و هەڵسوکەوت** کاتێک **ترێکسی** هەستی کرد بەوەی کە کەروێشکە خۆشەویستەکەی لێ ون بووە، هەوڵی دا بۆ ئەوەی باوکی تێبگەیەنێت بە جوڵەکانی.

١. ئایا شتێک یان جوڵەیەکی باشتر هەیە لە پەیوەندیکردندا جگە لە وشە و دەنگ؟
٢. ئایا جوڵەکانی کەسێک لە کاتی قسەکردندا ئەوە دەگۆڕێت چۆن لە ئەو کەسە تێدەگەیت؟
٣. چۆن دەزانیت کەسێک گاڵتە دەکات لە کاتی قسەکردن یان بەڕاستییەتی؟
٤. ئایا زمان پێویستی بە ڕەفتار هەیە یان هەر بە وشەکانی خۆی؟

**بابەت: مانا** کاتێک **ترێکسی** لەکۆتاییدا قسەی کرد گوتی "**نەنفڵی کەروێشک**" .

١. کۆمەڵێک وشە لە فەرهەنگەکاندا هەیە کە هێشتا نەتبینیون، چۆن دەزانیت مانایان چییە؟
٢. ئایا وشە یان چەمک هەیە کە ئەمڕۆ فێری بووبیت؟ یان ئەمساڵ؟
٣. ئایا تێڕوانینی کەسێکی نابینا بۆ ڕەنگی سوور جیاوازە لە تۆ؟ ئایا ئەو دەزانێت مانای چییە؟

**بابەت: زمان و هزر** هەرچەندە **ترێکسی** نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام توانی بیر لەوە بکاتەوە لەوەی چی بە باوکی بڵێت.

١. زمان چۆن کاریگەری هەیە لە سنووردارکردنی بیرکردنەوەکانمان؟
٢. [ئایا ئەگەر زمانمان بەجۆرێکی دیکە بوایە بیرکردنەوەشمان دەگۆڕا؟]
٣. کاتێک تۆ زیاتر فێر دەبیت، دەتوانیت زیاتر بیر بکەیتەوە؟
٤. ئایا بەبێ وشە دەتوانیت بیر بکەیتەوە؟ یان [ئایا شتێک وشەمان بۆی نەبێت دەتوانین بیری لێ بکەینەوە؟]

**بابەت: سروشتی زمان** پێش ئەوەی **ترێکسی** بتوانێت قسە بکات، هەوڵی دا بە زمانی خۆی باوکی ئاگادار بکاتەوە.

١. چی پێویستە بۆ ئەوەی بە شتێک بڵێین زمان؟
٢. ئایا دەکرێت زمانێک هەبێت یەک کەس لێی تێبگات؟
٣. ئەگەر هاوڕێ نزیکەکەت بە زمانی تۆ قسە نەکات، ئایا دەتوانیت هەر بەردەوامبیت لەگەڵی؟

**بابەت: ئاژەڵ و زمان** **ترێکسی** هەوڵیدا لەگەڵ پشیلەکەش مامەڵە بکات.

١. ئایا ئاژەڵان بیر دەکەنەوە؟ چۆن ئەوە دەڵێیت؟
٢. ئایا ئاژەڵان زمانیان هەیە؟
٣. کاتێک سەگێک بە شتێک دەوەڕێت، ئایا هەوڵی ئەوە دەدات شتێک بڵێت؟
٤. ئایا کە بە سەگەکەت دەڵێیت دانیشە و ئەویش دادەنیشێ، بەهۆی ئەوەوەیە لە تۆ تێدەگات؟

## بەشی پازدەهەم

## گوتنەوەی جوانناسی
## تابلۆکەی ئیمیلی[35]

وێنای ئەوە بکە پێویستە دادوەریی کارە هونەرییەکانی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم بکەیت، و کۆمەڵێک تابلۆ هەیە بە شێوە و قەبارە و هونەری جیاواز. ئایا پێوەرەکانی تۆ چی دەبێت بۆ ئەو کارەی خەڵاتی یەکەم دەباتەوە؟ ئایا ئەو خەڵاتە بۆ وێنەی خانوویەک دەبێت کە بەتەواوەتی لە خانووی ڕاستەقینە بچێت؟ یان چی دەڵێی دەربارەی وێنەیەک کە ڕادەی خۆشەویستی منداڵێک بۆ دایکی نیشان دەدات. ئەی چی دەربارەی ئەو تابلۆ ئەبستراکتە پڕڕەنگەی کە وێنەی چاوی تۆی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کێشاوە.

**تابلۆکەی ئیمیلی** کتێبێکی وێنەیی خەیاڵییە کە نوسراوە لەلایەن پیتەر کاتالانۆتۆ (٢٠٠١). کە کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت. **ئیمیلی** هونەرمەندێکی بەهرەداری گەنجە کە وێنەکانی هەرچەندە واقیعی نین لە دیوە دیارەکەیدا، بەڵام لێهاتوویی تەواوی هەیە و هەستوسۆز و بیرۆکەکانی بەباشی لە وێنەکانیدا نیشانداوە. تابلۆکەی لەسەر دایکی کێشاویەتی کۆمەڵێک وێنەی دایکیەتی بۆ ئەوەی نیشانی بدات دایکی چەند مەشغوڵە لە کاتی ئامادەکردنی نانی بەیانیدا، و تابلۆی سەگەکەشی، **سۆر** گوێیەکی گەورەی هەیە لەبەرئەوەی بەباشی دەبیستێت.

---

35- EMILY'S ART

کاتێک کتێبەکە دەخوێنینەوە لێهاتوویی **ئیمیلی** دەبینین و ئەو شێوە کارە ناواقیعیانە دەنرخێنین کە کێشاویەتی. هەمووان لە قوتابخانەکەدا دەزانن کە **ئیمیلی** نیگارکێشێکی زۆر بەتوانایە، لەبەرئەوەی وەک **کێلی** هاوڕێی زۆر بەتوانایە و هەمیشە قوتابییەکانی تر دێن و داوای ڕێنمایی لێ دەکەن بۆ کێشانی تابلۆکانیان. بەڵام کاتێک پێشبڕکێی قوتابخانەکە دەدۆڕێنێ بەهۆی ئەوەی بە وێنەی سەگەکەی بەشداریی کردووە و دادوەرەکە ڕقی زۆر لە سەگ بووە. لێرەدا پرسیارێک دەجولێ ئەویش ئەوەیە چۆن ئێمە کارە هونەرییەکان هەڵبسەنگێنین وەک خوێنەرێک. منداڵان بەئاسانی بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن "ئەوە دادوەریی نییە" بەڵام لێکۆڵینەوە لەوەی بۆ ئەوە دادوەریی نییە؟ سەردەکێشێ بۆ گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی ئەوەی چۆن چۆنێتی(quality) تابلۆ هونەرییەکان هەڵبسەنگێنین.

جوانناسی[36] لقێکە لە فەلسەفە کە زیاتر پەیوەندیدارە بە هونەرەوە، هەرچەندە مەوداکەی لەوە زیاترە و دەچێتە ناو مەودایەکی فراوانترەوە و ئەو پرسانەش دەگرێتەوە کە دەربارەی نرخاندنی ئێمەیە بۆ شتەکانی تری وەک سروشت. لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوەیە زۆر باشە ئەگەر لەوە تێبگەین کە پرسیارە بنەڕەتییەکان دەربارەی هونەر چییە کە جوانناسی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

پرسێکی گرنگی جوانناسی کە ئەم چیرۆکە دەیوروژێنێت ئەوەیە ئایا پێوەرێکی دەرەکی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری. هەندێک لە فەیلەسوفەکان ڕازی نین بەو بابەتە و لەگەڵیدا نین، هەندێکییشیان لایان وایە چەند پێوەرێک هەیە، بنەمای ئەو تێڕوانینانە جیاوازە بەڵام هەندێکیان پەیوەندی بە تێڕوانینی ئێمەوە هەیە بۆ هونەر. مۆزەخانەکان بوونەتە شوێنی کۆکردنەوەی کارە ناوازەکانی ڕابردوو. بەڵام ئایا ئەگەر ئێمە بە کارێکی هونەری بڵێین ناوازە ئەمە مانای

36- Aesthetics

ئەوە نییە کە پێوەری دەرەکیمان هەیە و بەکارمان هێناوە بۆ سەلماندنی ئەو ناوازەییە؟ وەها دەردەکەوێ کە ئێمە پێویستە چەند بنەمایەکمان هەبێت بۆ دروستکردنی پێوەری هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان نەک بە ئەزموونە خودیەکانی خۆمان هەڵیان بسەنگێنین.
بێگومان فەیلەسوفانێک هەن کە گومان دەخەنە سەر بوونی ئەو پێوەرانە. ئەوەی ئەوان دەیپرسن دەکرێت خۆی ببێتە ئەو بنەمایانە؟ یەکێک لە جیاوازییەکانی بابەتی هونەری لەگەڵ شتەکانی تردا ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکی دیارکراو نییە کە وەها بکات هەمیشە کارێکی هونەری باش بێت. بۆ نموونە بیر بکەرەوە لە **بوونی وردەکاری**، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە زۆرجار دەکرێتە پێوەری باشیی کارێکی هونەری. هەرچەندە ئێمە پەسەندی وردەکارییەکانی **ڕامبراند**[37] دەکەین بۆ ئەو ئاگایی وردەکارییە زۆرەی لە کاری (gold chair)، بەڵام وردەکاری زۆریش لە هەندێک کاری تردا بە fussy دادەنرێت، کە دەستەواژەیەکە بۆ ئاستنزمیی. لێرەدا بەپێی گومانگەراکان پێوەرێکی دەرەکی نییە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری.
بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەڵسەنگاندنی کاری هونەری بێبەهایە؟ بەدڵنیاییەوە ڕەخنەگرێک دەکرێت پێت بڵێت حەزی بەو وێنەیە یان ئەو فیلمە هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە هەڵسەنگاندنە بەگوێرەی خۆی. ئەو ناتوانێت بە تۆ بڵێت ئەوە کارێکی گەورە یان باشە لەبەرئەوەی بەو وشانە وادەردەکەوێ کە پێوەری دەرەکی بەکار بهێنێت بۆ هەڵسەنگاندن.
بەڵام کاردانەوەکە دەکرێت لەوێوە دەست پێ بکات کە لە هەندێک حاڵەتدا لەوانەیە مانای هەبێت، بۆ نموونە کاتێک ئێمە ڕای خۆمان دەربارەی خواردنێک دەردەبڕین. یەکێک لەوانەیە حەزی بە ئاسکریمی قاوە زیاتر بێت لە ئاسکریمی ڤانێلا، لێرەدا تامەکان بەتەواوی خودین

---

[37] - Rembrandt

و ناکرێت هیچ کەسێک بیکاتە بەڵگە. تۆ دەبێت پشکنەری تامی خۆت بیت، کەسیش ناتوانێت قایلت بکات کە هەڵەیت. بەڵام قسەکردن لەسەر هەڵسەنگاندنی کاری هونەری بابەتێکی ترە، لەبەرئەوە ئێمە بڕوامان وایە دەبێت چەند پێوەرێکی بەڵگەهێنانەوە هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنەکانمان لە کارە هونەرییەکاندا.

بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئێمە لامان وایە کە ڕەخنەگرتن مانای هەیە. لەکاتێکدا ئێمە لەوانەیە بە کەسێک پێبکەنین ئەگەر بیەوێت قەناعەتمان پێ بهێنێت کە ئاسکریمی ڤانیلا لە ئاسکریمی قاوە خۆشترە ئەگەر لای ئێمە قاوەکە خۆشتر بێت، بەڵام ڕامان وایە کە مانادار و عەقڵانییە بۆ ڕەخنەگران ڕەخنەبگرن و بەڵگە بهێننەوە بۆ ئەوەی کە تابلۆی Lily ڤان کوخ باشترە لە پۆرترەیتە بەناوبانگەکەی دایکی **ویسلەر**. بەڵام ئەگەر عەقڵانییە ناکۆکبین لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری، لێرەدا وەها دەردەکەوێت کە پێویستە پیوەری دەرەکی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکیانە یەکلا بکرێنەوە.

بۆ ئەمەش گومانگەراکان بەوە وەڵام دەدەنەوە کە ئەوانەی ڕایان وایە کە پێوەرێک هەیە بۆ هەڵسەنگاندن لە گرنگی شارەزایی هونەری تێنەگەیشتوون، ڕەخنەگران، هونەرمەندان، مێژوونووسە هونەرییەکان و ئەوانی وەک ئەوانن. هەموو هەڵسەنگاندنەکانیان بۆ کارە هونەریەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیانە، کاتێک ناکۆکن لەگەڵ یەک هەوڵ نادەن بڕوا بەیەکتر بهێنن هەرچەندە ئامانجیان ئەوەیە کە ڕوانین و ئەزمونەکانی خۆیان بۆ ئەوانی تر بگوازنەوە. بۆیە ئەگەر ڕەخنەگرێک بڵێت کارەکەی **ڤان کوخ** باشترە لە کارەکەی **ویسلەر**، ئەو ئاماژە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی کارەکەی **ڤان کوخ** دەکات بۆ ئەوەی بە ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵیدا بڵێت، "تێبینی ئەو تایبەتمەندیانە بکەن کە لە تابلۆی Lily دا هەیە لەبەر ئەم تایبەتمەندیانەیە بڕوام وایە کە کارێکی گەورەیە"، ئەمەیە وای کردووە ئەزموونی ئەو جوانییە بکات کە ئەو تابلۆیەدا دەیداتێ.

له گفتوگۆکردنی چیرۆکی **تابلۆکەی ئیمیلی** لەگەڵ منداڵاندا، ئامانجی ئێمە ئەوەیە منداڵان بیر لە پرسی هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان بکەنەوە، ئەو مەتەڵە گفتوگۆ بکەن ئایا پێوەرێک هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان. بەڵام ناتوانین ڕاستەوخۆ لەو بابەتەوە دەست پێ بکەین بەڵکو باشترە سەرەتا بەوە دەست پێ بکەین کە داوا لە منداڵەکان بکەین ئەو کارانەی **ئیمیلی** هەڵبسەنگێنن کە لە چیرۆکەکەدا هەیە. بۆ نموونە دەتوانیت لە وێنەی سەگەکەوە دەست پێ بکەیت کە **ئیمیلی** بۆ پێشبڕکێکە داینا، و پرسیار لە منداڵەکان بکەیت چییان بەلاوە جوانە لەم وێنەیەدا. هەروەها دەتوانیت بپرسیت ئایا لایان وایە کە تابلۆیەکی باشە یان نا و بۆچی. دواتر دەتوانیت بچیتە سەر وێنەی پەپولەکەی **کێلی** و هەمان پرسیاریان لێ بکەیت. دواتر باشترە دەست بە کێشانی خشتەکە بکەن. (بڕوانە خشتەی 15.1)

بەراوردکردنی وێنەکانی **ئیمیلی و کێلی** دوو مەبەستی تێدایە. یەکەم، ئەوەیە هەر منداڵێک دەتوانێت بەبێ ئەوەی زانیاری دەربارەی هونەر هەبێت بەشداری بکات لە وەڵامدانەوە. سەرەتا هەڵەیە لات وابێ کە منداڵان سەروکاریان لەگەڵ بینینی هونەردا زۆرە تا چاوەڕوان بیت بەشداری زۆرباش بکەن. بەڵام دەستپێکردن لەگەڵ دوو تابلۆدا یارمەتیدەرە بۆ ڕاهاتنی منداڵەکان لە بابەتێکدا کە خۆشیان وا هەست دەکەن زۆر زانیاریان دەربارەی نییە.

دووەم، ئەم بەراوردکردنە دەبێتە هۆی دانانی هەندێک پێوەر کە دەکرێت ببێتە بنەمای هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان. بۆ نموونە هەندێک لەو شتانەی کە دانرا بە تایبەتمەندی جوان لە کارەکەی ئیمیلی لەلایەن قوتابییانی پۆلی پێنجەم لە قوتابخانەی جاکسۆن "کۆمەڵێک بنەمای باشبوو لەچاو قوتابییەکاندا" پێوەرێک دایان نابوو ئەوەبوو تابلۆکان ڕەنگی جوان و وردەکاری تێدایە. وەک ئەوەی

دەبینین دەرهێنانی ئەم پێوەرانە و دانانی لە خشتەکەدا سوودی دەبێت لە گفتوگۆکانی دواتر.

ئەگەر منداڵەکان گفتوگۆیان لەسەر گوێی سەگەکە نەکردبوو، دەتوانیت بپرسیت بۆ **ئیمیلی** ئەو گوێیە گەورەیەی بۆ سەگەکە داناوە. لە کتێبەکەدا دەڵێت: لەبەرئەوەی زۆر بەباشی دەبیبست. بەڵام گرنگە پرسیارکردن لێیان دەربارەی ئەوەی ئایا حەزیان لە تابلۆی ڕاستەقینەیە یان نا، دەتوانیت لێرەدا وێنەی سەگێکی ڕاستەقینە بهێنیت و وابکەیت کە گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەوەی کامیان جوانترە. (ئەگەر ئەمەت کرد دەتوانیت لە خشتەکەدا بەشێک بۆ ئەمە زیاد بکەیت). ئەمە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی بکەن لەسەر بەهای دوو تابلۆ، تابلۆکەی **ئیمیلی** و سەگە ڕاستەقینەکە.

بۆ ئەوەی بنەمایەک دابڕێژن بۆ گفتوگۆیەکی قوڵتر، دەتوانیت بابەتەکە کەمێک بگۆڕیت -دوای ئەو کارانەی پێشتر کرا- بە پرسیارکردن لە منداڵان کە ئایا حەزیان لە ئاسکرێمی قاوە یان ڤانێلایە. دوای ئەوەی هەموویان وەڵامیان دایەوە، دەتوانیت پرسیاریان لی بکەیت بۆچی ئەوەیان پێ باشترە و ئایا وا هەست دەکەن کە ئەوان ڕاستن لە بۆچوونەکەیان.

## خشتەی 15.1 بەراوردکردنی تابلۆکەی کێلی و ئیمیلی

| | تابلۆکەی ئیمیلی | تابلۆکەی کێلی |
|---|---|---|
| وێنەکە چی بوو؟ | سەگەکەی | پشاندانی دڵتەنگی |
| وێنەیەکی جوان بوو؟ | بەڵێ | ؟؟ |
| چی وێنەکە جوان بوو؟ | پڕڕەنگ، ورد، دەربڕینی هەستی تێدا بوو | لە پەپولە دەچوو |
| چی جوان نەبوو؟ | ؟؟ | ئەسڵنەبوو:لاساییکردنەوە، خەیاڵی نەبوو |

## بزانە منداڵان ڕای جیاوازیان هەیە

ئەمە هانی منداڵان دەدات گفتوگۆ بکەن لەسەر سروشتی تامەکان، لێرەدا لەوانەیە کەسێکیان بڵێت "ڕێککەوتنێک لەسەر تامەکان نییە" وەک ئەوەی کە باوە لەناو خەڵکیشدا. ئەم بابەتی تامکردنە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە پێوەرێکی دەرەکی نییە بۆ ئەوەی بڵێین کامیان باشترە، ئەمەش بابەتێکی دژە بۆ هەڵسەنگاندنی بەهای هونەریی تابلۆیەک، بۆ ئەوەی نەڵێین ئەم کارەمان لا باشترە لەو کارە، بەڵکو وەسفی کارێک بکەین بەبێ بەراوردکردنی  بە کارێکی تر، لێرەوەیە بناغە دادەنێین بۆ گفتوگۆکانی تر.

لێرەدا پرسیارە گەورەکە دەست پێ دەکات: ئایا ڕات وایە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی بڵێت ئاسکریمی قاوە لە ڤانێلا خۆشترە لەگەڵ ئەوەی بڵێیت تابلۆکەی ئیمیلی لە سەگە ڕاستەقینەکە جوانترە (یان خراپتر)؟ لەکاتێکدا بینیمان فەیلەسوفەکان ناکۆکبوون لەبارەی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین منداڵانیش بەو جۆرە دەبن، کاری تۆ ئەوەیە وەک مامۆستا ئاگرەکە خۆش بکەیت بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆ بکەن دەربارەی بابەتەکە، یاخود لانیکەم ڕای منداڵەکان لەسەر تەختەکە بنووسیت.

ئەو قوتابییانەی پۆلی پێنجەم کە من ئاماژەم پێدا گفتوگۆ و ناکۆکییەکی زۆریان هەبوو. یەکێکیان گوتی ئەو لای وایە جیاوازی نییە لەنێوان کاری هونەری و تامکردندا: "کاتێک دەڵێم وێنەکەی **ئیمیلی** جوانە وەک ئاسکریمە قاوەکە وایە و هەمان شتە" بۆ ئەوەی ڕایەکی تر دروست ببێت مامۆستاکە گوتی "کاتێک مامۆستاکە دادوەری کرد چۆن بڕیاری دا؟" بۆ ئەوە قوتابییەکی تر جوابی دایەوە و گوتی نابێت دادوەرەکە بەحەزی خۆی دادوەری بکات بەردەوام بوو لە قسەکەی "بەپێچەوانەوە، خەڵک خۆ خەڵک وێنە بۆ دادوەر ناکێشن. ئەگەر حەزی لە ئاشی با بێت، دەبێ هەمووان وێنەی ئەوە

بکێشن؟ دادوەر پێویستە لەسەر کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی بڕیار بدات وەک وردەکاری و ڕەنگی جوان نابێت حەزی خۆی بەکار بهێنێت"

∞

ئەو کارە قورسەی پێشتریش باسمان کرد لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆکاندا، دڵخۆشبوونە بە ناکۆکییەکان، زۆرێک لە مامۆستایان دەیانەوێت خوێندکاران وەڵامی ڕاستیان بدەنەوە کە ئەمە زەحمەتە بۆ دروستبوونی گفتوگۆ و لەوەوە ناگەین بە ڕاستی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان.

ئەوە گرنگە کە هەوڵ بدەیت گفتوگۆ فەلسەفییەکان بەباشی بەڕێوە بچن. فەیلەسوفەکان زۆر ناکۆکن لەسەر ئەو پرسانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. وەک باسیشمان کرد، زۆرێک لە فەیلەسوفان ڕایان وایە دەبێت پێوەرێکی دەرەکی هەبێت بۆ هەڵسەگاندنی کارە هونەرییەکان، و هەندێکیش ڕەتی دەکەنەوە و بە بێبنەمای دەزانن. لە گوتنەوەی فەلسەفەدا دەبێت ڕابێیت لەسەر ناکۆکییەکان ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێزدارانە و باش ئەنجام بدرێت، ئەوە کارێکی باشە نەک خراپ.

لەلایەکی ترەوە گرنگە لەوە دڵنیا بیت منداڵەکان وەها هەست دەکەن کە فێربوون ئەگەر هەموو کێشەکانیشیان چارەسەر نەکردبێت، بۆ ئەوەش دەتوانیت دوو شت بکەیت.

یەکەمجار باشترە بڵێیت، ئەو ناکۆکییە فەیلەسوفانیش تێیدان، دووەم، دەبێت ئاماژە بەوە بکەیت کە ناکۆکی لەسەر ئەم بابەتە ئاڵۆزانە نیشانەی بەرەوپێشچوونیانە لە گفتوگۆکان. گرنگە ئەوە بزانن تێگەیشتن لە ئاڵۆزی بابەتێک گرنگترە لە دۆزینەوەی وەڵام بۆی. بۆیە بۆیان دیاری بکە گفتوگۆکانیان لەکوێوە بۆ کوێ ڕۆیشتووە کە ئەمەش نیشانەی بەرەوپێشچوونیانە.

∞

ئەم چیرۆکە کێشـەیەکی تـریش دەوروژێنـێ، دەتوانیت ئەگەر دەرفەت هەبـوو و منـداڵەکانیش حەزیـان لە بـابەتەکە هەبـوو گفتوگۆی لەسـەر بکەن. ئەوەی چی وەها دەکات کارێک دادگەرانە بێت. بردنـی خەڵاتـی یەکەم لەلایەن **کێلییەوە** نـادادگەرییەکی ڕوونە. لێرەدا ئاسـانە گفتوگۆ دەربارەی دادگەریی بوروژێنیت بەهۆی ئەم باسەوە -کە یەکێک بـوو لە بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-. تایبەتمەندییەکی تـر لەم چیـرۆکەدا هـاوڕێیەتی نێـوان **کێلـی** و **ئیمیلیـیە** کە هـاوڕێی گیانیبەگیانی یەکترن، دەتوانیت لەمەوە گفتوگۆیەک دەست پێ بکەیت دەربارەی ئەوەی چی وەها دەکات کەسێک نزیکترین هاوڕێی تۆ بێت، یان بۆچی گرنگە هاوڕێمان هەبێت. چەمکی هاوڕێبوون لە فەیلەسوفە ئەخلاقییەکانەوە ڕیشەیەکی وەرگرتووە کە دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرسـتۆ، ئەم باسـە بـابەتێکی تەواو گـرنگە بـۆ گفتوگـۆ. لێـبگەڕێ گفتوگۆکـان بەرەوکـوێ چـوو بچـێ، ئەوە گرنگتـرە لەوەی منـداڵەکان تەواو تێبگەن لە بەهاکانی جوانناسیی.

**ناوی چیرۆک: تابلۆکەی ئیمیلی**

**نووسەر: پیتەر کاتالانۆتۆ**

**پرسیار بۆ گفتوگۆ:**

**بابەت: سروشتی پێشبڕکێ** لە چیرۆکەکەدا لە قوتابخانەکەی **ئیمیلی** پێشـبڕکێیەکی هـونەری هەبـوو، قوتابییەکـانیش گفتوگـۆی پێشـبڕکێ جیاوازەکانیان دەکرد.

١. کێ لە پێشبڕکێ هونەرییەکەدا بوو؟
٢. تۆ لە چ جۆرێکی تر لە پێشبڕکێدا بوویت؟
٣.دەکرێت هەموو ڤیستیڤاڵێک پێشبڕکێ بێت؟

٤. هەرگیز پێشبڕکێی زانستیت بینیوە؟
٥. چۆن بڕیار دەدرێت لەسەر براوەی پێشبڕکێکان، لە پێشبڕکێی زانستی و هونەری؟
٦. ئایا جیاوازی لەنێوان پێشبڕکێی زانستی و ماراسۆندا هەیە، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان براوەیان هەیە؟ ئەگەر هەیە جیاوازییەکان چییە؟
٧. ئایا جیاوازی لە بڕیاردان لەسەر براوەی ئەو دوو پێشبڕکێیە چییە؟ ئەگەر هەیە چییە؟
٨. ئایا بڕیاردان لەسەر جۆرێکی پێشبڕکێ قورسترە لە بڕیاردان لەسەر جۆرێکی تر؟ ئەگەر وایە چۆن؟

**بابەت: هونەر چییە** لە چیرۆکەکەدا کارەکەی **ئیمیلی** نەبووە براوەی پێشبڕکێ هونەرییەکە.

١. چی بەلای تۆوە بە هونەر دادەنرێت؟
٢. چی وەها دەکات کارێک هونەری بێت؟
٣. دەکرێت هونەر دەستکردی مرۆڤ بێت؟
٤. چی وەها دەکات کەسێک هونەرمەند بێت؟
٥. پێویستە کەسێک چی بکات بۆ ئەوەی بە هونەرمەند دابنرێت؟
٦. ئایا دەکرێت کەسێک بە هونەرمەند دابنرێت؟

**بابەت: هەڵسەنگاندنی کاری هونەری** لە یەکێک لە کارەکانی **ئیمیلیدا** چوار وێنەی دایکی هەبوو. گوتی ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە دایکی زۆر سەرقاڵە لە بەیانیاندا.
١. **ئیمیلی** مەبەستی لەمە چی بوو؟
٢. چ تایبەتمەندییەک هەبوو لە وێنەکانی **ئیمیلی**؟

٣. ئایا لەبەرئەوەی وێنەکانی **ئیمیلی** لە ڕاستیی نەدەچوو ئەمە مانای ئەوەیە کە کارەکانی **ئیمیلی** هێندەی کارەکانی تر باش نەبووە؟
٤. کێ بۆی هەیە بڕیار بدات لەسەر ئەوەی کارێکی هونەری باشە یان خراپ؟
٥. چی ڕوودەدات ئەگەر دوو کەس لەسەر باشی کارێکی هونەری ناکۆکبن؟

**بابەت: شارەزایی هونەریی** بۆ ئەوەی براوە دیاری بکرێت لە کێبڕکێیەکی هونەریدا، پێویستە دادوەرێک هەبێت. دادوەرەکەی ئەم چیرۆکە بەڕێوبەری قوتابخانەکە بوو. دادوەرەکە گوتی ئەو شایستەی ئەم دادوەرییەیە لەبەرئەوەی خاڵۆزاکەی هاوسەرگیریی کردووە لەگەڵ هونەرمەندێک.

١. ئەگەر کەسێک بەڕێوبەری قوتابخانە بێت مانای ئەوەیە شایستەی دادوەرییە؟
٢. ئایا پێویستە کەسێک هەبێت تایبەت بێت بە بڕیاردان لەسەر کارە هونەرییەکان؟
٣. دادوەر دەبێت چۆن دیاریی بکرێت؟
٤. دەبێت دادوەر چۆن بڕیار بدات کە کارێکی هونەریی باشە؟
٥. ئایا ئەو وێنەیەی پێشبڕکێکە دەباتەوە دەبێت نزیک بێت لە ڕاستییەوە یان دەبێت بەهایەکی هونەریی بەرزی هەبێت؟

**بابەت: سروشتی هەستەکان ئیمیلی** چوو بۆلای پەرستارەکە کاتێک هەستی بە بێتاقەتیی کرد، پەرستارەکەش پرسی چی ڕووی داوە.

١. ئایا **ئیمیلی** دڵی شکابوو؟ ئەگەر وەها نەبوو **ئیمیلی** مەبەستی لە چی بوو کاتێک گوتی دڵیان شکاندووە؟

٢. ئایا کەسێک دڵی شکاندووی؟
٣. بۆچی **ئیمیلی** دڵی شکابوو؟
٤. جیاوازی دڵشکان چییە لەگەڵ ئازاردانی ئەندامێکی تری جەستە؟
٥. ئایا چۆنێتی چاکبوونەوەی هەریەکێکیان جیاوازە؟

**بابەت: ڕاڤەکردنی هونەر** دادوەرەکە وێنەکەی **ئیمیلی** بەدڵ بوو کاتێک لای وابوو کە کەروێشکە، بەڵام کاتێک گوتی سەگە، ئەویش ڕاکەی خۆی گۆڕی و وێنەیەکی تری کرد بە براوە.

١. بۆچی دادوەرەکە ڕای خۆی گۆڕی و وێنەیەکی تری هەڵبژارد؟
٢. ئایا دەبێت بەم شێوەیە دادوەری کارێک بکرێت؟
٣. ئایا دەکرێت دادوەرەکە بەشێوەیەک لە وێنەکەی **ئیمیلی** ڕوانیبێت و **ئیمیلی**ش شتێکی تری لە دڵدا بووبێت؟
٤. ئایا دەکرێت بزانیت هونەرمەندێک لە کاتی کێشانی وێنەیەک چی لە دڵدایە؟

# IV

# جێبەجێکردنەکان

# بەشی شازدەیەم

## چالاکییەکانی دوای گفتوگۆ فەلسەفییەکان

تــا ئەم خــاڵە، ئامــانجی ئــێمە ئەوەبــوو یارمەتیــت بــدەین لە خۆئامادەکردن بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکان. دەتوانیت لە وانەیەکدا هـانی ئەو گفتوگۆیـانە بـدەیت. تـا ڕادەیەک ئەمە شـیاوە، لەبەرئەوەی مـن و دوو قوتابیم ئەمەمان ئەنجام داوە. ئێمە سەردانی چەند پۆلێکمان کرد کە دەبــوو لە یەک وانەدا تەواو ببــین. بەڵام ئەمە بــۆ تــۆ جیــاوازە لەبەرئەوەی تـۆ گفتوگـۆیەکی فێربـوون-سـەنتەر بەڕێـوە دەبەیـت. لە ئەنجامـدا ئەوە گـرنگە سـەرەداوێک بـدەین بە تـۆ لەسـەر ئەوەی ئەم جـۆرە وانەگـوتنەوەیە چـی پێویسـتە. هەروەهـا لەبەرئەوەی لەوانەیە فەلسـەفە بـابەتێکی نـوێ بێـت بـۆ تـۆ، ویسـتم کـاتێکی زیـاتر لەسـەر ڕوونکردنەوەی ئەوە بڕۆم کە سروشـتی فەلسـەفە چۆنە و چۆن ئەو چیرۆکانە بابەتە فەلسەفییەکان دەوروژێنن.

کارێکی باش نییە ڕێگە بدەیت دوای تەنهـا یەک گفتوگـۆ قوتابییەکـان واز لە بـابەتەکە بهێـنن. دواتـر گفتوگـۆی فەلسـەفی خۆشـییەکی بـاش دەدات بە منداڵان. بۆچی ئەم خۆشییە بەکار نەهێنین بۆ یارمەتیدانیان لە فێربوونی زیاتر و بەشێوەی جیاواز؟ لەڕاستیدا بەشێک لە بەهـای ناســاندنی فەلســەفە بە قوتابخــانە ســەرەتاییەکان ئەو وزەیەیە کە فەلسـەفە دەیدات بە چـالاککردنەوەی بـابەتە جیاوازەکـان لە وانەکـانی تریشدا.

ڕێگەی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەمە ئەنجام بدەیت و دەزانم خۆشـت بیرۆکەت زۆر لایە. بۆیە ڕێگەم بدە چەند ڕێگەیەکی دیـار بـاس بکەم. کاتێک منداڵان گوتیان چۆن بیر دەکەنەوە لە کێشـەیەکی فەلسـەفی و بەڵگەکانیان چییە بۆی، دەتوانیت داوایان لێ بکەیت ڕوونکردنەوەیەکی

بچوک بنووسن لەسەر بیرۆکەکانیان. ئەمە بۆ ئەوەیە قوتابییەکان بیرۆکەکانیان بەڕوونی بخەنە ڕوو دواتریش بەڵگەی لۆژیکیان بۆ بهێننەوە. مەبەستی سەرەکی لەم نووسینە و گفتوگۆ فەلسەفییەکان ئەوەیە کە منداڵان لەم بابەتانەدا شارەزایی پەیدا بکەن.

لەوانەیە هەندێک لە قوتابییەکان توانایەکی باشیان نەبێت لە ئامادەکردنی ئەو کورتەباسە فەلسەفییانە با کورتیش بێت. دەتوانیت هەندێک لەوانە هان بدەیت لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی جیاواز ئەنجام بدەن. دەتوانیت داوایان لێ بکەیت شتێک بکێشن لەسەر ئەوەی فێری بوون لە گفتوگۆکەدا. بۆ نموونە لە چیرۆکەکەی **ئیمیلیدا** دەتوانیت داوایان لێ بکەیت وێنەیەکی ئەو ستایلەی **ئیمیلی** بکێشن. هەتا ئەگەر باسەکە باسێکی ئەبستراکتیش بێت دەتوانیت داوایان لێ بکەیت بە وێنە ڕوونی بکەنەوە، وەک ئەوەی لە پەڕەکانی داهاتووشدا باسمان کردووە لە پێشنیازەکاندا.

دەتوانیت یارییان بۆ ڕێک بخەیت کە پەیوەندی هەبێت بەو باسەی کە گفتوگۆکە دەیوروژێنێت. یان داوایان لێ بکەیت پەیوەندی بەیەکەوە بکەن بەبێ ئەوەی قسە بەکار بهێنن، وەک ئەوەی لە پێشنیازەکانی چیرۆکی **نەفلی کەویشک**دا پێشنیازمان کردووە، بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی زمان.

لە ئەنجامی گفتوگۆکان توانای قسەکردن و هاوکاریی منداڵەکان بەرەوپێش دەچێت، هەروەها دەتوانیت داوا لە منداڵەکان بکەیت ببن بە کۆمەڵەی بچوکتر و گفتوگۆ لەسەر بابەتێک ئەنجام بدەن و هەر گروپێکیان بەرگری لە ڕایەکی جیاواز بکەن لەو پرسانەی کە باس کرا. بۆ نموونە دەتوانیت داوایان لێ بکەیت نووسینی شیعر بە کار دادەنرێت یان نا. کاتێک منداڵەکان گفتوگۆیان ئەنجامدا و گوێیان گرت لە بەڵگەکانی یەکتر، دەتوانن بەئاسانی بەڵگە بۆ ڕاکانی خۆیان بهێننەوە.

نووسینی شیعر دەربارەی پرسێک کە گفتوگۆی دەکەن خاڵێکی ترە کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بە حەزی جیاوازەوە پەرەبسێنن لە وانەکەدا بەو شێوەیەی کە حەزیان لێیە. هەروەها دەتوانیت پێیان بڵێیت بچنە شوێنی درەختەکەی چیرۆکی **درەختە بەخشندەکە** و شیعرێک بنووسن لەسەر ئەو هەستەی درەختەکە هەیبووە لە قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ کوڕەکەدا.

لە خوارەوەش دەتوانیت چەند چالاکییەکی تریش بدۆزیتەوە کە مامۆستایان لە قوتابخانەی **مارتن لوسەر** لەگەڵ خوێندکارەکانیان بەکاریان هێناوە. هەندێک لەمانە تاقی بکەرەوە یاخود خۆت زیرەکبە و چالاکی جیاواز دابهێنە. دەبینیت فەلسەفە چۆن دەبێتە قەدی درەختی فێربوون و چەند لقی جیاواز و جۆراوجۆر لێیەوە گەشە دەکەن.

## چەند چالاکییەک بۆ بەدواداچوونی زیاتر

١. بۆ چیرۆکی"**ئەژدیها و زەبەلاحەکان**" داوا لە خوێندکارەکان بکە وێنەی کەسێکی ئازا بکێشن و بشڵێن بۆ ئازایە.

٢. بۆ چیرۆکی "**فێدریک**" داوا لە خوێندکارەکان بکە جانتای خۆیان بۆ زستان ئامادە بکەن کە ڕێگەیان پێ دراوە تەنها چوار شت لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن کە دوانیان لەوەی مشکەکانی تر بچێت و یەکدوانێکیشیان لەوەی فێدریک بچێت. هەروەها داوا لە خوێندکارەکان بکە کە وێنەی ئەو شتە بکێشن کە زۆر پێویستە بۆ ڕزگاربوون لە زستانێکی درێژ. بیریان بخەرەوە کە زۆر بەئاگا و بیرفراوان بن لە هەڵبژاردنی شتەکاندا لەبەرئەوەی پێویستە ڕوونی بکەنەوە بۆچی هەڵیان بژاردووە.

٣. بۆ چیرۆکی "**کتێبە گرنگەکە**" داوا لە خوێندکارەکان بکە، شتێک لە پۆلەکەدا هەڵبژێرن و لە لیستێکدا تایبەتمەندییەکانی بنووسن و یان

ڕوونـی بـکەنەوە کە یەک " تایبەتمەنـدی زۆر گرنگـی هەیە" یـان نـا. یاخود داوا لە خوێندکارەکان بکە دوودوو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن و تایبەتمەنـــدی هاوڕێکەیـــان لە پەڕەیەکـــدا بنووســـن وەک ئەوەی کتێـبەکە، بـا گرنگتـرین تایبەتمەندیشـی تێـدا بێـت. دەتـوانن وێـنەی هاوڕێکەشیان بکێشن.

٤. بـۆ چیرۆکـی **"درەخـتە بەخشـندەکە"** داوا لە خوێـندکارەکان بـکە وێـنەیەک بکێشـن یـان شـتێک بنووسـن دەربـارەی ئەو کـارەی کە کـوڕەکە دەبـوو بە پیـری لەگەڵ بنکـی درەخـتەکەدا بیکـردایە نەک لەسەری دابنیشێت.

٥. بـۆ چیرۆکـی **مۆریسـی ئاسـکەکێوی** داوا لە خوێـندکارەکان بـکە وێـنەی دوو شـت بکێشـن کە لە ڕووکـاردا جیـاوازن بەڵام لە بنەمـادا یەکێکن.

٦. بۆ چیرۆکی **"نەفلّی کەرویشک"** ڕاهێنانی پێشنیازکراو ئەوەیە کە داوا بکەیت خوێندکاران بیر لەوە بکەنەوە کە هەمیشە وشە باشترە لە ئیشـارەت بـۆ پەیوەنـدیکردن. بـا خوێـندکاران بـازنەیەک لەدەوری تـۆ دروست بکەن. کتێبەکە لەسەر زەوی دابنێ و بە گروپەکان بڵێ کە لە یەک جاردا بۆیـان هەیە پێت بڵێن کە چۆن کتێبەکە لەسـەر زەویەکە هەڵبگریتەوە. منداڵەکان بۆیان هەیە بەس وشە بەکار بهێنن، نە دەست و نە ئامـاژە ڕێگەپێـدراو نیـیە و کەسـێکیش بـۆی هەیە یەک جـار ڕێنماییـت بکـا. وەک مامۆسـتایەک تـۆش هەوڵ بـدە تەواو هەمـوو شـتەکانیان جێبەجـێ بکەیـت، وەک ئەوەی ڕۆبۆتێـک بیـت و پێشـتر هەرگیـز کتێبـت هەڵنەگـرتبێتەوە. ئامـانجەکە ئەوەیە نیشـانی منـداڵانی بدەیت کە ئێمە چۆن پشت دەبەستین بە زمـانی جەسـتە و ئاماژە بۆ پەیوەنـدییەکانمان. دوای ئەوەی منـداڵەکان پـێکەوە کاریـان کـرد بـۆ ئەوەی کتێبەکە هەڵبگریتەوە، داوایان لێ بکە بیر لە بابەتەکە بکەنەوە بەم پرسـیارانە: چـی فێـر بوویـت؟ ئەم چـالاکییە چیمـان پـێ دەڵێـت

دەربـــارەی پەیوەنـــدییەکان؟ ئایـــا ڕای تـــۆ گـــۆڕا بەرانـــبەر گرنگـــی ئاماژەکردن؟

٧. بۆ چیرۆکی "**تابلۆکەی ئیمیلی**" داوا لە خوێندکارەکان بکە تابلۆیەک بکێشن کە دەربڕی هەستوسۆزەکانیان بێت دەربارەی شتێک.

# بەشی حەڤدەهەم

## ئەنجام

ڕۆژێک کوڕە سێ ساڵ و نیوەکەم **جەیک** کاتێک لە تەماشاکردنی ڤیدیۆیەک تەواو بوو. منیش وتم بۆ ئێستا ئەوەندە بەسە و جارێکی تر تەماشای دانەیەکی تر بکە. ئەویش دەیویست تەماشای بکات و پرسی بۆ؟ منیش گوتم دووان زۆرە، ئەویش بیری لەوە کردەوە و سەری سوڕما دوای کەمێک، تەماشای دەستی کرد و دوو پەنجەی بەرز کردەوە و گوتی باوکە "ئەم دوو پەنجەیە زۆرە" منیش گوتم "نا" دواتر گوتی "دوو ڤیدیۆش زۆر نییە" و دووبارەی کردەوە. منیش سەرم سوڕما لەوەی منداڵێک بتوانێت بەڵگە بهێنێتەوە بۆ لێکچوونی شتێک بە شتیکی تر. هەرچەندە ڕاستیش نەبوو، بەڵام ڕێگەم پێدا کە تەماشای ڤیدیۆیەکی تر بکات.

ئەم چیرۆکەم بە دوو مەبەست باس کرد. یەکەم، ئێستاش پشتگیری ئەوە دەکەم کە منداڵان فەیلەسوفێکی خۆڕسکن، حەزیان لە لێکۆڵینەوەی عەقڵانی و وەرگرتنی ئەو هێزە هەیە بۆ بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیانیاندا. پێشم وایە دەتوانن ئەوە بکەن ئەگەر ڕێگەیان بۆ خۆش بکەین کە بیرکەرەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بن وەک ئەوەی دەیانەوێت: ئەوان دەتوانن ئەو لێهاتووییانە بەکاربهێنن کە ئێمە دەیچێنین تێیاندا، بە ڕێگەیەک کە ئێمە وەک گەورەیەک لەوانەیە نەتوانین وەک ئەوان بەباشی بەکاری بهێنین. ئەگەر بەڕاستی ئازادی بدەین بە منداڵەکانمان بەو شێوەیەی دەیانەوێ و شایستەیە. لەناویشیدا ئازادی بەدواداچوونی حەزە فەلسەفییەکانیان، هەروەها پەرەپێدانی توانای بەڵگەهێنانەوە تێیاندا، پاشان پێویستە بڕوامان بەوە هەبێ ئەوانەی وەها پەروەردە دەکرێن، زۆر باوەڕیان بەخۆیان هەیە

و له بیرکردنەوەدا سەربەخۆن، و کەمتر هەڵدەخەڵەتێنرێن لەچاو ئەو منداڵانەی کە لەلایەن دایک و باوکیان و مامۆستاکانیان بەشێوەیەکی نەریتی پەروەردە دەکرێن.

هەرچەندە لەوانەیە ئەمە بە ترسناک تەماشا بکرێت لەلایەن هەندێک کەسەوە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئەو منداڵانەی کە کارامەیی فەلسەفییان هەیە و بەشدارن لە پڕۆگرامەکەی ئێمەدا لەوانەیە بیانەوێت هۆکاریان بدەینێ کە بۆچی دەمانەوێت جیاوازبن لە منداڵەکانی تر، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بۆ مانای ئەوە بگەڕێین، دەتوانین دڵخۆشبین، بەوەی کە بتوانین پەرە بەو نادڵنیاییە بدەین کە تێیاندایە. یەکێک لە ئامانجەکانی ترمان لە ناساندنی فەلسەفە بە منداڵان ویستی پەرەپێدانی ئەو توانای پرسیارکردنەیە کە تێیاندایە و هەروەها هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە بیرکردنەوەی سەربەخۆی خۆیان هەبێت. هەوڵەکانمان ئەنجامی دەبێت، کاتێک دەبینین ڕووبەڕووی منداڵانێک دەبینەوە کە بەئاسانی هەڵناخەڵەتێنرێن و بەئاسانی قایل ناکرێن بەوەی هەر کارێک پێیان گوترا بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامی بدەن، هەروەها فێری ئەوە دەبن کاتێک کارێکیان پێ دەگوترێت، پرسیار بکەن بۆچی ئەو کارە بکەن.

دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەمە ئەنجامی باشی دەبێت. ئەگەر ئەو بیرۆکەیەمان هەبێت کە وڵاتێکمان هەبێت لەو گەورانەی کە بە منداڵی لە فەلسەفەدا کارامە بوون، چی جیاوازییەک ڕوو دەدات! وێنای ئەوە بکە چی ڕوو دەدات ئەگەر هەموو گەورەکانمان پێشینەیەکی باشیی فەلسەفییان هەبێت کە لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەستی پێ کردبێت! "هەروەها سیاسییەکانیش" بەهەمان شێوە کۆمەڵێک هاونیشتیمانی کە چیتر بڕوا بەو پاساو و پڕوپاگەندانە ناکەن کاتێک داوایان لێ دەکرێت ڕازیبن بە شتێک. دەبینیت فەزای کارکردنمان دەگۆڕێت و کرێکارێکمان دەبێت کە گفتوگۆ دەکات لەگەڵ چاودێرەکەیدا لەسەر شێواز و پێکهاتەی کارەکەیان.

پڕوپاگەندەکەرانێکمان دەبێت کە دەبێت چاوەڕێی ڕەخنە و داواکاری زۆری کۆمەڵگەبن. زەحمەتە بتوانین وەسفی هەموو شتەکان بکەین بەڵام زۆرزۆرە ئەو سوودانەی کە پەروەردەیەکی فەلسەفی هەیەتی!

بۆیە کاتێک بڕیار دەدەیت کە ئەو هەنگاوە جیاوازە بنێیت ئەوە بزانە کە تـۆ بەڕاسـتی بەشـێکیت لەو بـزوتنەوە کـۆمەڵایەتییەی کە کـاریگەرییەکی زۆر باشـی دەبێـت لەسـەر ژیـانی مرۆڤـایەتیی لەم هەسارەیەدا. هەوڵدانی هەریەکێکمان بۆ ئەوەی منداڵانێکی کارامە لە فەلسـەفەدا دروست ببن، ئەوە بەرەو ئامانجێکی فراوان کار دەکەین کە تەنها ئەوە نییە مرۆڤەکان بە حەزی سروشتی خۆیان بگەن بەڵکو بەرەو پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و جیهانێکی باشتر دەچین.

∞

هیوامان وایە ئەم کتێبە یەکەم هەنگاو بێت بۆ گوتنەوەی فەلسەفە بە منـداڵان. مـن هەوڵـم داوە هەنگاوبەهەنگـاو ڕێنوێنیـت بـکەم بـۆ دەسـتپێکردنی گفتوگـۆی فەلسـەفیی لەگەڵ منداڵانـدا. زۆرێـک لەو کارانەی کە ئاماژەم پێ کردووە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی فەلسـەفی لەگەڵ منداڵانـدا کـارێکی قـورس نیـیە بـۆ جێبەجێکـردن. بـۆ ئەو مەبەسـتەش ئامـاژەم بە ڕێگەیەکـی سـتاندارد و کۆمەڵێـک هەنگـاو کردووە.

کاتێک تۆ دڵخۆشبوویت بە ئەنجامدانی گفتوگۆی فەلسـەفیی لەگەڵ منداڵان و ئەوانیش هەستیان پێ کرد. ئەو خوازە(metaphore)ەی ڤیتگنشـتاین بەکـار بهێـنە کە دەڵێـت "پەیـژەکە فـڕێ بـدە". لێـرەدا یارمەتیدەری منداڵان دەبیت لە گفتوگۆکردنی ئەوەی چی وەها دەکات کارێک ڕاست بێت و یاخود چۆن دەزانن کە ئێستا لە خەودا نین، تۆ دەگەیـتە ئەوەی کە دەتوانیـت گفتوگـۆی فەلسـەفییان لەگەڵـدا بکەیـت تەنها لەسەر ئەم کتێبە، بەبێ ئەوەی هەموو ئەوانە ئەنجام بدەیت کە پێشـنیازمان کـردووە. بەهـۆی ئەوەی کە منـداڵان فەیلەسـوفێکی

خۆڕسکن، ئێمەش ئەو توانایەمان تێدایە ببینە هاندەرێکی باش بۆ گفتوگۆی فەلسەفیی.

دەتوانیت سوود وەربگریت لە کۆمەڵێک سەرچاوەی تر کە لە پاشکۆکەدا هێناومانە بۆ ئەوەی تۆش پەرە بە تواناکانت بدەیت وەک یارمەتیدەرێکی گفتوگۆکان. هیوام وایە سوودیان هەبێت بۆت.

∞

ئەوەت بیرە کە بە بۆچوونێک دەستمان پێ کرد وەها دەردەکەوت سەیر بێت: ئەوەی منداڵان فەیلەسوفێکی خۆڕسکن. لێرەوە هیوام وایە گەیشتبیتە ئەوەی ئەوە بە زیادەڕەوی نەزانیت. ئەگەر هەوڵ بدەیت ئەوانەی من ئامادەم کردووە بەکاری بهێنیت بۆ هاندانی گفتوگۆ فەلسەفییەکان. دڵنیام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەبیت. پێشبینی ئەوە دەکەم کە منداڵان ئاسانتر قایلت دەکەن بە توانا فەلسەفییەکانیان وەک لەو بەڵگانەی من ڕیزم کردووە. ببینەو و بڕوا بکە بە ڕووداني ئەوەی گوتمان، دەبینیت هیچ شتێک سەرسوڕهێنەرتر نییە لەوەی کاتێک دەبینیت منداڵان بۆچوونی فەلسەفی ورد دەخەنە ڕوو. وەک ئەوەی لە سەرەتادا گوتم، ئەوە ئەزموونی منە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە قایلیان کردم بەوەی شایستەن هەلی ئەوەیان بدەینێ کە گفتوگۆی فەلسەفی بکەن لە پۆلدا.

ئەگەر ئەم کتێبە بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی فەلسەفە ببەیتەوە ناو قوتابخانە سەرەتاییەکان، کارێکی باش دەکەیت بۆ کۆمەڵگە و هەروەها ئەزمونێکی زۆر بەچێژ تاقی دەکەیتەوە کە من پێیدا تێپەڕ بووم لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە دەتوانن خۆشییەکی زۆرت پێ ببەخشن کاتێک بۆ یەکەمجار ئاشنایان دەکەیت بە فەلسەفە، ئەو پاشماوەیەی کە سەرچاوەی گرتووە لەو پرسانەی دەڵێن: دەبێت مرۆڤایەتیی لەسەر ئەم زەوییە نامۆ، گاڵتەجاڕ و بێئومێدکەرە چۆن بێت.

# پاشکۆ
## پێشنیازەکان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر

ئەم پاشکۆیە[38] چەند پێشنیازێکی جیاوازی تێدایە بۆ بەردەوامیدان بە لێکۆڵینەوەکانت، تا لەگەڵ منداڵاندا بابەتی زیاتر گفتوگۆ بکەیت. چەند کتێب و وتاری زانستی و پێگەیەکی تێدایە کە من سوودم لێ وەرگرتوون لە کارەکەمدا لەگەڵ منداڵان.

هەروەها بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی تریش کە دەیانەوێت گفتوگۆی فەلسەفە لەگەڵ منداڵاندا بکەن، من پێگەیەکم دروست کردووە www.teachingchildrenphilosophy.org کە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمیان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بابەت لەبارەی کۆمەڵێک کتێبی منداڵان، کتێبەکان لەو کتێبانە دەچێت کە ئێمە بەکارمان هێناوە لە بەشەکانی پێشوودا و هەروەها زانیاری لەسەر ئەوەی هەریەک لە کتێبەکان چ بابەتێکی فەلسەفی تێدایە. بابەتەکە کورتەیەکە لەبارەی کتێبە منداڵانەکان و کورتەیەکیشی لەسەر ئەو باسە فەلسەفییە تێدایە کە کتێبەکە وروژاندوویەتی لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار کە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ فەلسەفییەکان دانراوە.

زۆربەی ئەو بابەتانە لەلایەن قوتابییانی قۆناغی زانکۆمەوە نوسراون کە کۆرسی فەلسەفە بۆ منداڵانم پێ گوتوون. هەموو ساڵێک داوام لێ کردوون کە کتێبێک هەڵبژێرن کە لایان وایە بابەتی فەلسەفی تێدا وروژێنراوە و بابەتێکی لەسەر بنووسن و لەسەر پێگەکە دای بنێن. هەموو ساڵێکیش لیستی کتێبەکان لە زیادبووندایە.

---

[38]– بەهۆی ئەوەی سەرچاوەکانی ناو پاشکۆکە بە زمانی ئینگلیزی هەن و وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی ئێمەش لێرەدا وەک خۆی ناوە ئینگلیزیەکان دادەنێینەوە.

سایتەکەمان بەشێوەیەک دارشتووە کە ئاسان بێت بۆ خوێنەر و هەروەها بەشێوەی ئەلفبێیی کتێبەکانمان ڕیز کردووە و بەگوێرەی بابەتە فەلسەفییەکانیش جیامان کردوونەتەوە (بۆ نموونە ئەخلاق و مێتافیزیک) هەروەها بەپێی چەند بابەتێکی جیاوازیش وەک (ئازایەتی و ئیسێنشیالیزم[39]). هیوام وایە بتوانیت سوود لەم پێگەیە وەربگریت و ماددەکانی بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی باسی زیاتر لەوەی ناو کتێبەکە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ خوێندکارەکاندا.

دەتوانیت کۆمەڵێک کتێبی تر بدۆزیتەوە کە منداڵانی دوای قۆناغی سەرەتایی دەتوانن خۆیان بیخوێننەوە و دەتوانیت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت لەسەری. من دەمتوانی وانەکان دابڕێژم بەو کتێبانەی چیرۆکی کورتن و وێنەیان نییە وەک *The Real Thief* (Steig 2007). بەڵام ئەمە جێگیرکردنی وانەی فەلسەفە و پێدانی کاتێکی زیاتری بە وانەکە دەویست و کتێبەکەش کاتی زیاتری بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن دەویست. بەڵام دوبارە دەیڵێمەوە بەو شێوەیەش ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بوون.

جگە لە کتێبەکان پێگەکە هەموو ئەو بابەتانەی تری تێدایە کە من بۆ وانەکانم بەکارم دەهێنا. لەوێدا دامناون بۆ ئەوەی هەرکەسێک بیەوێت بەکاریان بهێنێت لە گوتنەوەی ئەو وانەیەدا. من کاتێک دەستم بەمە کرد هیچ بابەتێکی هاوشێوە نەبوو بۆ ئەوەی بەکاری بهێنم و سوودی لێ وەربگرم هیوام وایە ئەوەی دامناوە لەوێدا ئاسانکاری بکات بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو بابەتە بڵێنەوە. لێرەدا ماوەتەوە ئەوە بڵێم ئەوە ببە کە پێت خۆشە و ئەوە واز لێ بهێنە کە ناتەوێت.

---

[39]- تێڕوانینێکە دەربارەی ئەوەی هەموو شتێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێویستە بۆ ئەوەی ناسنامە و ئیشەکەی دیاری بکرێت.

ئەمە لیستی کۆمەڵێک کتێب و وتاری زانستییە دەربارەی فەلسەفە بۆ منداڵان کە من سوودم لێ وەرگرتوون و منیش پێشنیازیان دەکەم بۆت.

- *Teaching Thinking*, by Robert Fisher (2008), has both theoretical brief for introducing philosophy into elementary schools and a lot of practical advice.
- David Kennedy's *The Well of Being: Childhood, Subjectivity, and Education* (2006) is a theoretical brief for doing philosophy with children.
- Matthew Lipman has written many books both for and about doing philosophy with children. His most comprehensive statement is *Thinking in Education* (2003).
- Gareth Matthews has written three books about philosophy for children. All of them are useful. *Philosophy and the Young Child* (1980) explores the ability of young children to discuss philosophical ideas. *Dialogues with Children* (1984) is a record of a number of conversations that Matthews had with children at St. Mary's Music School in Edinburgh, Scotland. It vividly demonstrates children's ability to discuss philosophy. *The Philosophy of Childhood* (1994) is a more theoretical work that examines many of our unfounded assumptions about children.

- My students love Thomas Cathcart and Daniel Klein (2007), *Plato and a Platypus Walk into a Bar . . . : Understanding Philosophy through Jokes.* You should realize that although this book presents different philosophical positions on a range of issues in a witty

and entertaining manner, it does not explain the nature of philosophical reasoning.

- A longer but more satisfying introduction to philosophy is *Looking at Philosophy: The Unbearable Heaviness of Philosophy Made Light* by Donald Palmer (1994).
- A very good, short introductory text is Thomas Nagel's *What Does It All Mean?* (1987).
- The online Stanford Encyclopedia of Philosophy (plato.stanford.edu) has in-depth articles on most philosophical topics. It is a refereed online resource, so it is trustworthy. However, the articles are often quite difficult because they are addressed to professional philosophers.
- There is a radio show run by two professional philosophers from Stanford called *Philosophy Talk*. They interview guests on a wide range of philosophical issues. Their website allows you to listen to any of their previous programs: www.philosophytalk.org. My students have found this a good way to begin their introduction to various areas of philosophy.
- A novel that is also a very popular introduction to the history of philosophy is Jostein Gaarder's *Sophie's World* (1991).

- The Institute for the Advancement of Philosophy for Childre (IAPC): cehs.montclair.edu/academic/iapc/
This is the place where it all began. Founded in 1974 by Matthew Lipman, the IAPC focuses on teacher trainings as well as coordinating philosophy for children worldwide.

- The International Council for Philosophical Inquiry with Children (ICPIC): www.icpic.org ICPIC aims to strengthen communications among those in different parts of the world who are engaged in philosophical inquiry with children. The website includes links to many other sites.
- Northwest Center for Philosophy for Children: philosophyfor children.org There are a variety of resources on this site that are useful in developing philosophy lessons. The center also offers a variety of different activities for those interested in teaching philosophy to young people.
- UK Society for the Advancement of Philosophical Enquiry and Reflection in Education: sapere.org.uk
This site has a guide to philosophy for children's activities in the United Kingdom.
- Philosophy for Children—New Zealand: p4c.org.nz/ This website has a guide for introducing philosophy into the curriculum with focus on New Zealand and includes a listing of events and trainings.
- Philosophy for Kids: University of Massachusetts: www.philosophy forkids.com This website is focused on allowing children to do philosophy by finishing or beginning stories that are philosophically interesting.
- Wondering Aloud: philosophyforchildren.blogspot.com/ This is a blog focusing on philosophy for children developed by Janet Mohr Lone, director of the Northwest Center for Philosophy for Children.
- Kids Philosophy Slam: www.philosophyslam.org This site presents contests on specific areas that children can enter to test their philosophical skills.

- VisioNaivity (Denmark): home12.inet.tele.dk/fil This website is a hub of Philosophy for Children resources, including information on different philosophers and philosophical stories.
- Philosopher's Island: Middleton Cheney Primary School: www.portables2.ngfl.gov.uk/pmpercival/philosophy This site allows you to enter a narrative in which you have to develop your own philosophical responses to the situation depicted.
- Philosophy & The Enquiring Child: www.creative-corner.co.uk/ schools/tuckswood/Philosophy/index.html This site is one school's attempt to provide a broad array of philosophical activities available for young children.
- PhilosophybyTopic: users.ox.ac.uk/~worc0337/phil_topics .html#children This Web page contains a list of resources grouped by region; it is part of a larger site.

# سەرچاوەکان


- Aristotle. 1999. *The Nichomachean Ethics*. Trans. Terence Irwin. 2nd ed. Indianapolis, IN: Hackett Publishers.
- Barclay, William, ed. 2002. *Letters to the Corinthians*. 3rd ed. Louisville, KY: Westminster John Knox Press.
- Baum, L. Frank. 2000. *The Wonderful Wizard of Oz*. New York: HarperCollins.
- Brown, Margaret Wise. 1990. *The Important Book*. New York: HarperCollins.
- Catalanotto, Peter. 2001. *Emily's Art*. New York: Atheneum Books.
- Cathcart, Thomas, and Daniel Klein. 2007. *Plato and a Platypus Walk into a Bar . . . : Understanding Philosophy through Jokes*. New York: Harry N. Abrams.
- Cowhey, Mary. 2006. *Black Ants and Buddhists: Thinking Critically and Teaching Differently in the Primary Grades*. Portland, ME: Stenhouse Publishers.
- Descartes, René. 1993. *Meditations on First Philosophy*. Trans. Donald A. Cress. 3rd ed. Indianapolis, IN: Hackett Publishers.
- Fisher, Robert. 2008. *Teaching Thinking*. 3rd ed. New York: Continuum.
- Frege, Gottlob. 1960. *Translations from the Philosophical Writings of Gottlob*
- *Frege*. Trans. Peter Geach and Max Black. Oxford: Blackwell.
- Freire, Paulo. 1970. *Pedagogy of the Oppressed*. Trans. Myra Bergman Ramos. New York: Herder and Herder.
- Gaarder, Jostein. 1991. *Sophie's World*. New York: Berkley Books.
- Kennedy, David. 1996. "Forming Philosophical Communities of Inquiry in Early Childhood Classrooms." *Early Childhood Development and Care* 120: 1–15.
- ———. 2006. *The Well of Being: Childhood, Subjectivity, and Education*. Albany, NY: SUNY Press.
- Kidder, Tracy. 1989. *Among Schoolchildren*. New York: Harper.

- Linkletter, Art. 1957. *Kids Say the Darndest Things!* Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
- Lionni, Leo. 1967. *federick*. New York: Pantheon.
- Lipman, Matthew. 2003. *Thinking in Education*. 2nd ed. New York: Cambridge University Press.
- Lobel, Arnold. 1999. *Frog and Toad Together*. New York: HarperCollins.
- Matthews, Gareth B. 1980. *Philosophy and the Young Child*. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- ———. 1984. *Dialogues with Children*. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- ———. 1994. *The Philosophy of Childhood*. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Nagel, Thomas. 1987. *What Does It All Mean?* Oxford: Oxford University Press.
- Palmer, Donald. 1994. *Looking at Philosophy: The Unbearable Heaviness of Philosophy Made Light*. Mountain View, CA: Mayfield.
- Plato. 1961. *The Collected Dialogues of Plato*. Ed. Edith Hamilton and Huntington Cairns. Princeton, NJ: Princeton University Press.
- Quine, Willard Van Orman. 1960. *Word and Object*. Cambridge, MA: MIT Press.
- ———. 1961. *From a Logical Point of View*. 2nd ed. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Steig, William. 1973. *The Real Thief*. New York: Square Fish. Rawls, John. 1971. *A Theory of Justice*. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Silverstein, Shel. 1964. *The Giving Tree*. New York: HarperCollins.
- Willems, Mo. 2004. *Knuffle Bunny: A Cautionary Tale*. New York: Hyperion Books.
- Wiseman, Bernard. 1989. مۆریسی ئاسکەکێوی. New York: Harper and Row.
- Wittgenstein, Ludwig. 1953. *The Philosophical Investigations*. Trans. G. E. M Anscombe. New York: MacMillan. (Orig. pub. 1950.)

**چاپکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند**

1. ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ/ د.محەمەد کەمال
2. قەدی بامبۆ/ سعود ئەلسنعوسی/ و:ڕەنجدەر جەبار
3. بەبێ خوێن/ ئەلێساندرۆ باریکۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
4. فینۆمینۆلۆژی/ د.محەمەد کەمال
5. وردوخاشی پەرتەوازە/ موحسین ئەلڕەملی/ و:ڕەنجدەر جەبار
6. مۆدێرنەکان/ ڕامین جەهانبەگلو/ و: ئازاد بەرزنجی
7. سۆناتای خاچ/ لیۆ تۆڵستۆی/ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
8. بارگۆڕینی فەلسەفە/ د. حەمید عەزیز
9. بلیتێک بۆ جەهەنەم/ ئارام کاکەی فەلاح
10. فەلسەفەی ئیمانۆئیل کانت/ شتفان کۆرنێر/ و: سەعید کاکی
11. سەرمایەداریی و داهاتووی ئەدەب و هونەر/ ئالان وودس/ و: پێشڕەو محەمەد
12. بووکەڵەی ئەوروپی/ئەلبا دیسس پیدس/ و: جەبار سابیر
13. شەپۆلی نوێی دژەکۆمۆنیزم/ ئێنزۆ تراڤێرسۆ/ و: پێشڕەو محەمەد
14. یادەوەرییەکانم لە بەندینخانەی ئافرەتان/ د.نەوال سەعداوی/ و: جیڤارا کەمال
15. پۆلیتیکۆس/ ئەفلاتون/ و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
16. شۆڕش؛ ڕاکێشانی برێکی قیتارەکەیە/ میشێل لوویی/ و:پێشڕەو محەمەد
17. بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنای هاوسەری دۆستۆیڤسکی / و:حەمە کەریم عارف
18. مێژووی زمان/ توورە یانسۆن/ و: نوری کەریم
19. دنیای چیرۆک/ کۆمەڵێک نووسەر/ و:حەمە کەریم عارف
20. فەلسەفە و فەیسبووک، یان فەلسەفەی فەیسبووک/ نەوزاد جەمال
21. شاری فازیلە/ فارابی/ و: مەریوان عەبدول

22. پوختەی لۆژیک/ عەبدولهادی لفەزلی/ و:مەریوان عەبدول
23. کتێبی فەسلۆول مەقال/ ئیبن ڕوشد/ و: مەریوان عەبدول
24. کەوتنی ئیمام/ د.نەوال سەعداوی/ و: جیڤارا کەمال
25. تۆفانێک لەبەهەشتەوە هەڵدەکات، لێکۆڵینەوە لە هزری بنیامین/ پێشڕەو محەمەد
26. ڕێگەی هەڵە/ گرازیا دێلددا/ و: جەبار سابیر
27. دەسەڵاتو تاک/ برتراند ڕەسل/ و: ئەژین عبدالخالق
28. چین، زلهێزی نوێی جیهان/ ئا.و :ئەردەڵان عەبدوڵلا
29. سوڵتاننشین/ لیۆ تۆلستۆی/ و: حەمە کەریم عارف
30. خوانێک بۆ گژوگیای دەریا/ حەیدەر حەیدەر/ و: غەفوور ساڵح عەبدوڵلا
31. کچانی چیرۆکخوان/ مەها حەسەن/و: سەباح ئیسماعیل
32. چەپ و مۆدێرنە/ کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕ
33. شەوی قەدر/ تاهیر بن جەلون/و: غەفوور ساڵح عەبدوڵلا
34. ساردیی و دڵڕەقی/ ژیل دۆلوز/ و: فازڵ مەحمود وەلی
35.خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی/ ئیدیتۆر: زانیار محەمەد
36.مێژووی خۆبەرهەمهێنانەوە/ ئومێد حەمەعەلی
37. دەروونناسیی گروپ و شیکارکردنی ئیگۆ/ سیگمۆند فرۆید/ و: خدر ڕەسووڵ
38. بەرەو مانیفێستێکی نوێ/ ماکس هۆرکایمەر و تیۆدۆر ئەدۆرنۆ/ و: زەردەشت نوورەدین
39. خورمای سەر پەنجەکان/ موحسین ئەلڕەملی/ و: ڕەنجدەر جەبار
40. سوکورو تازاکی/ هارووکی موراکامی/ و: هەڵۆ فەریق
41. ئایدیای گەورە بۆ منداڵان/تۆماس وارتنبێرگ/ و: کۆسار عەبدوڵلا
42. جوانیی و ناشیرینی/ میشیل پۆچ، بریجیت لبە/ و: موسعەب ئەدهەم